

**د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا:**

## مستەفا زەڵمی بە نوێنەریی مستەفا بارزانی، ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم ئاگادار دەکاتەوە کە کورد بێباوەڕ و هەڵگەڕاوە لە ئایین نین و نەکەوێتە داوی ڕژێم و فەتوا نەدات


# گوڵان

سـالّی سییـەم (١٣٦٦)- (٢٩)ی ئایاری ٢٠٢٣


**د.جەعفەر ئیمینکی:**

# لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبووینەوە و هەموویان ستایشی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی دەکەن

**دەکرێت ڕێککەوتنێکی دیکەی درێژخایەن و بەرنامەیەکی نیشتمانیمان بۆ سەقامگیریی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەبێت**

**کە دانیشتنی پەرلەمان ڕاگەیەندرا، کۆتایی پێهێنان بە دانیشتنەکە لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆک، جێگر، سکرتێر) نامێنێت**






# ڕێککەوتنی مێژوویی واشینگتۆن
# دەستپێیکی قۆناغێکی تازە

٦٧

ڕۆژی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٨، لە بارەگای وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا ڕێککەوتنە مێژووییەکەی واشینگتۆن بە ئامادەبوونی دەیڤید ویلش لەلایەن یەکێتییەوە مام جەلال و لەلایەن پارتییەوە مەسعود بارزنی ئیمزای کرد.

دواتر بە بۆنەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەوە بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی، ڕێوەڕەسمێکی گەورە ساز کرا لە ڕێوەڕەسمەکەدا چەندین وتار پێشکەش کران. ڕۆژێکی گرنگ و مێژوویی بوو، یەکەم جار بوو لەسەر ئاستێکی بەرزی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی گەلی کورد بکرێت.

ڕێککەوتنی واشینگتۆن بوو بە بنەمایەکی گرنگ و کۆنکرێتی و بووە هۆی پاراستن و بەردەوامیی پابەندبوون بە ئاگربەس و ڕێنیشاندەری چارەسەرکردن و کردنەوەی هەموو ئەو کێشە و گرێکوێرانەی لە ئەنجامی شەڕی خۆکوژیدا هاتبوونە ئاراوە و بەجێ مابوون، چونکە هەموو بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنامەکە لە بەشی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە، بۆیە لێرەدا ناچمە ناو وردەکارییەکان، بەڵام دەڵێم بەڕاستی ڕێککەوتنێکی مێژوویی بوو.



(بنەما و ڕێکارە لەشکرییەکانی پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی (فریاد بارزانی)یە کە لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم کتێبە بە یەکێك لە هەوڵە هێژاکان دادەنرێت، بۆیە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان کە کاری سەرەکی کۆکردنەوە و نووسینەوە و بەدیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی کورد و کوردستانە، هەر زوو خۆی کرد بە خاوەنی ئەم کتێبە، بەو مەبەستەی بتوانێت کەلێنێك لەو بوارە پڕ بکاتەوە.

ئەم کتێبە لە دوو بەشی سەرەکی و پاشکۆ و ئەلبووم و چەند نەخشەیەك پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا، خوێنەر بە ڕووداوەکانی ساڵانی ۱۹٤٥-۱۹٥۸ ئاشنا دەکات، لە بەشی دووەمدا کە بابەتی سەرەکی و بنەڕەتیی ئەم کتێبەیە، جگە لەوەی نووسەر بە ڕێڕۆیشتنە مێژووییە پڕ لە سەختییەکەی مەلا مستەفا بارزانی و یاوەرانی بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ئاشنامان دەکات، هاوکات بەراوردێك لەنێوان ئەو داستانە و داستانە بە ناوبانگەکانی جیهان بە پێوەری بنەما و ڕێکارە لەشکرییە جیهانییەکان دەکات. ئەم کتێبە ناساندنی ئەو بنەما و ڕێکارە لەشکرییانەیە کە مەلا مستەفا بارزانی لە ڕێپێوانی مێژوویی ئاراسدا بەکاریهێناون، پەڕینەوە لە چۆمی (ئاراس) بۆ داگیرکەران و جیهان سەرسووڕهێنەر بوو، بۆیە لە ئاستی باڵادا پسپۆڕانی سەربازی لیژنەیان لەسەر پێکهێناوە و پوختەی پێداچوونەوەکەیان لە زانکۆ ئاست بەرزەکانی جەنگدا، وەك وانە بۆ فەرماندە و مامۆستایانی باڵای سوپا گوتراونەتەوە، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستا توێژینەوەی زانستی بۆ ئەم ڕێپێوانە ئەنجام نەدراوە. دەستخۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە (فریاد بارزانی) و دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە خەمخۆرانە توانیویانە ئەم شاکارە دانسقەیە بە خوێنەران بناسێنن و لایەنێکی مێژووی پڕ سەروەریی سەرکردەی مەزنی گەلەکەمان بارزانیی نەمر لەم کتێبەدا تۆمار بکەن.. هەر سەرکەوتوو بن.



## سەرۆک بارزانی:

# ناوچەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی گوڵانیشدا خاڵی دەستپێکی شۆڕش و قوربانیدانی گەلی کوردستان بووە

بە بۆنەی چل و حەفتەمینساڵیادی دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و هەموو ئەو قارەمان و پێشمەرگە و تێکۆشەرانە دەکەم کە ڕۆڵیان لە شۆڕشی گوڵاندا هەبووە. پێزانینم بۆ فیداکاری و خۆڕاگریی گەلی کوردستان هەیە کە لە قۆناغێکی هەستیاردا پاڵپشتی شۆڕشی گوڵان و پێشمەرگە بوون.

کردنەوەی ئەو یادە لێرەدا مانای تایبەتی خۆی هەیە، ناوچەی باڵەکایەتی ناوچەیەکی خودان شەهیدە کە لەپێناو شۆڕشدا قوربانییەکی زۆری داوە، هەمیشە لەژێر گوشاری شەڕ و بۆردومانی دوژمن بووە و بە هەزاران پێشمەرگە و ئاوارەی حەواندۆتەوە و قەڵا و سەنگەری سەرکردایەتیی شۆڕش بووە. هەروەها ناوچەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی گوڵانیشدا خاڵی دەستپێکی شۆڕش و قوربانیدانی گەلی کوردستان بووە. یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵانیش، شەهید سەید عەبدوڵڵا بوو کە ڕۆڵەی ئەو ناوچە سەربەرزەی کوردستانە. ئێمە بە هەموو شێوەیەك قەرزاری خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی باڵەکایەتین.















## قەشە ماسیس شاهینیان :




**سەرۆک مسعود بارزانی کاریزما و ڕەمزی پێکەوەژیانە و درێژەپێدەری هزر و قوتابخانەی مەلا مستەفا بارزانییە**

## دکتۆر هۆشەنگ ساڵح نەجار :




**ئیرادە و بەهێزیی هەر گەلێک لە سەرکردە کاریزمایەکەی دایە، بۆ کورد ئەو کاریزمایە سەرۆک بارزانی یە**

## پ. د.کامەران ساڵحی



**هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و ئازادیدا**

## دکتۆر سامان سۆرانی



**فەلسەفەی خوێندن و بونیادنانی کوردستانێکی مۆدێرن**

## ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر :



**لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە گۆڕینی بەشی دووەمی بۆڕیی ئیفراز سێ دەکرێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

د. سەعد فەیلی :



**بارزانی داكۆكیكاری سەرسەختی كەیسی كوردی فەیلییە بۆ گەڕانەوەی مافەكانمان لە عێراقدا**

بێخاڵ عەبدوڵڵا :


**دوای ماوەیەكی كەم لە ژیانی هاوسەریم، ئاڵتوونەكانم فرۆشت و مەكینەیەكی دروومانم پێی كڕی و دەستم بە كار كرد**





دلبەر جزیری :

**ئەركی من لە هونەردا سەخت بوو كەس پاڵپشتم نەبووە**



**زیرەكیی دەستكرد گەیشتە پێڵاویش**



ڕۆندک عەلی :

**جیاوازی لە ناو یانەكان زۆرە و گرنگی بە یاریزانی كچ نادەن**





**چۆنیەتی دابەزاندنی تا؟**



خانمە ئەكتیڤیستی سۆشیال میدیا نیشا خان:

**ئافرەت دەبێ خۆی هەوڵ بۆ ئازادی بدات**



# هەمواركردنەوەی بڕگەی ١٣ و ١٤ لەناو پڕۆژە یاسای بودجە پێشێلكردنی دەستوور و ڕێككەوتنی نێوان هەردوو حكومەتی هەرێم و فیدراڵە

پێكهێنانی حكومەتی محەمەد شیاع سوودانی بەرهەمی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، كە تیایدا (هەموو لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی، پارتی دیموكراتی كوردستان، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، هاوپەیمانیی سیادە، هاوپەیمانیی عەزم، بابیلۆن)ی لە خۆگرتووە و ڕێككەوتنیكیان واژۆ كردووە بۆ نووسینەوەی پەیڕەوی وەزاری (المنهاج الوزاري)، ئەم پەیڕەوە وەك بەرنامەی حكومەت پێشكەشی پەرلەمان كراوە و لەناو پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە، ئەمەش واتە ئەو مەنهەجە وەزارییە بۆ چوارچێوەیەك بۆ بەرنامەی حكومەت و چارەسەركردنی كێشەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ حكومەتی فیدراڵیدا و، لە بەشێكی دیكەی ئەم مەنهەجە وەزارییەدا ئاماژە بەو كێشانەش كراوە كە پێویستیان بەوەیە لەلایەن پەرلەمانەوە یاسای بۆ دابنرێت، وەك كێشەی نەوت و گازی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی كە لە مەنهەجە وەزارییەكەدا هاتووە: «دەبێت پەرلەمان یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربكات بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا چارەسەر بكرێت، بۆ ئەمەش هەتا پەرلەمان ئەو یاسایە پەسەند دەكات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەنهەجە وەزارییەدا بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ٤ی نیسانی ٢٠٢٣ هاتە بەغدا و لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی ڕێككەوتنێكی زۆر گرنگیان واژۆ كرد، ئەم ڕێككەوتنە كە دەرنجام ڕێككەوتننامەی نێوان هەردوو حكومەتی هەرێم و فیدراڵی لێ كەوتەوە، بە ئاراستەی بەرژەوەندیی هەردوولا و لەسەر بنەمای دەستوور و دابینكردنی شایستەی هەرێم لە پڕۆژە یاسای بودجەدا، ئەم ڕێككەوتنە زۆر گرنگە بۆ پەسەندكردنی بودجە و دەبێت ڕێز لە ماف و شایستە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان بگیریت و، دەبێت هیچ گۆڕانكارییەك لە دەرەوەی بڕگەكانی ڕێككەوتنەكە و لە یەك تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان هەردوولا لە پڕۆژەكە نەكرێت.

هەر بۆیە ئەو هەوڵەی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٣ لەلایەن چەند ئەندامی لیژنەی دارایی (كە لە ناویاندا دوو ئەندامی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی لە گەڵدا بووە) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق درا، كە هەوڵی هەمواركردنەوەی ماددەكانی ١٣ و ١٤یان داوە، پێشنیارەكانیان دژی بنەماكانی دەستوور و ئەو مەنهەجە وەزارییە بوو كە حكومەتی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی لەسەر دامەزراوە، هەروەها پێشنیارەكانیان دژی ماف و شایستەكانی هەرێمی كوردستانە كە ڕۆژی ٤ی٤ی ٢٠٢٣ لە نێوان سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان و سەرۆك وەزیرانی حكومەتی



**د.ڤیان سەبری**

بۆ گوڵانی نووسیوە

فیدراڵی واژۆی لەسەر کراوە، هەر بۆیە کاتێك ئەم پێشنیارانە هێنرانە ناو دانوستاندنەکانی کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی پەرلەمان و خرانە دەنگدانەوە، ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەکەمان بەجێهێشت و ڕازی نەبووین غەدر لە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێت، یان دەستتێوەردان لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بێتە ئەنجامدان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەر دوو ماددەی ١٣ و ١٤ی پڕۆژە یاسای بودجەی هەر سێ ساڵی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) کراون، پێشێلکردنی بنەماکانی دەستوور و پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئەو مەنهەجە وەزارییەیە کە پەرلەمان دەنگی لەسەر داوە و هەروەها پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتنەشە کە ڕۆژی ٤ی٤ی٢٠٢٣ لە نێوان بەڕێزان مسرور بارزانی و محەمەد شیاع سوودانی واژۆی لەسەر کراوە.

لێرەدا جێگەی ئاماژەپێکردنە کە لە ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ماددەیەکی زۆر ڕاشکاوی تێدایە کە ماددەی ٢٠ـە و تیایدا هەر دوو سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی تەخویل دەکرێن، ڕێککەوتن لەسەر بودجە و پرسی نەوت و گاز بکەن، تا یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، بۆیە دەبێت لە بەرانبەردا حکومەتی فیدراڵیش ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق دابین بکات.

هەر بۆیە ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو جۆرێك ئەم هەموارکردنە ڕەت دەکەینەوە و قبووڵ ناکەین کە ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پشتگوێ بخرێن، یان کەم بکرێنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیدا ئومێد دەخوازین شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ئەوەی هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە هەر هەوڵێك بە ئاراستەی پێشێلکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەستوور جێگیری کردوون و، لە ناو ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی و پڕۆژە یاسای بودجەدا ڕەنگیان داوەتەوە.



د.جەعفەر ئیمینکی
بەرپرسی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆبووینەوە و هەموویان ستایشی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی دەکەن

**ڕۆژی ١١ی ئاداری ٢٠٢٣ یادگەی نیشتمانی بارزان کرایەوە، لەم بۆنە گرنگەدا سەرۆك بارزانی پەیامێکی مێژوویی پێشکەش کرد و، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و تەبایی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، دوای کرد: «لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە و لایەنە سیاسییەکان کێشە و گرفتەکانیان وەلا بنێن و کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و کێشەکان چارەسەر بکەن»، هەروەها داوای کرد پێش هەموو لایەك هەر دوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆببنەوە، لە دوای ئەم پەیامە مێژووییە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کرد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان و هەروەها هۆکاری ئەو گرژییەی کە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پەرلەمان ڕووی دا، ئەم دیدارەمان لەگەڵ د.جەعفەر ئیمینکی ئەندامی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای پەیامەکەی سەرۆك بارزانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و هەروەها کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەوە، دوو جاریش لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەتەوە، جارێك لە سلێمانی و جارێك لە پیرمام، ئایا پێشوازیی لایەنە سیاسییەکان لە پەیامەکەی سەرۆك بارزانی چۆن بوو؟**

- ئێمە ڕۆژی دووشەمە ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٣ کۆتاییمان بە سەردانەکانمان بۆ لای هەموو لایەنە سیاسییەکان هێنا، لە کۆبوونەوەکانیشمان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و تەواوی لایەنەکانی دیکەش، پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لەو دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی کرد، هەتا لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ برادەرانی یەکێتی بەڕێز کاك عیماد ئەحمەد دەیگوت، پێش ئەم دەستپێشخەرییە دەمانگوت بۆچی کاك مسعود بارزانی دەستپێشخەرییەك ناکات و ئەو بارودۆخە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی چارەسەر بکات؟ بۆیە جەختی دەکردەوە، ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی لە کاتێکی زۆر باش و لە بۆنەیەکی زۆر گرنگدا بوو، کە بۆنەی کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزانی بوو، هەر بۆیە هەموو لایەنەکان زۆر بە گەرمی سوپاس و ستایشی ئەم دەستپێشخەرییەیان کرد، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ڕاستە بەتایبەتی داوای لە پارتی و یەکێتی کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانیش کرد.

هەر سەبارەت بەم دەستپێشخەرییە لە یەکەمین کۆبوونەوەمان دوای دەستپێشخەرییەکە لە سلێمانی لەگەڵ برادەرانی یەکێتی گوتمان پێش چەند مانگێك ئێمە هەر لێرە کۆبووینەوە، هەموومان بە نیگەرانی و بێ متمانەییەوە تەماشای یەکتریمان دەکرد و هەر لایەکمان قسەمان بۆ خۆمان دەکرد و، تەفاهوم لە نێوانماندا نەبوو، دواتر برادەرێکی یەکێتی گوتی: «ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی باری ئێوەی وەك پارتی قورس کردووە، لە وەڵامدا گوتمان وەڵا باری ئێوەشی (یەکێتی) قورس کردووە.

بە هەمان تێڕوانین لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش قسەمان کردووە و هەموو لایەك ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی بە دەرفەتێك دەزانن، بۆیە دەبێت هەموومان بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانە و دیموکراتیخوازانە وەری بگرین و کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی هەموومان

**سەرۆک بارزانی لە ژیانی خۆیدا تەنیا پرسی مەبدەئی لا گرنگ بووە و، ئەو پرسانەی لا گرنگ نەبووە لە کوێ دەنگێک، یان کورسییەک بۆ پارتی زیاد دەبێت**

**برادەرێکی یەکێتی گوتی: ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆک بارزانی باری ئێوەی وەک پارتی قورس کردووە. لە وەڵامدا گوتمان وەڵا باری ئێوەشی (یەکێتی) قورس کردووە**

بەرەو ئامانجی هاوبەش بچین.

*** ئایا ئەو پرسانەی لە میانەی کۆبوونەوەکانتان لەگەڵ لایەنەکان باستان لەسەر دەکرد، پەیوەست بوون بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم؟ ئایا هیچ لایەنێك لەسەر ئەم دوو پرسە ڕەخنە، یان بۆچوونی جیاوازی هەبوو؟**

- ئێمە لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کە لەگەڵ پارتی سێ لایەنە سەرەکییەکەی پێکهێنەری کابینەی نۆیەمن، هەروەها لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکە کە قسەمان کردووە، هەموویان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا کۆدەنگ بوون و پشتگیرییان کردووە، هەروەها هیچ لایەك نەیگوتووە پەلە لە کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم نەکرێت، ئەم دوو بابەتە سەرەکی بوون کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان باسمان کردوون، هەتا لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسی کۆتاکان ڕاوبۆچوونیان بەو جۆرە بوو کە کۆتاکان یەك بازنە بێت بۆ کاندیدکردن و دەنگدانی پێکهاتەکان، بە یەك میکانیزم دەنگ بدەن، با برا کریستیانەکان دەنگ بە کاندیدی خۆیان بدەن، مەسەلەی دەنگدانی برا تورکمانەکان ڕەنگە ئاستەنگی تێ بکەوێت، بەڵام ئەویش دەکرێت بە ڕێگەی دانانی سندوقی تایبەت چارەسەر بکرێت.

*** ئێوە ڕۆژی ٢٠ی ئایار ٢٠٢٣ لە هاوینە هەواری پیرمام کۆبوونەوەتان هەبوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لەو کۆبوونەوەیە باسی پرسی کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنتان کرد، بۆچی لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەسەر پرسی زیادکردنی بڕگەیەك (کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) گرژی کەوتە نێو گوتاری پارتی و یەکێتی و دوێنێش (٢١ی ئاداری ٢٠٢٣) بینیمان چ گرژییەکی نەخوازراو لەناو پەرلەمان ڕووی دا. هۆکاری دروستبوونی ئەو گرژییەی ناو پەرلەمان چی بوو؟ بۆچی بارودۆخەکە بەوە گەیشت؟**

- بە ڕاستی ئەوەی ڕۆژی (٢١ی ئاداری ٢٠٢٣) لە ناو پەرلەمانی کوردستان ڕووی دا، کارێکی نەخوازراو بوو بۆ ئێمە وەك پارتی و بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش، پێشتر ئێمە دوای دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی کە سەردانی سلێمانیمان کرد و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبووینەوە، ئەوان زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردین و لێکتێگەیشتن و متمانەیەکی باشیش لە نێوانمادا هەبوو، تەنانەت لەکاتی کۆبوونەوەکەدا کاك باڤڵ تاڵەبانی بۆ بەخێرهێنانمان هاتە کۆبوونەوەکە و پێی گوتین: «کێشەکان بە ئاسان وەربگرن و چارەسەریان بکەن، ئەگەر بۆتان چارەسەر نەکرا، تەلەفۆنێکم بۆ بکەن، من دێم بۆتان چارەسەر دەکەم، بەڵام لای برادەرانی پارتی دادەنیشم، نەك یەکێتی».

لێرەوە ئەگەر باس لەو کێشانە بکەین کە لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبوون، کە شاندی بۆ پێکهێنرا بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات، سێ کێشە بوو:

١. کێشەکانی پەیوەست بە ئاسایش، ئەوە لێژنەیەك هەبوو کاریان لەسەر دەکرد، ئەویان گەیشتینە چارەسەر.

٢. کێشەیەکی پەیوەست بە داهات بوو، ئەوەش لە ڕێگەی بەڕێزان كاك مسرور بارزانی و کاك قوباد تاڵەبانییەوە، هاوکات لەگەڵ ئەو گرژییەی لە پەرلەمان دروست بوو لە (٢١ی ئایار) چارەسەر کرا.

٣. کێشەی سێیەمیان پرسی هەڵبژاردن بوو، ئێمە وەك شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی چووبووین ئەو پرسەش چارەسەر بکەین.

لە ناو پرسی هەڵبژاردن دوو خاڵ ئەولەوییەتی هەبوو، یەکەمیان کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دووەمیشیان کار بکەین بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بە پرسی یەکەمیان، لە کۆبوونەوەی ٢٠ی ئایار لەگەڵ برادەرانی یەکێتی باسمان لەوە کرد کە ڕۆژی ٢٤ی ئایار دادگای فیدراڵی کۆدەبێتەوە (کە جارێکی دیکە دوا خرا بۆ ٣٠ی ئایار) لەسەر ئەو شکاتەی لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان تۆمار کراوە، پێمان گوتن، ئەگەر

**لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکە کە قسەمان کردووە، هەموویان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا کۆدەنگ بوون و پشتگیرییان کردووە، هەروەها هیچ لایەک نەیگوتووە پەلە لە کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم نەکرێت**

**کاک باڤڵ تاڵەبانی بۆ بەخێرهێنانمان هاتە کۆبوونەوەکە و پێی گوتین: «کێشەکان بە ئاسان وەربگرن و چارەسەریان بکەن، ئەگەر بۆتان چارەسەر نەکرا، تەلەفۆنێکم بۆ بکەن، من دێم بۆتان چارەسەر دەکەم، بەڵام لای برادەرانی پارتی دادەنیشم، نەک یەکێتی»**

**لە ناو پرسی هەڵبژاردن دوو خاڵ ئەولەوییەتی هەبوو، یەکەمیان کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دووەمیشیان کار بکەین بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێت**

دادگای فیدراڵی بڕیار بدات، ئەوە مەزندەی ئەوە هەیە، بڕیارێکی نەرێنی دژی پەرلەمانی کوردستان بدات، بۆیە گرنگە ئێمە یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژارنەکان کارا بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو بڕیارە نەرێنییە دەرچوو، ئێمە بتوانین بە ڕێگەی کۆمیسیۆنی خۆمان و بەسەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەین، لەو کۆبوونەوەیەدا د.هێمن هەورامی وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان چوار جار تکای لە کاك عیماد کرد کە داوا لە خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بکەن، کە ئاستەنگ بۆ کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنەکە دروست نەکات، بۆ ئەمەش کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت و چوو سەردانی خاتوو ڕێوازی کرد و تکای لێ کرد کە بڕگەیەك بۆ بەرنامەی کاری پەرلەمان زیاد بکات، دانیشتنەکەش بۆ ڕۆژی سێ شەمە ٢٣ی ئایار دوابخرێت، بەڵام بەداخەوە خاتوو ڕێواز ئەمەی نەکرد.

*** سەرۆکی پەرلەمان کە ڕازی نەبوو بڕگەیەك بۆ بەرنامەی کار زیاد بکرێت و پاشان لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمان (جێگر و سکرتێر) ئەو بڕگەیە زیاد کرا و هەر بە ئیمزای ئەوانیش بانگهێشتی پەرلەمانتاران کرا، بۆ هاتە ناو دانیشتنەکە، ئایا ئەوە شەرعییەتی بە دانیشتنەکەی پەرلەمان دا؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە گفتوگۆکانمان لەگەڵ شاندی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەسەر پرسی کاراکردنەوەی کۆمیسیۆن بدەم، ئێمە لە کۆبوونەوەی یەکەم لە سلێمانی بە برادەرانی یەکێتیمان گوت، ئێوە تا ئێستا هەر چییەکتان گوتووە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، ئێمە بە قسەی ئێوەمان کردووە و هاتووینەتە پێشەوە، گوتتان چوار بازنە، گوتمان باشە، وتتان با هەڵبژاردن لەسەر تۆماری دەنگدەرانی ساڵی ٢٠٢١ بێت، وتمان باشە، دوایین شتیش جەنابی سەرۆك بارزانی ئاگاداری کردنەوە، با پرسی کۆتاکانیش پێکهاتەکان خۆیان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان یەکلای بکەنەوە، بۆیە ئێمەش داواتان لێ دەکەین بۆ کاراکردنەوەی کۆمیسیۆن هەنگاوێك وەرنە پێش، با ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی پرسی گەوهەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنە و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆن میکانیزمێکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پارتییش لەناو ئەو کۆمیسیۆنە زۆرینە نییە و کەمینەیە. لە سلێمانی گوتیان لە کۆبوونەوەی داهاتوو وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام کە ڕۆژی یەکشەممە هاتن و کۆبوونەوەمان کرد، وتیان پێویستمان بە کاتە، پێمان گوتن کات زۆر لە بەردەمدا نەماوە و ئێمە لە بەردەم بڕیارێکی دادگای فیدراڵین، لەسەر ئەوەش گوتمان ڕازین، بەس پێش بەرواری کۆبوونەوەی دادگای فیدراڵی بێت، هەر بۆیە دکتۆر هێمن هەورامی بەو نیازە چووە پەرلەمان کە کێشەکە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان چارەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە چارەسەر نەکرا و ئەو بارە نەخوازراوەی لێ کەوتەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی بەڕێز خاتوو ڕێواز فایەق وەك سەرۆکی پەرلەمان، خۆتان دەزانن پێش ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بم، یەك دوو ساڵیش وەك سەرۆکی پەرلەمان بە وەکالەت سەرۆکایەتیی پەرلەمانم کردووە و، ئەو پەیڕەوی ناوخۆییەی پەرلەمانیش لەو سەردەمە نووسراوە، بەڕێز ڕێواز خان خۆی لەگەڵ خوالێخۆشبوو د.فرسەت سۆفی و د.ڤالا فەرید، کە سێ ئەکادیمیستی لێهاتوون و ئەندامی لێژنەی نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆن، باش دەزانێت کە دانیشتنی پەرلەمان ڕاگەیەندرا و پەرلەمانتاران هاتنە ناو هۆڵی کۆبوونەوە، دەسەڵاتی کۆتاییهێنان بە دانیشتنی پەرلەمان لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆك، جێگر، سکرتێر) نامێنێت و دەبێت بە دەسەڵاتی دانیشتنەکە بێت، ڕاشکاوانەتر واتە ئەگەر ویسترا دانیشتنەکە کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەوا دەبێت سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرسە بخاتە دەنگدانەوە، بە داخەوە سەرۆکی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمەی نەکرد و ئەو دەسەڵاتەی دا بە خۆی کە کۆتاییهێنان بە دانیشتنی پەرلەمان لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، کە لە پەیڕەودا دوای ڕاگەیاندنی دانیشتنەکە ئەو دەسەڵاتە دەداتە دانیشتنەکە و دەنگدانی پەرلەمانتاران، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بڕیاری کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان شەرعییە و هیچ

**دوای دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی کە سەردانی سلێمانیمان کرد و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبووینەوە، ئەوان زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردین و لێکتێگەیشتن و متمانەیەکی باشیش لە نێوانمادا هەبوو**

**هێمن هەورامی وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمان چوار جار تکای لە کاک عیماد کرد کە داوا لە خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بکەن، کە ئاستەنگ بۆ کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنەکە دروست نەکات**

**کە کۆبوونەوەی پەرلەمان ڕاگەیەندرا و پەرلەمانتاران هاتنە ناو هۆڵی دانیشتن، دەسەڵاتی کۆتاییهێنان بە دانیشتنی پەرلەمان لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆک، جێگر، سکرتێر) نامێنێت**

**له پەیڕەودا دوای ڕاگەیاندنی دانیشتنەکە ئەو دەسەڵاتە دەدات دانیشتنەکە و دەنگدانی پەرلەمانتاران، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بڕیاری کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی سەرخۆی هەڵبژاردنەکان شەرعییە و هیچ ڕەخنەیەکی لەسەر نییە**

**ژینگەیەکی زۆر باشی متمانە و لێکتێگەیشتن لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بووە، ئێمە لە سێ پرسی گرنگ لەسەر دوانیان ڕێککەوتین کە ئەوانیش پرسی داهات و ئاسایشە**

**لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لە ئێستادا بۆشاییمان هەیە و ئومێد دەکەم بەشی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە**

ڕەخنەیەکی لەسەر نییە، ئەمڕۆش (٢٢ی ئایار) لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زۆر برادەر باسمان کرد و لێیان پرسیم، چی بکەین باشە؟ وتم بە ڕای من بێت، ئێمە هەموومان ئەم بڕیارە بە شەرعی بزانین، چونکە لە ڕووی یاساییەوە شەرعییە و پێویستی بەوەیە ئێمەش لە ڕووی سیاسییەوە پشتگیری لێ بکەین و گرفت و ئاستەنگ بۆ ئەو دەستپێشخەرییە گەورە و مێژووییەی سەرۆك بارزانی دروست نەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی لە ژیانی خۆیدا تەنیا پرسی مەبدەئی لا گرنگ بووە و، ئەو پرسانەی لا گرنگ نەبووە لە کوێ دەنگێك، یان کورسییەك بۆ پارتی زیاد دەبێت.

*** لە هەندێ سەرچاوەی نافەرمییەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە پرسێکی دیکەش لە نیوان پارتی و یەکێتی هەیە، کە ئەویش پرسی دووبارە داڕشتنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوولایە، ئایا ئەم پرسە بوونی هەیە؟**

- ئەم پرسە پێش چەند ساڵێك هەردوولامان باسمان کردووە، یان دووبارە ڕێککەوتنی ستراتیژی دابڕێژینەوە، یان با ڕێککەوتنێکی نوێ بکەین. ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ برادەرانی یەکێتی ئیمزامان کرد، ئەوە تەنیا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام دەکرێت ڕێککەوتنێکی دیکەی درێژخایەنیش هەبێت، من ناڵێم لەم پرسە لاسایی تورکیا بکەینەوە، بەڵام دەکرێت بێجگە لە پارتی و یەکێتی لایەنەکانی دیکەش ئەوانەی دەیانەوێت بەشداریی حکومەت بکەن، هەموویان لەسەر مێزێك کۆببنەوە و بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ ئەم هەرێمە دابڕێژن، ئەمە پرسێکی گرنگە لەبەر ئەوەی:

١. پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا کە زۆر جار تووشی کۆسپ و تەگەرە دەبێت، بەم بەرنامە نیشتمانییە ڕزگاری دەکەین.

٢. پرۆسەی دیموکراسییش کە وابەستەی پرۆسەی سیاسییە، ئەوا سەقامگیر دەبێت و لەو ناسەقامگیرییە ڕزگاری دەبێت.

٣. لەناو ئەم بەرنامە نیشتمانییەدا دەتوانین سەقفی زەمەنی بۆ زۆر پرسی نیشتمانی دابنێین، لەوانە دەستوری هەرێمی کوردستان بە سازان تێپەڕێنین، جۆرە نەرمییەك بدەینە کابینەکانی حکومەت و پێش وەختە لەسەر پلە و پۆستەکان ڕێك بکەوین، چۆن وابکەین چاکسازی هەموو هەرێمی کوردستان بگرێتەوە و ئینتقائی نەبێت و بە کردەیی ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵك هەبێت.

ئەمانە خاڵی زۆر گرنگن و پێویستیان بەوەیە کە دامەزراوەی بەهێز لە پشتیانەوە بێت و ئەگەر دامەزراوەکان بەهێز نەکەین، ناتوانین لەهیچ بوارێکدا چاکسازی بکەین.

*** ئایا گەشبینی بەوەی کە هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی، ئەو گرژییە نەخوازراوەی پەرلەمان تێپەڕێنن و بەم زووانە پێکەوە کۆببنەوە؟**

- دیسان دەڵێم خۆزگە ئەو گرژییەی پەرلەمان ڕووی نەدایە و ئێستاش نازانم هۆکارەکەی چییە و بۆچی ڕووی دا؟ بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم ژینگەیەکی زۆر باشی متمانە و لێکتێگەیشتن لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بووە، ئێمە لە سێ پرسی گرنگ لەسەر دوانیان ڕێککەوتین کە ئەوانیش پرسی داهات و ئاسایشە، بۆیە من گەشبینم بەوەی ئەمە تێدەپەڕێنین و کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بە ئاسایی بەڕێوە دەچن.

*** ئێوە وەك بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندیتان لەگەڵ حزبەکانی عێراقیش هەیە، ئێستا دوای ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووەتەوە، ئایا بەرنامەتان بۆ حزبە عەرەبەکانی عێراق (شیعە و سوننە) چییە؟**

- لە ڕووی مێژووییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی شیعە و سوننە پەیوەندییەکی پتەوی مێژوویی هەبووە، هەروەها لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیشدا دیسان پارتی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخا و حزبە شیعەکان گەیشتنە دەسەڵات، پەیوەندییەکان بەرزی و نزمییان تێ کەوت، بەڵام لەگەڵ لایەنەکانی سوننە ئەوان لە سەرەتاوە بایکۆتی پرۆسە سیاسییەکەیان



کرد و بوونە لاوازترین بازنە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، واتە لایەنە سیاسییەکانی سوننە، لایەنە شیعەکانیان بە ڕکابەری خۆیان دەزانی و متمانەیان پێیان نەبوو، بەڵام ئێمە وەك پارتی کەوتینە نێوانیان و پارتی توانی وەبەرهێنان لەو پەیوەندییە مێژووییە بکات کە لەگەڵ لایەنەکانی شیعە هەیبوو و توانی تا ڕاددەیەك دەرگایەك بۆ لایەنەکانی عەرەبی سوننە بکاتەوە، هەم لە نووسینەوەی دەستوور، هەمیش لە بەشداریکردنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

سەبارەت بەوەشی چۆن بەرنامەیەك دابنێین بۆ شێوازی مامەڵەکردنمان لە ئێستا لەگەڵ حزب و لایەنە عێراقیەکانی سوننە و شیعە، لەم بوارەدا بە حوکمی ئەوەی ماوەی ساڵ و نیوێك لە بەغدا بووم، لە هەمان کاتدا زۆر جاریش سەرکردایەتیی وەفدی پارتیم کردووە، ماوەیەکیش لەگەڵ کاك هۆشیار زێباری پێکەوە لە بەغدا بووین، بۆیە ئاگاداری وردەکارییەکانم و لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێم پارتی ڕەسیدێکی زۆر باشی لە بەغدا هەیە، بەڵام وەك پێویست لەو ڕەسیدەدا وەبەرهێنانمان نەکردووە، بۆیە ئێمە بەنیازین بۆ وەبەرهێنان لەو ڕەسیدەی هەمانە بەرنامەیەك دابڕێژین، بۆ ئەمەش دەبێت خاڵی ستراتیژی دیاری بکەین سەبارەت بە خاڵی ڕێککەوتنی هەنووکەیی و پەرەپێدانی ئەو ڕێککەوتنە و ئیدارەدانی ئەو پەیوەندییانەی دروستی دەکەین.

من وای دەبینم لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لە ئێستادا بۆشاییمان هەیە و ئومێد دەکەم بەشی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، ئێمەش وەك بەشی پەیوەندییەکان دەبێت کاری جددی لەسەر ئەم پرسە بکەین و چەند دیسکێك بۆ ئەو پرسە بە خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا دابمەزرێنین، هەروەها بە نیازم دیسکی دیپلۆماتیی گشتی دابمەزرێنم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دیسکی دیپلۆماتیی گشتی هاوکاری دیسکەکانی دیکە بێت و ئەوانیش هاوکاری دیسکی دیپلۆماتیی گشتی بن بۆ ئەوەی جۆرە هەماهەنگیەك دروست بکەین و بتوانین ئیدارەی ئەو پەیوەندییانە بدەین.

**پارتی توانی وەبەرهێنان لەو پەیوەندییە مێژووییە بکات کە لەگەڵ لایەنەکانی شیعە هەیبوو و توانی تا ڕاددەیەک دەرگایەک بۆ لایەنەکانی عەرەبی سوننە بکاتەوە، هەم لە نووسینەوەی دەستوور، هەمیش لە بەشداریکردنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا**



د. سەعد فەیلی بۆ گوڵان :

# بارزانی داکۆکیکاری سەرسەختی کەیسی کوردی فەیلییە بۆ گەڕانەوەی مافەکانمان لە عێراقدا

## حکومەتی عێراق بەرانبەر کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی کەمتەرخەم بووە

**جینۆسایدی کوردی فەیلی یەکێکە لە قێزەوەنترین تاوانەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کە دەستی بەسەر ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلیدا داگرت و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانی کردن، سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردی فەیلی ئەو تاوانەی بەبیر دونیا هێنایەوە و، داوای کرد مافەکانیان لە عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردی فەیلی و پەراوێزخستنی کەیسەکەیان لەلایەن عێراقەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر (سەعد جەمیل ناسر) کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردی فەیلی سازدا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** زۆر جار پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن، ئایا لە مێژووی عێراقدا چەند جار کوردی فەیلی کەوتووەتە بەر ئەم شاڵاوە دڕندانەیە؟**

- عێراق لە پێکەوەبەستنی زۆرەملێی ویلایەتەکانی عوسمانی و بەغدا و مووسڵ و بەسرە پێك هاتووە، بەمەش دوای چوار سەدە لە دەسەڵاتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن هێزی بەریتانیاوە وەکو دەستکەوتێکی براوەی جەنگ کەوتە ژێر ڕکێفیەوە، لە ناو ئەم پێگە جوگرافییەدا ناوچەکانی کوردی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە وەکو وڵاتی کوردی فەیلی بووە، کە درێژکراوەی نەتەوەی ئارییە، بەهۆی بەپیت و بەرەکەتیی خاکەکەی و بوونی ئاوێکی باش تێیدا لە ساڵی ١٤٠٠ و لەگەڵ هاتنی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی، هۆزە عەرەبەکان بە زاڵبوونی کۆمەڵێك هۆزی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنی لە عێراقدا هاتنە ناوچەکەمان، ئەمە وای کرد هەڵمەتەکانی سڕینەوەی ناسنامە و تاڵانکردن و داگیرکردن و تەعریبی کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتی دەست پێ بکات، ڕەنگە پێگەی جوگرافیی کوردی فەیلی کە دەکەوێتە باشووری ناوچەکانی کوردەوە، وای کردبێت هەر زوو بکەوێتە بەردەم ئەم هێرشە ڕەگەزپەرستییە، بەو پێیەی کوردی فەیلی کەسانی مەدەنی و شارستانی بوون و خولیای شەڕ و ئاژاوە نەبوون و سەرقاڵی بازرگانی و پیشە و کاسبکاری بوون، بۆیە هەردەم چاوی بەتاڵانبردنشیان لە ناو عێراقدا لەسەر بووە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٨ـەوە.

*** کەواتە سەرەتای جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بۆ ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ دەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی تاوانبار کران بە (التبعية الايرانية) و بەو بیانووەش کوردانی فەیلی لەگەڵ خێزانەکانیان ڕاپێچ کران بۆ ئێران؟**

- لە کودەتای ١٩٦٨ حزبی بەعس بە خوێن و ڕق و قینێکی شۆڤێنییەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەتایبەتی بەرانبەر نەتەوەی کورد، ئەو دەمە حزبی بەعسی شۆڤێنی لە سەردەمی شەڕی سارددا هەلێکی نێودەوڵەتیی بۆ هەڵکەوت، تاوەکو بگەنە هەموو پایەکانی دەسەڵات و دەست بۆ تەعریب و تەرحیلی کورد ببەن، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردی فەیلی و بوونی ڕێژەیەکی زۆر کورد لە ناو جەرگەی بەغدا، سەرەتای شاڵاوەکە لەژێر پاساوی (التبعية الايرانية) بەرانبەر کوردی فەیلی دەستی پێ کرد، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شاڵاوەکە زۆر دڕندانە بوو، کاتێك خێزانە کوردە فەیلییەکان بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و ژمارەیەکی زۆری گەنج لە تەمەنی ١٨ بۆ ٤٥ ساڵ لە زیندانەکان بە دیل گیران، لەمەشدا زۆر بە خراپی مامەڵەیەکی شۆڤێنیی مەزهەبییان لەگەڵ یاسای ڕەگەزنامە کرد، لە کاتێکدا عێراق لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و فارسی ساڵانێکی زۆر بوو داگیر کرابوو، کە نەدەبوو تەنیا هەڵگری ڕەگەزنامەی عوسمانی بە عێراقی دانرێت، لە ساڵی ١٩٧١ مۆڵەتی بازرگانیکردنیان لە کوردە فەیلییەکان سەندرایەوە، ئەمەش هەر هەمووی لە پێناو ئەوەی کوردی فەیلی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و بەشدارییەکی

**لە ساڵی ١٤٠٠ و لەگەڵ هاتنی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی، هۆزە عەرەبەکان بە زاڵبوونی کۆمەڵێک هۆزی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنی لە عێراقدا هاتنە ناوچەکەمان**

**حزبی بەعسی شۆڤێنی لە سەردەمی شەڕی ساردا هەلێکی نێودەوڵەتیی بۆ هەڵکەوت، تاوەکو بگەنە هەموو پایەکانی دەسەڵات و دەست بۆ تەعریب و تەرحیلی کورد ببەن**

**لە ساڵی ١٩٧١ مۆڵەتی بازرگانیکردنیان لە کوردە فەیلییەکان سەندرایەوە، ئەمەش هەر هەمووی لە پێناو ئەوەی کوردی فەیلی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و بەشدارییەکی کارایان لە شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو**

**گەنج و پیاوەکانی کوردی فەیلی لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوون کە لە مەلا مستەفا بارزانی نزیک بوون و ڕۆڵی گەورەیان لە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو**

**مەلا مستەفا بارزانی کوردی فەیلی بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەیی کورد دادەنا و بەو پەڕی تواناوە داکۆکی لە مافەکانیان دەکرد، لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێگە و ئەرکی گرنگی پێ ڕادەسپاردن**

**کوردی فەیلی نەتەوەکەیان خۆش دەوێت، ئەوان ئینکاری مەزهەبەکەیان ناکەن و ڕێزی لێ دەگرن، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی کوردبوونیان نییە**

کارایـان لـە شۆڕشـی ئەیلـوول و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد هەبـوو، بـە واتایەکـی دیکـە کوردی فەیلی نەتەوەیی بوون و هەرگیز حاشایان لـە کوردبوونـی خۆیـان نەکـردووە.

*** باسـی ڕۆڵـی کـوردی فەیلیـت کـرد لـە شۆڕشـی ئەیلـوول، ئایـا پەیوەندییـان لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بارزانـی چـۆن بـوو، بەتایبەتـی ئـەو سـەردەمەی کە مـەلا مستەفا بارزانی لـە ڕووسیا گەڕایـەوە؟**

- گەنـج و پیاوەکانـی کـوردی فەیلـی لـە پێشـەنگی ئـەو کەسـانە بـوون کـە لـە مـەلا مستەفا بارزانـی نزیـك بـوون و ڕۆڵـی گەورەیـان لـە شـۆڕش و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد هەبـوو، لەوانـە (حەبیـب محەمـەد کەریـم و یەدوڵـڵا فەیلـی و عەبدولحوسـێن فەیلـی و سـەید جلیـل فەیلـی) و چەندەهـا ئافرەتـی ناسـراوی کـوردی فەیلـی، وەکـو (زەکییـە ئیسـماعیل حەقـی فەیلـی و...هتـد)، هەرهەموویـان بڕوایـان بـە دەوڵەتـی کوردسـتان هەبـوو لەژێـر ڕابەرایەتیـی مـەلا مسـتەفا بارزانیـدا، مـەلا مستەفا بارزانـی کـوردی فەیلـی بـە پێکهاتەیەکـی ڕەسـەنی نەتەوەیـی کـورد دادەنـا و بـەو پـەڕی تواناوە داکۆکـی لـە مافەکانیـان دەکـرد، لـە نـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش پێگـە و ئەرکـی گرنگـی پـێ ڕادەسـپاردن، ئـەو دەمـەی لـە ڕووسـیاش گەڕایـەوە بـە شـێوەیەك لەلایـەن کوردانـی فەیلییـەوە پێشـوازی لـەم سـەرکردە گەورەیـەی کـورد کـرا، کـە بـووە جێگـەی ناڕەزایەتـی و ترسـی شـۆڤێنییەکانی نـاو حزبـی بەعـس، ئـەم سـەرکردەیە بـۆ کوردانـی فەیلـی بـووە ڕەمـزی ڕزگارکـردن و داکۆکیکـردن لـەو مافانـەی کـە دەمێـك بـوو پەراوێـز خرابـوون.

*** کەواتـە هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـە ڕاسـت نیـن کـە دەڵێـن کـوردی فەیلـی لەبـەر پاسـاوی مەزهەبـی ڕاپێچـی ئێـران کـراون، بەڵکـو هۆکارەکـەی بـۆ کوردبوونیـان و نزیکبوونیـان لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد دەگەڕێتـەوە؟**

- ئێسـتاشـی لەگەڵـدا بێـت، کـوردی فەیلـی نەتەوەکەیـان خـۆش دەوێـت، ئـەوان ئینـکاری مەزهەبەکەیـان ناکـەن و ڕێـزی لـێ دەگـرن، بـەڵام ئەمـە لەسـەر حیسـابی کوردبوونیـان نییـە، ئـەم خۆشەویسـتی و شـانازییەیان بـۆ نەتەوەکەیـان تەنانـەت کاتێـك ڕووبـەڕووی گەورەتریـن زوڵـم و چەوسـانەوەش بوونـەوە لەسـەر دەسـتی پیاوانـی ڕژێم، هـەر دەستبەرداری لایەنی نەتەوەیی خۆیـان نەبـوون، دەزانیـت لـە نـاو زیندانەکانـی بەعسـدا چەنـد کـوڕ و کچـی گەنجـی کـوردی فەیلـی شـوێنبزر بـوون و تـا ئێسـتاش ئێسـك و پروسـکیان نەدۆزراوەتـەوە؟ خـۆ ئەگـەر هەندێـك لایەنـی سیاسـی لێـرە و لـەوێ لـە بەغـدا پۆسـتێکیان دابێتـە کوردێکـی فەیلـی، خێریـان پـێ نەکـردوون، فەیلییـەکان قوربانییەکـی زۆریـان بەخشـیوە و ژمارەیەکـی زۆریـان لە بەغدا و ناوچەکانی خۆیـان هەیـە و بـۆ بەدەسـتهێنانی دەنـگ و ڕاکێشـانی ئەوانـە بـۆ نـاو حزبە سیاسییەکانی بەغدا، لەگەڵ ئەمەشـدا کوردێکـی فەیلـی نادۆزیتـەوە دژی نەتـەوەی کـورد لێـدوان بـدات، ئـەوان لـە شۆڕشـی ئەیلوول پاڵپشتیی بارزانییان هەڵبژارد، لە بەر ئەو لایەنـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەی کـە خۆشەویسـتی بـۆ دۆزی کـوردی تێـدا بـوو، لـە نـاو شۆڕشـی کوردستانیشـدا شـەهیدی زۆریـان بەخشـی، بۆیـە نزیکبوونیـان لـە نـاو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان و خۆشەویسـتییان بـۆ مـەلا مسـتەفا بارزانـی، بەڵگـەی ڕوونـن بـۆ زاڵبوونـی لایەنـی نەتەوەیـی لەسـەر بیروبۆچوونـی کـوردی فەیلـی.

*** لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعـس کارەسـاتی کـوردی فەیلـی هـەر بەردەوامـە، ئایا بۆچی کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی لەلایـەن عێراقـەوە ئـاوا پشـتگوێ خـراوە؟**

- کـوردی فەیلـی بـە ئومێـد و ئاواتێکـی زۆرەوە چاوەڕوانـی ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس بـوون، تەنانـەت ڕۆڵـی کـوردی فەیلـی لـە شۆڕشـی کـورد و دژایەتیکردنـی ڕژێمـی بەعـس لـە دوای ڕاپێچکردنیـان بـۆ ئێرانیـش هـەر بەردەوام بـوو، لـەم پێناوەدا شـەهید و قوربانیی زۆریـان بەخشیوە، ئێمە هەر لە کاتی ڕاپێچکردنمان بۆ ئێران و زیندانیکردن و کوشـتنی گەنجەکانمـان دەنگمـان گەیانـدە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، بـەڵام بەرژەوەندیخوازیی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و شـەڕی عێـراق — ئێـران ڕێگـر بـوو لـە بـەردەم ئـەم ناسـاندنی جینۆسـایدە، بەداخـەوە لـە کاتـی ڕووخانـی ڕژێمـی بەعسـیش حەز و خولیای بەدەستهێنانی دەسەڵات و ململانێی توندی لایەنـە سیاسییەکان و پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی سوننە و شیعە هەمـووی وای کرد جگە لـە بڕیارێکـی شـەرمنانەی دادگای تاوانەکانـی عێـراق نەبێـت کـە لـە ٢٠١٠/١١/٢٩ تاوانـی

ڕژێمی بەرانبەر کوردی فەیلی بە جینۆساید ناساند، هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی کوردی فەیلی نەبووە، بڕیارەکەی دادگاش وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە و هیچ قەرەبوویەکی مەعنەوی و ماددی بە دوای خۆیدا نەهێنا و کاری لەسەر نەکرا، ئەوەتا هەزارەها کوردی فەیلی هێشتا لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئێراندا ماونەتەوە.

*** داواکاری و پێشنیارتان چییە بۆ گەڕانەوەی مافەکانتان و ناساندنی جینۆسایدەکە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کوردی فەیلی ڕووبەڕووی ئەو جۆرە شاڵاوە نامرۆڤایەتی و قێزەونە نەبێتەوە؟**

- ئەگەر مەبەستت دەسەڵاتی ناوەندیی حکومەتی عێراق بێت، ئەوا حکومەتی عێراق جگە لە هەندێك هەڵوێستی لاوازی ئیعلامی و بەشداریی هەندێك کەسایەتیی کوردی فەیلی نەبێت لە ناو کوتلە پەرلەمانی و حزبییەکانیاندا، هیچی دیکەیان بۆ هەزاران خێزانی کوردی فەیلی ئەنجام نەداوە، ئەنجومەنێکی باڵایان دانەمەزراندووە بۆ کوردی فەیلی تاوەکو گرنگی بە کەیسەکەیان بدات و قەرەبووی ٤٠ ساڵی ئاوارەیی و پەناهەندەیی و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان بکاتەوە، کەیسێکیش تاوانکار و تاوانبار مافی خۆیانیان پێ نەدرێت و زیندوو نەکرێتەوە، بەردەوام لە بەردەم مەترسیی دووبارە ڕوودانەوەدایە.

*** سەرۆك مەسعود بارزانی داکۆکیکارێکی گەورەی مەزڵوومییەتی کورد و پێکهاتەکانە، بەردەوام لە هەموو بۆنەیەکدا باسی مافەکانی کوردی فەیلی و زەرووڕەتی گەڕانەوەی ئەو مافانەیان لە عێراق دەکات، ئایا داواکاریتان لە سەرۆك بارزانی چییە؟**

- مەسعود بارزانی کوڕی پەروەردەکاری ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانییە و لەسەر هەمان بیروباوەڕی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی و دڵسۆزیی ڕێبازی بارزانی پەروەردە کراوە، لە جیهان و ناوچەکە و عێراقدا سەنگ و قورسایی خۆی هەیە و بە یەکێك لە هەرە داکۆکیکارەکانی دۆزی فەیلییەکان دادەنرێت، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی بە ڕوونی و ئاشکرا بۆ کوردی فەیلی دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێك داوای دامەزراندنی ناوەندێکی بەدواداچوونی کرد بۆ پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی کە کاروبارەکانیان لەئەستۆ بگرێت، من پێم باشە ئەو ناوەندە لەسەر ئەم خاڵانە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵیدا کار بکات:

١. یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی هەموار بکرێتەوە و ئاسانکاری ببەخشێتە گەڕانەوەی ڕەگەزنامە بۆ ئەو خێزانە کوردە فەیلییانەی کە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کراون و تاکو ئێستا لەو وڵاتە نیشتەجێن.

٢. هەڵوەشانەوەی پۆلێنکردنی (التبعيات) لە یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی و دڕاندن و فەوتاندنی هەموو ئەو دیکیۆمێنت و نووسراوانەی پێشوو کە لە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامە هەیە لەژێر ئەم ناوە، تاوەکو لە داوڕۆژدا جارێکی دیکە لە دژی کوردی فەیلی بەکار نەهێنرێنەوە.

٣. دانانی کۆتا لە پەرلەمانی عێراق بۆ کوردی فەیلی.

٤. قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی و ماددی بۆ ئەو خێزانە کوردە فەیلییانەی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کرابوون .

٥. پۆستێکی وەزاری بە دەسەڵاتی وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنێك دابمەزرێت بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانی کوردانی فەیلی .

٦. پێدانی زەویی نیشتەجێبوون لە بەغدا و کوت و دیالە و شارەکانی کوردستان، بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردانی فەیلی لە زێدی باوك و باپیرانیان.


٧. گەڕان بە دوای تەرمی شەهیدەکانی کوردی فەیلیدا لە سەرجەم گۆڕەبەکۆمەڵەکان و پشتبەستن بە پشکنینی DNA بۆ دۆزینەوەی خێزانەکانیان، کە خۆی لە ٢٠ هەزار ونبووی کوردی فەیلی دەدات، کە لە زیندانەکانی بەعسدا کوژراون.

ڕاستە کوردی فەیلی پابەندن بە مەزهەبەکەیانەوە، بەڵام هەرگیز پرسی نەتەوەییان ڕەت نەکردووەتەوە و هەمیشە خۆیان بە کورد دەزانن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو ئەو زوڵم و جینۆسایدە گەورەیەیان بەسەردا هێنان، ئێستاش بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم جینۆسایدە دووبارە نەبێتەوە، دەبێت کەیسی کوردی فەیلی زیندوو بکرێتەوە و، نەك تەنیا مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵکو قەرەبووی ئەو هەموو ساڵەشیان بۆ بکرێتەوە.

**کوردێکی فەیلی نادۆزیتەوە دژی نەتەوەی کورد لێدوان بدات، ئەوان لە شۆڕشی ئەیلوول پاڵپشتیی بارزانییان هەڵبژارد، لە بەر ئەو لایەنە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کە خۆشەویستی بۆ دۆزی کوردی تێدا بوو**

**ئێمە هەر لە کاتی ڕاپێچکردنمان بۆ ئێران و زیندانیکردن و کوشتنی گەنجەکانمان دەنگمان گەیاندە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام بەرژەوەندیخوازیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شەڕی عێراق – ئێران ڕێگر بوو لە بەردەم ئەم ناساندنی جینۆسایدە**

**ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی بە ڕوونی و ئاشکرا بۆ کوردی فەیلی دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێک داوای دامەزراندنی ناوەندێکی بەدواداچوونی کرد بۆ پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی کە کاروبارەکانیان لەئەستۆ بگرێت**



# پەیوەندییەکانی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و دکتۆر مستەفا زەڵمی



**د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا**

بۆ گوڵانی نووسیوە

زانا و نوێخوازی ئایینی (پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی)، ئەو ئەکادیمیستە مەزنەیە کە بیر وهزر و ئەندێشەکانی لە ئەمڕۆدا و لەم سەردەمەدا لە زۆرترین پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئایینین لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی جیهانی ئیسلامی. کە بە هۆی بیری توندڕەوییەوە - ئەو هزرەی کە بە تەواوەتی پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی ڕەتی دەکردەوە- جیهانی ئیسلامیی گیرۆدەی گەورەترین قەیران کردووە لە مێژووی خۆیدا، ئەمساڵ ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٦/٤) حەوتەمین ساڵیادی ژیانئاوایی جەنابیانە، ئەم کورتە باسە تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان (مەلا مستەفا بارزانی)، و (دکتۆر مستەفا زەڵمی).

دکتۆر مستەفا زەڵمی، لە ساڵی (١٩٢٤)، لە گوندی (زەڵم)، لە بناری هەورامانی باشووری کوردستان- عێراق، لە دایك بووە، ئەو لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا پەروەردە بووە، دوای گەورەبوونی کەوتووەتە گەڕان بە شوێن دەستخستنی زانستدا و لەماوەی خوێندنیدا نزیکەی (١٦) مەدرەسە و حوجرەی ئایینی گەڕاوە، تا دواجار لە شاری کۆیە جێگیر بووە، و لەلای (مامۆستا مەلا نووری جەلی زادە - برای مەلای گەورەی کۆیە)، لە ساڵی (١٩٤٦)، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، شان بە شانی ئەم ئیجازەیە، بڕوانامەی زانایەتی زانستە ئیسلامییەکانیشی هەر لە هەمان ساڵدا، لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گشتی وەرگرتووە.

لە ساڵی (١٩٦٥)دا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە، لە ساڵی (١٩٦٨) بڕوانامەی ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە هەمان زانکۆ بەدەست هێناوە.

ساڵی (١٩٧١) چووەتە میسر و لەوێ بۆ جارێکی دی بڕوانامەی ماستەری لە فیقهی بەراوردکاریی نێوان شەریعەت و یاسادا، لە زانکۆی ئەزهەر بەدەست هێناوە، لە ساڵی (١٩٧٣) بڕوانامەی ماستەری لە یاسادا لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە، دواجار لە (١٩٧٥/٩/٩) بڕوانامەی دکتۆرای لە فیقهی بەراوردکاریی نێوان شەریعەتی ئیسلامیی و یاسادا لە زانکۆی ئەزهەر، بە پلەیەکی بەرز بەدەست هێناوە. پاشان لە ساڵی (١٩٧٦) گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ساڵی (٢٠٠٥)یشدا، دکتۆرای لە یاسادا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا، بە پلەی (نایاب)، بە دەست هێناوە، لەسەر داوای (نێچیرڤان بارزانی) گەڕاوەتەوە هەولێر و لە زانکۆکانی وڵاتدا وانەی گوتووەتەوە، ساڵی (٢٠٠٧) خانەنشین کراوە. تا کاتی ژیانئاواییکردنی گەورەترین خزمەتی بە هەموارکردنەوەی شەرعی و یاسایی یاساکانی هەرێمی کوردستان کردووە.

دواجار دکتۆر مستەفا زەڵمی لە بەرواری (٢٠١٦/٦/٤) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، هەر هەمان ڕۆژ لە ئارامگایەکی تایبەت بە خۆی لە ناو (سەنتەری ڕووناکبیری دکتۆر مستەفا زەڵمی) لە شارۆچکەی خورماڵی ناوچەی هەورامانی مەڵبەند و زێدی خۆیدا ئەسپەردە کرا.

**● وێستگە سیاسییەکانی ژیانی د. مستەفا زەڵمی:**

**● وێستگەی یەکەم: گەشتی ناوچەی (سابڵاخ)، و بینینی پێشەوا (قازی محەمەد):**

د. مستەفا زەڵمی، لە گەشتی خوێندنیدا ڕێی دەکەوێتە ناوچەی (سابڵاخ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر سەرگوزەشتەی ئەو کاتە لە تۆماری تەمەنی خۆیدا دەگێڕێتەوە و بینینی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆك کۆماری کوردستان و کاریگەربوون بە کەسایەتییەکەی، دەبێتە هۆکاری چاندنی بیری نیشتمانپەروەری لە هزر و ئەندێشەیدا، وەك دەڵێت: «لەو ماوەیەدا سێ جار چوومە ماڵی پێشەوا قازی محەمەد (خوا لێی خۆش بێت)، پیاوێکی باڵابەرز و سوور و سپی بوو، ڕیشێکی ماش و برنجیی جوانی هەبوو، مێزەر لەسەر و جبەی لەبەر بوو، خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو بوو، من

**دکتۆر مستەفا زەڵمی دوای گەورەبوونی کەوتووەتە گەڕان بە شوێن دەستخستنی زانستدا و لەماوەی خوێندنیدا نزیکەی (١٦) مەدرەسە و حوجرەی ئایینی گەڕاوە**

**مستەفا زەڵمی، لە گەشتی خوێندنیدا ڕێی دەکەوێتە ناوچەی (سابڵاخ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر سەرگوزەشتەی ئەو کاتە لە تۆماری تەمەنی خۆیدا دەگێڕێتەوە و بینینی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کوردستان و کاریگەربوون بە کەسایەتییەکەی، دەبێتە هۆکاری چاندنی بیری نیشتمانپەروەری لە هزر و ئەندێشەیدا**

**دەکرێت ئەم گەشتەی مەهاباد و بینینی پێشەوا قازی محەمەد و ئەو کەسایەتییە سیاسییە بەئەزموون و دیارانەی دی. بە یەکەم وێستگەی فکری سیاسیی د. مستەفا زەڵمی هەژمار بکەین**

بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەی (مەلا)دا، بینیم، جگە لە کتێبی فارسی و عەرەبی و ئایینی، کتێبی فەرەنسی و ئینگلیزی تیا بوو، دیارە ئەو زمانانەیشی دەزانی».

لە هەمان جێگادا دەگێڕێتەوە کە لەو ناوچەیەدا دوو مەلای بەناوبانگی شاری مەهاباد هەبوون، (مامۆستا مەلا حسێن) و (مامۆستا مەلا سدیقی مزگەوتی ناوبازاڕ) کە بە کوردپەروەری بەناوبانگ بوون.

دواتریش لە ڕووی کوردایەتی و سیاسییەوە لەو کاتەدا و هەر لە سابڵاخ سەروکاری لەگەڵ (عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی خدر ئاغا)دا، هەبووە، کە سەرۆك هۆزی (مەنگوڕ) بووە و زۆر بیروڕای سیاسی و نەتەوایەتییان پێکەوە تاوتوێ کردووە.

دواتر لە هەمان سەرچاوەدا دەڕواتە سەر باسی ژیاننامەی پێشەوا قازی محەمەد و حکومەتەکەی وکاروبارەکانی و زۆر بە چاوی بەرز و شکۆوە تەماشای خۆی و کارەکانی دەکات.

بۆیە دەکرێت ئەم گەشتەی مەهاباد و بینینی پێشەوا قازی محەمەد و ئەو کەسایەتییە سیاسییە بەئەزموون و دیارانەی دی. بە یەکەم وێستگەی فکری سیاسیی د. مستەفا زەڵمی هەژمار بکەین.

● **وێستگەی دووەم: د. مستەفا زەڵمی و دیداری بارزانی:**

د. مستەفا زەڵمی دەڵێت: «سەردەمانی پێشوو و ئێستایش ناوی (بارزانی) و (بارزانییەکان) لە ناو کورد و کوردەواریدا زۆر ئاشکرا بووە، هەموو گەورە وبچووکی کورد لەو سەردەمەدا ڕێزیان دەگرتن، و بە ڕێزەوە باسیان دەکردن و ناویان دەهێنان، چونکە دەیانزانی کە ئەوان دڵسۆزی کوردن و بە هەموو جۆرێ هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد و بۆ پاشەڕۆژ وئایندەیەکی گەش بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام ناسراویم بە شەخسی، یان ئاشنایەتیم لەگەڵ جەنابی (مەلا مستەفا بارزانی)، لە دوو خاڵدا چڕ دەکەمەوە:

● **دیداری یەکەم:** کاتێك (مەلا مستەفا بارزانی) لە ڕووسیاوە گەڕایەوە بۆ عێراق، (عەبدولکەریم قاسم) لە شاری بەغدا خانوویەکی باشی بۆ دابین کردبوو، بە خۆی و پاسەوانەکانیەوە لەو خانووەدا نیشتەجێ بوون، خانووەکە دەکەوتە بەرانبەر بارەگای (ئێزگەی بەغدا)، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوان زۆربوون و ئەو خانووانە بەشی نەدەکردن، داوای کردبوو هەندێ خێوەتی عەسکەریی بدرێتێ تا لە ناو حەوشەی خانووەکەدا هەڵبدرێن بۆ پاسەوانەکانی، جا ئەم داواکاریە و جێبەجێکردنی ئەم کارە ئاراستەی لیواکەی ئێمە کرا، من ئەو کاتە ئیمامی ئەو لیوایە بووم و پلەی ئەفسەرم هەبوو، کە پێش کودەتا خودی (عەبدولکەریم قاسم) لێپرساوی ئەو لیوایە بوو. ئەو لە نزیکەوە منی دەناسی، بۆیە ڕای سپاردبوو من سەرپەرشتیی بردنی ئەو خێوەتانە بۆ بارەگاکەی (بارزانی) بکەم، لێپرساوەکەمان منی ڕاسپارد. و خێوەت و پێویستییەکانم بردن بۆ ئەو خانووەی (مەلا مستەفا بارزانی) لێ نیشتەجێ بوو. منیش چووم و لە خزمەتی بارزانیدا دانیشتم و وێنەیەکیشم بۆ یادگاری لەگەڵیدا گرت، بەداخەوە وێنەکە دواتر فەوتا. و دوای دیدارەکە کە نزیکەی دوو کاتژمێر پێکەوە دانیشتین و قسەوباسمان کرد، بە پسوڵەیەك پشتیوانی بۆ نووسیم کە هەموو پێویستییەکانی بە دەست گەیشتووە، دواتر گەڕامەوە بۆ شوێنی فەرمیی خۆم، ئەمە یەکەم دیداری ڕووبەڕووم بوو لەگەڵ (مەلا مستەفا بارزانی)».

● **دیداری دووەم:** ڕاسپاردنی زەڵمی وەك هەڵسووڕاوێکی دیپلۆماسی و سیاسی لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ دیداری ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم بوو.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، ویستوویەتی فەتوایەك بە مەرجەعی باڵای شیعەکان (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەربکات، کە تیایدا کورد بە بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوە لە ئایین پێناسە بکات و سەروماڵیان حەڵاڵ بکات، بەوەی کە بوونەتە شیوعی و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام، بەڵام پێش دەرچوواندنی فەتواکە، مەلا مستەفای بارزانی، د. مستەفا زەڵمی ڕادەسپێرێت کە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئایینیی دیکە بچنە لای (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) و بارودۆخەکەی تێ بگەیەنن، و ئاگاداری بکەنەوە کە لەم داوەی ڕژێمی عێراق ئاگادار بێت و تێی نەکەوێت. پاشان د. مستەفا زەڵمی و مەلا محەمەد عەلی

**د. مستەفا زەڵمی دەڵێت: سەردەمانی پێشوو و ئێستایش ناوی (بارزانی) و (بارزانییەکان) لە ناو کورد و کوردەواریدا زۆر ئاشکرا بووە، هەموو گەورە وبچووکی کورد لەو سەردەمەدا ڕێزیان دەگرتن**

**کاتێک (مەلا مستەفا بارزانی) لە ڕووسیاوە گەڕایەوە بۆ عێراق، (عەبدولکەریم قاسم) لە شاری بەغدا خانوویەکی باشی بۆ دابین کردبوو، بە خۆی و پاسەوانەکانیەوە لەو خانووەدا نیشتەجێ بوون**

**لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، ویستوویەتی فەتوایەک بە مەرجەعی باڵای شیعەکان (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەربکات، کە تیایدا کورد بە بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوە لە ئایین پێناسە بکات و سەروماڵیان حەڵاڵ بکات**

کوڕی مامۆستا مەلا موحەمەدی ڕەئیس و دکتۆر محەممەد شەریف دەچن و ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم دەبینن، و لە دۆزەکە حاڵی دەکەن، ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیمیش نەك هەر لە دەرچوواندنی فەتوایەکی لەو جۆرە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵکو دەبێتە دۆستێکی زۆر نزیکی کورد و پێیان ڕادەگەیەنێت کە سڵاوی ئەو بە مەلا مستەفای بارزانی بگەیەنن، و دەڵێت: «من بە ماددی و مەعنەوی پشتیوانتانم، و دەستتان خۆش بێت کە بێدارتان کردمەوە لەم تۆمەتە نارەوایە»، ئەم دۆستایەتییەیشی تا کۆچی دواییشی هەر بەردەوام بوو، بۆیە دەکرێت ئەو پەیوەندییەی کە بە ئێستایشەوە لە نێوان کورد و شیعەی عێراقدا هەیە بزانین کە ئەندازیار و دیپلۆماتکارە وریا و داڕێژەرەکەی جەنابی د. مستەفا زەڵمی بووە.

**● دیدگای (د. مستەفا زەڵمی) لەسەر شەخسیەتناسی (مەلا مستەفا بارزانی):**

د. مستەفا زەڵمی دەڵێت: «مەلا مستەفا بارزانی زۆر پابەند بوو بە ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، کەسایەتییەکی پلە بەرز بوو، زۆر سەخی بوو، لەو کاتەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووە و خەباتی بۆ گەلی کورد کردووە. نەبیستراوە لە ڕووی مادییەوە بڕی یەك دینار لەسەر حیسابی میللەت وشۆڕش بۆ خۆی بەکاربهێنێ، لە ئاستی ماددەیا تەبیعەتی بەرز بوو. لەڕاستیدا بارزانی و خانەوادەی بارزانییەکان، زمان عاجزە کە بتوانێ باسی خەبات وتێکۆشان و کۆششی بێوچانی ئەوان بۆ گەلی کورد بکات، وە یان زەحمەتە بتوانین کۆشش وهەڵسەنگاندنی ئەوان بە باشی لەبەرچاو بگرین وهەڵیانبسەنگێنین، بەڕاستی ئەگەر ئەوان نەبوونایێ تا بناغەی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەیان بۆ کورد دانا. دڵنیا بە ئەوەی ئێستا هەیە بە ئاسانی بەدەست نەدەهات، چونکە (بارزانی) تەنیا لە ناو عێراقدا ناسراو نەبوو. بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتیش کورد بە بارزانییەوە دەناسرا. بۆیە بەڕاستی بارزانی نەمرە و ناوی هەر بە زیندوویی لە دونیادا دەمێنێتەوە. بارزانی پیاوێك بوو، کە هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخان کردبوو. ڕێزی مەلا مستەفا بۆ ڕووناکبیران و زانایانی ئایینی لە باس نایێ. ئەوەندە بەڕێز وگەورە بیری دەکردەوە.

وێستگەی سێیەم: د. مستەفا زەڵمی، وەك هەڵسووڕاوی دیپلۆماسیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە قاهیرە:

وەك د. مستەفا زەڵمی خۆی لە چەندەها جێگاوە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە هەرگیز حزبی نەبووە، بەڵام بەردەوام وەك دڵسۆزێکی گەلەکەی کاری کردووە، بۆیە هەر لەم سۆنگەیەوە و لە ماوەی مانەوەیدا لە قاهیرە و لەسەر داوای قوتابییانی کورد لەوێ، وەك هەڵسووڕاوی دیپلۆماسیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە قاهیرە دەستی بە کار کردووە و ئەوەی لەسەر شانی بووە بە باشترین شێواز ئەنجامی داوە، تەنانەت وەك خۆی باسی دەکات لە کاتێکدا یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕش سەردانی قاهیرە دەکات و کۆڕێك دەگرێت، لەو کۆڕەدا د. مستەفا زەڵمی پێشبینیی گەلەکۆمەی دوژمنانی کورد لە سەر شۆڕش دەکات، هەرچەندە ئەو بەرپرسە باوەڕ بە پێشبینییەکە ناهێنێت، بەڵام بە کردەوە دوای ماوەیەك هەرەسی کارەساتاوی شۆڕشی ئەیلوول ڕوو دەدات و پێشبینییەکەی د. مستەفا زەڵمی وەك خۆی دێتە دی.

ژێدەرەکان:

(١). (جُهوُد الدكتوُر مُصطفى الزَّلمي و مَنْهَجُهُ في الدِّراساتِ القُرآنيَّة)، نامەی ماستەری (د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا) لە (پسپۆڕایەتی ڕاڤەی قورئانی پیرۆز و زانستەکانی)دا، کە پێشکەش کراوە بە دەستەی سەرۆکایەتیی سکوڵی زانستە ئیسلامییەکان، لە زانکۆی سلێمانی، بە سەرپەرشتیی: (دکتۆر ئیسماعیل محەمەد جەلال)، و لە ڕۆژی (٢٠١٦/١/٧) تاوتوێی تێزەکە کراوە و بە پلەی (زۆرباشە) پەسەند کراوە.

(٢). کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، دوو بەرگ، چاپی ئێران.

(٣). ژیان و بیروڕاکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا، ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن (دەزگای ڕێنما – چاپخانەی گەنج) لە سلێمانی چاپ کراوە.

(٤). پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی- شەبەنگی یادگارییە زێڕینەکان، (زانیار قرگەیی)، چاپی یەکەم، (٢٠٢٢).

**د. مستەفا زەڵمی دەڵێت: «مەلا مستەفا بارزانی زۆر پابەند بوو بە ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، کەسایەتییەکی پلە بەرز بوو، زۆر سەخی بوو، لەو کاتەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووە و خەباتی بۆ گەلی کورد کردووە. نەبیستراوە لە ڕووی مادییەوە بڕی یەک دینار لەسەر حیسابی میللەت وشۆڕش بۆ خۆی بەکاربهێنێ**

**بارزانی و خانەوادەی بارزانییەکان، زمان عاجزە کە بتوانێ باسی خەبات وتێکۆشان و کۆششی بێوچانی ئەوان بۆ گەلی کورد بکات، یان زەحمەتە بتوانین کۆشش وهەڵسەنگاندنی ئەوان بە باشی لەبەرچاو بگرین وهەڵیانبسەنگێنین**

**بارزانی نەمرە و ناوی هەر بە زیندوویی لە دونیادا دەمێنێتەوە. بارزانی پیاوێک بوو، کە هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخان کردبوو. ڕێزی مەلا مستەفا بۆ ڕووناکبیران و زانایانی ئایینی لە باس نایێ. ئەوەندە بەڕێز وگەورە بیری دەکردەوە**



**قەشە ماسیس شاهینیان**
**نوێنەری ئەرمەنی ئەرتودۆکس لە دهۆک بۆ گوڵان:**

# سەرۆک مسعود بارزانی کارێزما و ڕەمزی پێکەوەژیانە و درێژەپێدەری هزر و قوتابخانەی مەلا مستەفا بارزانییە

# بانگهێشتنامەی جەنابی سەرۆک بارزانیی باوک بۆ بەشداریمان لە نووسینەوەی دەستووری کوردستان تەئکید و بنەمای بەهێزە بۆ پێکەوەژیان

**پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا بووەتە ڕەمزێکی گرنگی هەرێمی کوردستان و لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا حیسابی وردی بۆ دەکرێت و، بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، سەرۆك بارزانی لە یادگەی نیشتمانی بارزانی جارێکی دیکە باسی ئەو عەقیدەیەی بارزانی کرد، کە بۆ خێر و خۆشی بەشەرییەت و ئاشتی و بەفریاکەوتنی لێقەوماوان بونیاد نراوە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە مافی ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکانی کوردستان دیدارێکی لەگەڵ قەشە ماسیس شاهینیان نوێنەری ئەرمەنی ئەرتودۆکس لە دهۆك ساز دا.**

*** پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان بووەتە جێگای شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان دەکات، ئایا مەسیحییەکانی جیهان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانە دەکەن؟**

- پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزاکانی کوردستان مێژوویەکی قووڵی هەیە و بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا و لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا پێکەوە بەشدار بوون، لە هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا شەهیدیان لەم ڕێگایەدا بەخشیوە. جەنابی مسعود بارزانی پاڵپشتییەکی باشی پاراستنی پێکەوەژیان دەکات و هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات و هانیان دەدات بۆ زیاتر کارکردن لەم پێناوەدا، لە ئێستادا پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بووەتە جێی سەرنجی هەموو وڵاتانی ناوچەکە و دونیا، بەوەی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەست مومارەسەی ژیان و بۆنە و یادە نەتەوەیی و ئایینییەکانی خۆیان دەکەن. هەر ئەم پێکەوەژیانەیە وای کردووە ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بێت. ئێمە وەکو پێکهاتەی ئەرمەن لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ برا کوردە موسڵمانەکانمان پێکەوە دەژین و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و باشمان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئێمەی ئەرمەن لەگەڵ برا کوردەکانمان لەسەر یەك نەژادین کە هێند و ئەوروپیە و زمان و دیالێکتی قسە و گفتوگۆمان هاوبەشە، ئێمە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام وەك کورد زەردەشتی بووین، لە پاش ئەوەی ئایینی ئێمە و ئیسلام هات، هەر یەکەمان ئایینی خۆمان هەڵبژارد و ڕێزی یەکتریش دەگرین، ئەو خاکەی هەرێمی کوردستان بە نیشتمانی هەموومان دانراوە، هەموو مرۆڤایەتیش یەك خودامان هەیە، کە هەموو ئەمانە وای کردووە پێکەوەژیان لەم هەرێمە بەردەوام بێت.

**جەنابی مسعود بارزانی پاڵپشتییەکی باشی پاراستنی پێکەوەژیان دەکات و هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات و هانیان دەدات بۆ زیاتر کارکردن لەم پێناوەدا**

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان کە ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، چۆنی دەخوێنیتەوە؟ ئایا چی زیاتر دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستاندا؟**

- بەرەوپێشەوەچوونی ئازادی و ئەو پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان بۆ باوکی گەورەمان مەلا مستەفای بارزانی دەگەڕێتەوە، لە هەموو

**پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بووەتە جێی سەرنجی هەموو وڵاتانی ناوچەکە و دونیا، بەوەی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەست مومارەسەی ژیان و بۆنە و یادە نەتەوەیی و ئایینییەکانی خۆیان دەکەن**

**ئێمە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام وەک کورد زەردەشتی بووین، لە پاش ئەوەی ئایینی ئێمە و ئیسلام هات، هەر یەکەمان ئایینی خۆمان هەڵبژارد و رێزی یەکتریش دەگرین**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی زۆر گرنگ بۆ گەشەکردن و بەشداریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە دامەزراوە حکوومییەکان نراوە**

**کەنیسە و دێر و پەرستگا بۆ ئایین و ئایینزاکان شان بە شانی دروستکردنی مزگەوتەکان دروست کراون**

کار و شۆڕش و تێکۆشانەکانیدا بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی بەردەوامی بە کەلتووری پێکەوەژیان داوە. هەر لەو قوتابخانەیەی مەلا مستەفا بارزانی جەنابی مسعود بارزانی پەروەردە کراوە و، درێژەپێدەری ئەو کار و بەرنامەیە کە بووەتە بنەمای پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمدا، لەسەر ئەم ڕێچکەیەش هەردوو ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پراکتیکی پلان و بەرنامەیان بۆ داناوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش جەختیان زیاتر لەسەر ئەو پێکەوەژیانە کردووەتەوە.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی زۆر گرنگ بۆ گەشەکردن و بەشداریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە دامەزراوە حکوومییەکان نراوە، لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە کار و خزمەتگوزاریی زۆر و بە بێ جیاوازی پێشکەش بە هەموو گەلی کوردستان کراوە، ئەمەش وای کردووە دڵنیایی و متمانەی زیاتر لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دروست بێت، ئەو مەنهەج و پرۆگرامەی لەلایەن باوکە گەورەمان مەلا مستەفا بارزانی دانراوە کە ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی و گرنگیدانە بە هەموو پێکهاتەکان، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، لەلایەن مسعود بارزانی و نەوەکانیەوە بەردەوامی پێ دراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر بەرەوپێشەوە دەچێت و کار و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لەسەر بونیاد دەنرێت. پیاوانی ئایینیی هەموو ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوەی پیاوانی ئایینیی موسڵمانەکان ماف و ئیمتیازیان بۆ دانراوە، ئەوەتا کەنیسە و دێر و پەرستگا بۆ ئایین و ئایینزاکان شان بە شانی دروستکردنی مزگەوتەکان دروست کراون، بەبێ جیاوازی بەپێی ئەو داواکارییانەی هەمانبووە بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا پرۆژە و خزمەتگوزاری بۆ هەموو لایەکمان پێشکەش کراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو ئەم پێکەوەژیانە و مومارەسەکردنی تقوسات و بۆنە ئایینییەکانی ئایینزاکان بودجەی پێویستی بۆ دابین کردوون.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە، تاوەکو بە شێوەیەك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئەو هەڵویست و پێداگرییەی جەنابی سەرۆك بارزانی چۆن دەبینن؟**

- هەر پێش ئەوەی دەست بە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت، وەکو پێکهاتەی ئەرمەن بانگهێشتنامەیەك بۆ ئێمە هات، بۆ ئەوەی ئێمە لە نووسینەوەی دەستوورەکەدا لە لیژنەکان ئامادە بین، دیارە جەختکردنەوەی جەنابی سەرۆك بارزانیی باوك وای کرد کە ئێمە و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان نوێنەرمان لە لیژنەکانی نووسینەوەی دەستووری کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی خۆمان ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە ژێر ڕۆشنایی یاسادا لە ناو دەستوورەکەدا بنووسین و جێگیر بکرێت. سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەع و باوك و ڕەمزێکی گەورەی ناوچەکە و جیهان کە خەمخۆر و پارێزەری مافی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە، بە کرداریش جەختی لەسەر بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکای کردەوە لە نووسینەوەی دەستوور. ئێمە وەك ئەرمەن هەقی خۆمانە بە زمان و نووسینی خۆمان نووسراو بۆ دامودەزگای حکومەت بکەین و لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بەشداری بکەین و، گرنگی بە مێژوو و کەلتووری خۆمان بدەین. پێویستە ئێمە نوێنەر و بەڕێوەبەری تایبەت بە خۆمان وەك ئەرمەن لە وەزارەتی ئەوقاف هەبێت، بۆ ئەوەی حکومەت و دامەزراوەکان زیاتر ئاگاداری کاروبار و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی ئێمە بن، وەك نەتەوە، نەك وەك کەمینە. جەنابی مسعود بارزانیی باوك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەمینەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەوەی هەیە پێکهاتەی ڕەسەنە و لە ئەرك و مافدا هاوبەشن، ئەمەش دەستکەوت و بنەمایەکی دیکەی پێکەوەژیانە کە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی بۆمان هاتووەتەدی.

*** ئایا لە کاتێکدا سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێتە فرە بازنە، یان چەند بازنە، ئێوە وەك مەسیحییەکان بەتایبەت ئەرمەنییەکان بەو جۆرە سیستەمە ڕازی دەبن، چونکە لەو شێوازی هەڵبژاردنە دەنگ و ڕەنگی**

**پێهکاتەکان پەرشوبڵاو دەبێت و نابنە خاوەن کورسی و ڕاوبۆچوون لەناو پەرلەماندا؟**

- ئێمە وەك ئەرمەنی تا ئێستا حزبی سیاسیمان نییە و یەك کورسیی کۆتامان لە پەرلەمان هەیە، نامانەوێت قەت بکەوینە نێو ململانێ و موزایەدەی سیاسییەوە، بەڵکو دەمانەوێت ئەو کورسییەی لە پەرلەمان هەمانە، بە دەنگی خۆمان مسۆگەری بکەین، داواکاریشمان ئەوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا هەوڵ نەدرێت دەنگ و ڕەنگی ئێمە بزر و پەرشوبڵاو بکرێت، تاوەکو بنەماکانی دیموکراسی لەم هەرێمە بە تەواوی بێتەدی و پێکەوەژیانەکەش وەك خۆی هەر بەردەوام بێت و لە گەشەکردندا بێت. ئێمە حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەتی کوردستان بە هی خۆمان دەزانین و داواکاری و پێشنیارەکانمان لە ڕێگای سەرۆکایەتیی کەنیسەوە دەگەیەنینە حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم، تا ئێستا نەبووە داواکاری و پێشنیارەکانمان بە هەند وەرنەگرن، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی خۆمانی دەزانین، ماف و ئەرکەکانیشیان بۆمان بەپێی یاسا و دەستوور دیاری کردووە.

*** ئایا بوونی عەنکاوە بە قەزا وەك یەکێك لە شوێنەکانی مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان چی دەگەیەنێت و، تمووحی ئێوە لەوە ڕادەوەستێت یان ئومێد و ئایندەی گەورەتر لە حکومەتی کوردستان چاوەڕوانن؟**

- ئێمە زۆر بە پێویستی دەزانین کە گرنگی بە هەموو سنووری هەرێمی کوردستان بدرێت، ناحیەکان بۆ زیاتر خزمەتکردنیان بکرێنە قەزا و پارێزگا و ئەو بڕیار و فەرمانەی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە عەنکاوەی لە ناحیەوە کردە قەزا، زۆر گرنگ بوو، بەتایبەت بۆ ئەوەی ئیدارەکەی بەرفراوانتر بێت و خزمەتگوزارییەکانی زۆرتر بن، ئەگەرچی تمووحی ئێمە لەوە زۆر زیاترە و داوکاریمان هەیە لە کاتی گونجاودا عەنکاوە ببێتە پارێزگا و تایبەتمەندیی زیاتر بە ناوچە و سنوورەکانی نیشتەجێبوونی ئێمە و هەموو مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت.

*** سەرۆك مسعود بارزانی لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش دەرگای هەرێمی کوردستانی واڵا کرد، بۆ ئەوەی هەموو مەسیحییەکان و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە سەرانسەری عێراق بیانپارێزێت، ئەم پێداگرییەی سەرۆك بارزانی بۆ پێشوازیکردن لە هەموو مەسیحییەکانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق کە بێنە کوردستان چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- ئەم بڕیار و هەڵویستەی سەرۆك مسعود بارزانیی باوك لەو کاتەدا جگە لەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ پاراستنی گیانی هەموو ئەو ئاوارانەی لە ناوەڕاست و چەندین شاری دیکەی عێراق کە بە هۆی پەلاماری تیرۆریستانی داعش پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا، هاوکات پەیامێکی مرۆڤایەتی و بەتەنگەوەهاتنی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینەکان بوو، ئێمە وەك ئەرمەن و مەسیحی بەگشتی ئەو بڕیارە و بەهاناهاتنە زۆر بە پیرۆز و بە هەندی وەردەگرین، هەر ئەمەش لە کەسایەتی و کارێزمای جەنابی سەرۆك مسعود بارزانیی باوك چاوەڕوان دەکرێت. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حکومەتی کوردستان لە خزمەتکردنی ئاوارەکان بەردەوامە بەتاك لایەنە و بە بێ ئەوەی حکومەتی عێراق دەستی یارمەتی و هاوکاریان بۆ درێژ بکات، جگە لەوەی زۆرجار گرفت و کێشەش لەم بارەیەوە بۆ کەمپ و ئاوارە و ئیدارەدانی ئاوارەکان دروست دەکەن.

*** پەیامی جەنابی سەرۆك بارزانی لە میانەی کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزانی لە بارزان بۆ لایەن و حزبە سیاسییەکان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەو پەیامەی جەنابی مسعود بارزانیی باوك کە لە کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزانی ڕایگەیاند، بۆ هەموو لایەن و حزبەکانی هەرێمی کوردستان، کە واز لەو کێشە و گرفت و ململانێیانە بێنن و، ڕەچاوی بەرژەوەندیی هەرێم و گەلی کوردستان بکەن و، لەگەڵ یەکتر دابنیشن و بە گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکەن، تاوەکو ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی لە کوردستان هەیە، کۆتایی پێ بێت و هەنگاو بۆ هەڵبژاردن باوێن، زۆر گرنگ و پێویست بوو، لە خەمخۆریی جەنابیان بوو بۆ گەلی کوردستان و زیاتر مەبەستی بەرەوپێشەوەچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانە و ئێمەش وەك کریستیان بەگشتی و ئەرمەن بەتایبەتی پاڵپشتی لەو پەیامە نیشتمانی و بەهەڵویستەی جەنابی مسعود بارزانیی باوك دەکەین.

**جەنابی مسعود بارزانیی باوک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەمینەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەوەی هەیە پێکهاتەی ڕەسەنە و لە ئەرک و مافدا هاوبەشن، ئەمەش دەستکەوت و بنەمایەکی دیکەی پێکەوەژیانە**

**ئێمە وەک ئەرمەنی تا ئێستا حزبی سیاسیمان نییە و یەک کورسیی کۆتامان لە پەرلەمان هەیە، نامانەوێت قەت بکەوینە نێو ململانێ و موزایەدەی سیاسییەوە**

**داواکاریمان هەیە لە کاتی گونجاودا عەنکاوە ببێتە پارێزگا و تایبەتمەندیی زیاتر بە ناوچە و سنوورەکانی نیشتەجێبوونی ئێمە و هەموو مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت**

**تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حکومەتی کوردستان لە خزمەتکردنی ئاوارەکان بەردەوامە بەتاک لایەنە و بە بێ ئەوەی حکومەتی عێراق دەستی یارمەتی و هاوکاریان بۆ درێژ بکات**

## کێشەی مامۆستایانی ئایینی و چارەسەر

# ئایا مزگەوتتان بۆ خۆتان دروست کردووە، یان بۆ پەروەردگار؟



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق
بۆ گوڵان نووسیویەتی

دیارە کێشە و گرفتی زۆر هەن لە بەرانبەر بانگخوازان، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی و وتاربێژان بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێ بکەین و، لەسەر لایەنی پەیوەندیداریش پێویستە زوو بە دەم چارەسەری ئەو کێشەیەوە بچێت و، بۆ هەتا هەتایی بنبڕی بکات، چونکە کەسانی بانگخواز بەتایبەت وتاربێژ و مەلای مزگەوت خەڵکانێکی ماندوون، جێگەی دەستیان دیارە لە نێو کۆمەڵگەدا، هەق نییە دەستەڵات (مەبەستمان حکومەتە)، بهێڵێت ئەو چینە لەلایەن کەسانێکی خاوەن پارە و پشتبەستوو بە هەندێ کەسی فەرمانڕەوا و پلەدارەوە هەر لەبەر ئەوەی بینای مزگەوتەکەی کردووە، دەبێ لەژێر پرس و فەرمانی ئەودا بن و بە ئارەزووی خۆی بیانچەوسێننەوە لەژێر ناوی سەرپەرشتیاری مزگەوت (متولی) یان، خاوەن مزگەوت، دیارە ئێمە لە خۆمانەوە ئەو قسانە ناکەین، بەندە بۆ خۆم زیاتر لە پانزە ساڵ زیاتر وتاربێژ بووم لە مزگەوتەکانی شاری کەرکووك، هەروەها پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئاگام لە کێشە و گرفتی هەندێك لەو مەلا و وتاربێژانە هەیە لە دوور و نزیکەوە و دەزانم (متولی) زۆرێك لە مزگەوتەکان چی بەو مامۆستا بەڕێز و مەلایانە دەکەن.

دەمەوێت جارێ جەنابی (متولی) لەوە ئاگادار بکەمەوە و هۆشداریی ئەوەی پێ بدەم کە ئەگەر ئێوەی متەوەلی و خاوەنی مزگەوت دەڵێن بینامان کردووە و پارەی زۆرمان تێدا سەرف کردووە، بە بیرتان دەهێنمەوە ئەگەر بۆ خودا (جَلَّ ذِكْرُهُ) ئەو مزگەوتەتان بینا کردووە، ئەوا پاداشتتان لای پەروەردگارە، خۆ دەبێت هیچ پەیوەندییەکتان بەو مزگەوتەوە نەمێنێت، چونکە فەرموودەکەی حەزرەتی پێغەمبەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە دەفەرموێت: (مَنْ بَني لِلّهِ مَسْجِدًا، بَني اللَهُ لَهُ بَيْتًا في الجنة).

سەرنج بدەن لە دەستەواژەی: (مَنْ بَني لِلّهِ مَسْجِدًا) تەماشای لامی (لِلّهِ) بکەن کە بۆ تەملیکە و دەبێتە موڵکی پەروەردگار، یانی بۆ خودا نەك بۆ ئەوەی سبەینێ بنووسن مزگەوتی (فلان لە عەشیرەتی فلان)، لەو وڵاتەماندا لەو جۆرە مزگەوتانە زۆرن، ئەمڕۆ بە ناوی کەسەکانەوە مزگەوت دروست دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر، بۆ خودا بیناتان کردووە، پەروەردگار ئاگای لە ڕاز و نیازی نێو دڵتان هەیە، پێم ناڵێن ئەی بۆ ئەو ناوەی خۆتان بە مزگەوتەکەوە لکاندووە؟

سەرنجتان بۆ فەرموودیەك ڕادەکێشم تاوەکو، پەند و عیبرەتی لێ وەربگرن، پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت، پێغەمبەر فەرموویەتی: (لا تقومُ الساعةُ حتى يتباهى الناسُ في المساجِدِ).

قیامەت نایەت، تا خەڵکانێك لە نێو مزگەوتەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی بینای مزگەوتیان بە پارەی خۆیان کردووە، هەرکەسەو شانازی دەکات بەو مزگەوتەی دروستی کردووە، یەکێك دەڵێت: مزگەوتەکەم نەخش و نیگارەکەی وایە، ئەوی دی دەڵێت: نەخێر مزگەوتەکەی من جوانتر و قەشەنگترە.

(سبحان اللّه) وەکو، ئەوەی جەنابی پێغەمبەر بۆ

ئەو سات و زەمانەی تێیداین قسە دەکات، ئەوە یەکێکە لە نیشانە دیارەکانی نزیکبوونەوەی ڕۆژی قیامەت و کۆتایی دونیا، کە ئێستا بە زەقی ئەو نیشانەیە دەرکەوتووە و لێرە و لەوێ بە چاوی خۆمان دەیبینین و دەیبیستین.

ئەی ئەوانەی مزگەوتتان دروست کردووە، بەو بەڵگەیەی کە نەهێڵن مامۆستا و وتاربێژی مزگەوت پێشنوێژییەکەی بکات، دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی ئێوە مزگەوتتان بۆ خۆتان دروست کردووە، نەك بۆ خودا، هاتووی کەسێکی دیکەت داناوە پێشنوێژی بکات، لە کاتێکدا وتاربێژ لە مینبەر دێتە خوارەوە ئەسڵ ئەوەیە ئەو نوێژ بە موسڵمانان بکات، نەك کەسێکی دیکە چونکە، تۆی متەوەلی وا دەخوازێت.

مەلایەکی برادەرم بۆی گێرامەوە گوتی: ڕۆژێك لەگەڵ چەند برادەرێك سەردانی مزگەوتێکم کرد، گوتم با لەوێ نوێژی نیوەڕۆمان بکەین و چاوێکیشمان بە مامۆستا مەلا فلان دەکەوێت، کاتێك بینیم مامۆستای برادەرمان پێشنوێژیی نەکرد و کەسێکی دیکە کردی، لە خاوەنی مزگەوتەکەم پرسی ئەوە بۆچی مامۆستای برادەرمان پێشنوێژیی نەکرد؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەو کەسە دەنگی خۆشترە، منیش گوتم: ئێستا نوێژی نیوەڕۆیە نوێژەکە بە دەنگەوە نییە. ئەوسا بۆم دەرکەوت ئەو مامۆستایەی برادەرمان کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە، بۆی نییە پێشنوێژی بکات، تەنانەت لە ڕۆژانی هەینیشدا کاتێك لە وتاربێژی تەواو دەبێت، کەسێکی دیکە پێشنوێژی دەکات، چونکە ئەوە فەرمانی خاوەنی مزگەوتەکەیە (متولی) لە کاتێکدا ئەو مامۆستایەی برادەرمان بە فەرمی دامەزراوە لە لایەن ئەوقافەوە، کەچی ناتوانێت پێشنوێژی بکات.

ئەوە بەڕاستی کارێکی نەشیاوە، خۆ دەبێ فەرمانگەی ئەوقاف لەسەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە بێنە وەڵام، بەڵام بەداخەوە بێدەنگییان لە ئاست ئەو جۆرە (متولی)یانە هەڵبژاردووە، چونکە پارەدار و پشتئەستوورن بە هەندێ کەسی خاوەن پۆست و پلەدار، مزگەوت هەیە لەوەتەی دروست کراوە، حەوت هەشت مەلای بۆ دانراوە چونکە بە ئارەزووی خاوەنی مزگەوتەکەیە و هەر کات ویستی فلانە مەلا لابەرێت، لای دەبات، فەرمانگەی ئەوقافیش پشتگیریی لێ دەکات و فەرمانگەی بۆ جێبەجێ دەکات، بێ ئەوەی بپرسێت بۆچی؟ لە کاتێکدا دەبێت پشتگیریی مەلاکە بکات، نەك پشتی تێ بکات.

مەلا لە مزگەوت لابراوە لەبەر ئەوەی تەنیا گڵۆپێکی لە ناو مینبەرەکەدا داناوە، بێ پرسی خاوەن مزگەوت، هەروەها خانوو بۆ مامۆستا لە ناو مزگەوت زۆر پێویستە، بەڵام خانووەکە لەسەر ڕووبەری ١٠٠ مەتر دووجا دەکرێت، لەو لاشەوە متەوەلی چەندەها ملیۆن دولار سەرف دەکات، کەچی خانووی مەلاکە ئەوەندە بچووکە جێگەی ماڵ و خێزانەکەی تیا نابێتەوە، دیارە نموونەی زۆرمان هەن لەو پێشێلکارییانەی خاوەن مزگەوتەکان، ئەمانە و چەندها پرسی دیکەش هەن، پێویستە وەزارەتی ئەوقاف قسەی جدیی هەبێت و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

دەبێت وەزارەتی ئەوقاف چیتر ڕێگە نەدات بەو شێوازە متەوەلیی مزگەوت بە ویست و ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات، هەروەها پێویستە پێش ئەوەی دەست بە دروستکردنی بینای مزگەوت بکرێت، بەڵێنێك لەو کەسانە وەربگیرێت کە بڕیاریان داوە مزگەوت بینا بکەن، لەگەڵ تەواوبوونی بینای مزگەوتەکە هیچ پەیوەندییەکیان بە مزگەوتەکەوە نەمێنێت، نەك ببنە ئامروناهی لە مزگەوتەکاندا، هەروەکو ئەم سەردەمە، من بۆ خۆم بە چاوی خۆم بینیومە خاوەنی مزگەوتەکە لە بەرانبەر ژووری ئیمام و وتاربێژەکە ژوورێکی بۆ خۆی دروست کردووە، هەروەها بەو دوو چاوەی خۆم بینیومە لە شارێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان متەوەلیی مزگەوتەکە لە پێشنوێژی هەینی لە ناو حەرەمی مزگەوتەکە دەهات و دەچوو، هەروەك ئەوەی چێشتخانەی هەبێت، چۆن خاوەنی چێشتخانەکان بەسەر نەفەرەکانەوە دەسوورێنەوە، نەبادا میوانێك لە میوانەکان داواکارییەکیان هەبێت، تاوەکو بۆیان جێبەجێ بکات.

ئا ئەوەیە بارودۆخی بانگخواز و وتاربێژ لە زۆرینەی ئەو مزگەوتانەی کە دروست کراون، بەڕاستی ئەو جۆرە ڕەفتارانە کە بەرانبەر ئەو وتاربێژ و بانگخوازانە دەکرێت لەلایەن ئەو متەوەلییانەوە، خۆڕاگری و سەبری دەوێت، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە ئاسانی ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت لەلایەن حکومەتەوە، بەتایبەت لە وەزارەتی ئەوقافەوە، تەنیا بە بڕیارێك و فەرمانێك دەتوانن هەموو ئەو مزگەوتانە لەژێر دەستەڵاتی ئەو خاوەن مزگەوتانە وەربگرنەوە، چیتر ڕێگە نەدەن بێڕێزی بەرانبەر ئەو چینە بە ئەمەك و پیرۆز و موبارەکانە بکەن کە بۆ خودا سوڵحاون و بانگهێشتی خەڵکی دەکەن بۆ دینی خودا.

کاتی ئەوە هاتووە ئەوقاف و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بێنە سەرخەت و نەهێڵن بەو شێوازە مامۆستایانی مێزەر بەسەر و وتاربێژ لەلایەن متەوەلیی مزگەوتەکانەوە بچەوسێندرێنەوە، پێویستە ئەو مامۆستا و مەلاو وتاربێژانە لەو بارودۆخە ناهەموارە ڕزگاربکرێن، تاوەکو بە ئارەزووی خۆیان ئامۆژگاری و ڕێنمایی موسڵمانان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دیکە هەن مزگەوتیان دروست کردووە و لەپاش تەواوبوونی ڕادەستی مەلایەکیان کردووە و گوتوویانە مامۆستاو وتاربێژی بەڕێز ئێمە ئیشمان تەواو بوو، فەرموو جەنابتان کاری بانگخوازیی تێدا بکەن و ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەو مزگەوتەوە نەما، لەو جۆرانەش هەن، بەڵام زۆر نین، خودا جەزای خێریان بداتەوە.

**ئەی ئەوانەی مزگەوتتان دروست کردووە، بەو بەڵگەیەی کە نەهێڵن مامۆستا و وتاربێژی مزگەوت پێشنوێژییەکەی بکات، دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی ئێوە مزگەوتتان بۆ خۆتان دروست کردووە، نەک بۆ خودا**

**مزگەوت هەیە لەوەتەی دروست کراوە، حەوت هەشت مەلای بۆ دانراوە چونکە بە ئارەزووی خاوەنی مزگەوتەکەیە و هەر کات ویستی فلانە مەلا لابەرێت، لای دەبات، دائیرەی ئەوقافیش پشتگیریی لێ دەکات و فەرمانەکەی بۆ جێبەجێ دەکات**

**پێویستە پێش ئەوەی دەست بە دروستکردنی بینای مزگەوت بکرێت، بەڵێنێک لەو کەسانە وەربگیرێت کە بڕیاریان داوە مزگەوت بینا بکەن، لەگەڵ تەواوبوونی بینای مزگەوتەکە هیچ پەیوەندییەکیان بە مزگەوتەکەوە نەمێنێت**



دکتۆر هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ بۆ گوڵان:

# ئیرادە و بەهێزیی هەر گەلێک لە سەرکردە کاریزمایەکەی دایە، بۆ کورد ئەو کاریزمایە سەرۆک بارزانی یە

# تێپەڕاندنی گوتاری ڕووکەشانەی برایەتی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر لەلایەن بژاردەی دەسەڵاتدارانی عێراقەوە زامنی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراقە

**سەرۆك بارزانی لە ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، زامنی چارەسەری بەشێك لە کێشە ئابوورییەکان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کرد، ڕێککەوتن و نزیکبوونەوەی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، گرنگییەکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و گەیشتن بە قۆناغێکی نوێی پەیوەندییەکان هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی سەقامگیری و ئارامیی نێوان هەرێم و بەغدا بە یەکێك لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی گەشەکردن دادەنرێت، ئەم دەستکەوتە بەدەر نییە لە چەندین ئاستەنگ و بەربەست کە دژی نزیکبوونەوەی نێوان هەردوو حکومەت لێرە و لەوێ دروست دەکرێت. سەرۆك بارزانی لە وتارە مێژووییەکەیدا لە کاتی کردنەوەی مۆزەخانەی نیشتمانیی بارزان جەختی لەسەر گرنگیی ئەم ڕێککەوتنە و جێبەجێکردنی کردەوە، دیدگە و بۆچوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی دەستکەوتەکان و مافی گەلی کوردستان لە بەغدا هەیە، ئەگەرچی نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو لە بەغدا زیانی بەم دەستکەوتانە گەیاندووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر هۆشەنگ ساڵح نەجار مامۆستا لە بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین سازدا. دکتۆر هۆشەنگ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی هەندێك لایەنی سیاسی لە پەرلەمانی عێراق بۆ پەسەندکردنی ئەو مادده و بڕگانەی تایبەتن بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە دەگیرێتە بەر، بەڵام هەر ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە لە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت سەرچاوەی گرتووە، گرنگییەکی لە ڕادە بە دەری هەیە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی گرفتە هەڵپەسێردراوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی مێژوویی چۆن دەڕوانیتە نزیکبوونەوەی نێوان هەر دوو حکومەت؟

- بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، دەبێت چاوێك بە لاپەڕەکانی مێژوودا بگێڕینەوە، لەو سەردەمەی کە باشووری کوردستان، (ویلایەتی مووسڵ) بە عێراقەوە لکێندرا، زۆرینەی بژاردەی دەسەڵاتداری عێراقی مامەڵەیەکی ڕاست و دروستیان لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستاندا نەکردووە و خاکی کوردستانیان بە بەشێك لە خاکی عێراقی عەرەبی زانیوە، خۆ ئەگەر باسی گفتوگۆ و دانوستانەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بکەین، هەر لە ساڵی ١٩٦١ـەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتدارە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەمان تێڕوانینیان (واتە جەختکردنەوە لەوەی کە کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراقی عەرەبی) بەرانبەر بە کورد هەبووە. تەنانەت لە دوای شەڕی ئازادیی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣وە، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی هەمان ئەزموون، تێڕوانینێکی نوێیان بۆ بەڕێوەبردنی

**ئەم ڕێککەوتنە، قۆناغێکی نوێیە لە نزیکبوونەوەی مامەڵەی نێوان هەر دوو حکومەت، بەو ئومێدەی بژاردەی دەسەڵاتدارانی عێراقی بتوانن تێڕوانینی پەرگیری نەتەوەیی و گوتاری ڕووکەشانەی برایەتی و ڕێزگرتن لە بەرانبەر تێپەڕێنن**

**ڕێککەوتنێک سەرۆک بارزانی پاڵپشتی بکات و نییەت و ئیرادەی سەرۆک وەزیرانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تێدا بێت، ئەوا دەکرێت بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ وەسف بکرێت**

**گوتارەکەی سەرۆک مەسعود بارزانی، کە گوزارشتە لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد، وای کردووە سەرکردەکانی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان حیسابی وردی بۆ بکەن**

**سەرۆک بارزانی بۆ ئەم سەردەمە پێویستییەکی مێژووییە، یەکگرتوویی و یەکریزی پێویستی بە ڕێبەرێکی لەو شێوە هەیە، کە هەموو کورد لەژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە و پەرتەوازەیی گوتاری سیاسییانەی کورد یەک بخاتەوە**

**کاتی ئەوە هاتووە لە ژێر ڕۆشنایی وتارە مێژووییەکەی سەرۆک بارزانیدا سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بە خستنەلاوەی بەرژەوەندیی شەخسی مامەڵەیان لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای نەتەوەیی بێت**

عێراق نەبووە، ڕاستە بەهێزی کورد لەو کاتەدا وای کرد کەمێك دەستکەوتمان دەست بکەوێت، بەڵام دواجار چارەنووسی ئەم میللەتە بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە و هەمان سیناریۆی دژایەتیکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردیان جێبەجێ کردەوە، ئیتر لەژێر هەر پاساوێکدا بووە و بێگومان بە سوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەم شێوازە مامەڵەیە جێبەجێ کراوە. سەبارەت بەم ڕێککەوتنەی دوایی، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، بەوەی ئەم ڕێککەوتنە، قۆناغێکی نوێیە لە نزیکبوونەوەی مامەڵەی نێوان هەر دوو حکومەت، بەو ئومێدەی بڕاردەی دەسەڵاتدارانی عێراقی بتوانن تێڕوانینی بەرگیری نەتەوەیی و گوتاری ڕووکەشانەی برایەتی و ڕێزگرتن لە بەرانبەر تێپەڕێنن .

لە گوتاری سەرۆك مەسعود بارزانی کە لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی (مۆزەخانەی نیشتمانیی بارزان) پێشکەشی کرد، کە بە سەدان کەسایەتی و سیاسەتمەداری کوردستانی و عێراقی و بیانی ئامادە بوون، ئەوەی بە گوێی هەمووان دا: «فکر و باوەڕی بارزان چوارچێوەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو زوڵم و زۆردارییەك..»، تەنانەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە فکری بارزان، ڕێبازێکە بۆ برایەتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و لێبووردەیی و ئاشتی، هەر لەو ڕێوڕەسمەدا سەرۆك بارزانی دەستخۆشی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عێراق کرد، کە پابەندە بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ڕێککەوتنێك سەرۆك بارزانی پاڵپشتی بکات و نییەت و ئیرادەی سەرۆك وەزیرانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تێدا بێت، ئەوا دەکرێت بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ وەسف بکرێت.

*** ڕۆڵی سەرکردەی کاریزمایی سەرۆك بارزانی، بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان و کەمکردنەوەی بارگرژی و ناکۆکییە حزبییەکان تاچەند بۆ ئەمڕۆی میللەتی کورد گرنگە، بەتایبەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێم و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی هاووڵاتیان لەلایەن حکومەتەوە؟**

- گوتارەکەی سەرۆك مەسعود بارزانی، کە گوزارشتە لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد، وای کردووە سەرکردەکانی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان حیسابی وردی بۆ بکەن، چونکە هەروەکو چۆن مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول بە هەمان هێز و پێداگرییەوە حکومەتی عێراقی ناچار کرد بە دانانان بە داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد، دواتر ڕێککەوتنی یازدەی ئاداری مێژوویی و مافی کەلتووری و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بۆ گەلی کوردستان بەدەست هێنا، هەرواش سەرۆك بارزانی بۆ ئەم سەردەمە پێویستییەکی مێژووییە، یەکگرتوویی و یەکریزی پێویستی بە ڕێبەرێکی لەو شێوە هەیە، کە هەموو کورد لەژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە و پەرتەوازەیی گوتاری سیاسییانەی کورد یەك بخاتەوە، بارزانی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بۆیە کۆبوونەوەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە ڕێبەرایەتی ئەو، هێزێکی گەورە دەداتە نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا مافە دەستووری و یاساییەکانی کورد پەراوێز نەخرێت و کورد لە بەغدا سەنگ و هێزی خۆی بسەلمێنێت، لە کاتێکدا بەردەوام خاڵی لاوازیی کورد لە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ بەغدا بۆ ناکۆکی حزبی و نەبوونی یەك گوتاریی حزبە کوردستانییەکان گەڕاوەتەوە، بە بۆچوونی من ئەم ناکۆکیی و خاڵی لاوازییە، بە ئەم ڕێبەرە نەتەوەییەی کورد چارەسەر دەکرێت، بۆ نموونە لە ناو گەرمەی ناکۆکی و لێکترازانە حزبییەکاندا سەرۆك بارزانی لە ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردی کرد، ئەمە وێڕای ئەوەی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژیوانانی پاریس، ڕێگرییان لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی کرد. لە ئێستادا ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنە سیاسییەکانە لە دەوری تاکە سەرکردەیەکدا کۆببنەوە، بە پێچەوانەوە ئەوا ئەزموونی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسی و لاوازی. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا دەبینین زۆر هێز و باڵی سیاسی لە کوردستان دەرکەوتوون، ئەوەندەی ڕۆڵیان لە پەرتەوازەیی و لاوازکردنی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان



هەبووە، ئەوەندە ڕۆڵیان لە بەهێزکردن و گەیشتن بە خەونی نەتەوەیی و پاراستنی قەوارەی هەرێم و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد نەبووە، لە دوای گوتارەکەی بارزانی لە مۆزەخانەی نیشتمانیی بارزان ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەو تێدەکۆشێت نەك تەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکی کوردستان، کە ستەمی لێ دەکرێت و مافەکانی ناپارێزرێت، دەبێت ئەوە ببێتە وەرچەرخانێکی دیکەی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان، لە ناو یەك گوتاری نەتەوەیی سەنگین، کە بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو گوتارە یەکگرتووە نەبووین، زیانی گەورەمان بەرکەوتووە و زۆر لە دەستکەوتەکانمان لە دەست داوە.

*** بەڕای ئێوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەنگاوی داهاتوو لە سەر چ ئاراستەیەك کار بکات، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان بە شێوەیەك هەرێم و حکومەتی ناوەندی تەواوکاریی ئابووری جێبەجێ بکەن؟**

- کاتی ئەوە هاتووە لە ژێر ڕۆشنایی وتارە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانیدا سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بە خستنەلاوەی بەرژەوەندیی شەخسی مامەڵەیان لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای نەتەوەیی بێت، ڕێگە بە هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیش نەدرێت، لە دەرەوەی هێڵە گشتییەکانی نەتەوەی کورد کار بکات و زیان بەم ئەزموونە بگەیەنێت. دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەیەکی دەستووری و یاسایی و زانستیی ورد لەگەڵ بەغدا بکات و، بێ توێژینەوەی زانستی و عەقڵانی مامەڵە لەسەر دۆسییەکان نەکات، ئەگەرچی دیدگەو تێڕوانینی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گەورەی لەو هاوکێشەیەدا گێڕاوە، سەرەڕای ئەوەش پێویستە هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای پرس و ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، بەهەند وەرگرتنی ڕاوبۆچوونەکانیان، مامەڵە لەگەڵ دۆسییە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا بکەن، ئەوسا دەستکەوتەکان پڕ بەرهەمتر و وجوودی کوردیش کاریگەرتر و پڕبایەختر دەبێت.

# فەلسەفەی خوێندن و بونیادنانی کوردستانێکی مۆدێرن



**دکتۆر سامان سۆرانی**

پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیبلۆماسیەت

بۆ گوڵانی نووسیوە

بیرۆکەی خوێندن وەکو ڕەهابوون و پێگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی فەلسەفەی یۆنان، کە ئامانجی ئامادەکردنی مرۆڤ بووە لە ڕووی هزر و جەستە و دەروونەوە بۆ چوونە ناو فەزای عەقڵێکی گشتی، واتە چوونە ناو فەزای توێژینەوەی هزری و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. ئاشکرایە کەوا بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی زیندوو بە خەیاڵ پڵاوی دەمێنێتەوە، ئەگەر زانست و زانیاری پشتگوێ بخرێت، چونکە ئەو پێوەرانەی سەردەمێتیی هەر کۆمەڵگەیەکی پێ بپێورێت، پەرەسەندنیەتی لە ڕووی تەکنەلۆژیا و ئاستی زانستی و پەروەردەییەوە.

توێژینەوەی زانستی دەرئەنجامی خوێندنێکی گەشەسەندووە، ئەمەش بۆ پرۆسەی نوێکردنەوە و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروستە، ناکرێت چاوەڕوانی نوێبوونەوە بکەین لە کۆمەڵگەیەك کە مەبەستی پێشکەوتن و مۆدێرنبوون بێت، ئەگەر زانست و تەکنەلۆژیا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان پێ نەدرێت. دەکرێت توێژینەوەی زانستی بە میکانیزمێکی پێویست دابنرێ بۆ گەیشتن بە چارسەرێکی سەرکەوتووانە، بۆ کێشە و بابەتە ژیارییەکانی وەکو نیشتەجێبوون و پەروەردە و تەندروستی و دابینکردنی ئاو و کشتوکاڵ و گواستنەوە و ژینگە و ئالوودەیی ژینگە و کاروباری ئاسایشی لە چەشنی جەنگ و ئاشتی. ئەمە بێجگە لە بابەتی دیکەی گرێدراو بە پەرەپێدان و نەخشەکان بۆ ئایندە لە دیراسەتکردنی هەسارەکان و نوقمبوون لەناو زانستەکانی کۆمپیوتەر و بەرنامەسازی و زانستی ئەندازیاریی بۆماوەیی. ئەمە ئامرازێکی گرینگە بۆ چەسپاندنی ڕۆشنگەرایی لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی لەپێناو بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە زانست و زانیاری.

تەکنەلۆژیا دەتوانێ زانست و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگە، کە فاکتەرێکی کارای ژیانی هاوچەرخن، بگۆڕێت بۆ سوودێکی کۆنکرێتی، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سرووشت و پێکهاتەکانی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ. ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی و پەراوێزخستنی زانست ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکان. دواجار زانکۆکان دەبن بە ناوەندگەلێ بۆ کەڵەکەکردنی ئەو دەرچووانەی، کە ناتوانن پێداویستییەکانی بازاڕی کار پڕبکەنەوە. بەو شێوەیە دەرچوویەکی زانکۆ کە ئەمڕۆ نەتوانێ هاوەڵی نوێکارییەکانی ئەو زانستە بکات، کە خوێندوویەتی، ئەوا پاش دابڕانی لە زانکۆ دەبێت بە کەسێکی بێکار و دەبێ بە بارگرانییەك بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە هێشتا لە نەشونومادایە.

خوێندن پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانی

**تەکنەلۆژیا دەتوانێ زانست و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگە، کە فاکتەرێکی کارای ژیانی هاوچەرخن، بگۆڕێت بۆ سوودێکی کۆنکرێتی، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سرووشت و پێکهاتەکانی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ**

کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش دەتوانێ تەنیا ئەو شتە بە نەوەکانی بدات و بگەیەنێ، کە خۆی دەیزانێ و باوەڕی پێی هەیە. هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕابوونێکی زانستی هەیە، کە لەسەر دیدێکی ئایندەیی و دادپەروەرانە بونیاد نرابێت. چونکە بنەمای ڕابوون و ڕۆشنگەری و ڕینێسانس، کە ئێمە زۆر پێویستمانە، بەر لە هەموو شتێ بەرزڕاگرتنی ڕۆشنبیری و پاراستنی ناسنامەی کوردستانییە.

گرینگیدان بە خوێندن و توێژینەوەی زانستی و ئامادەکردنی کەش و هەوا و ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ توێژەران و زانایان و ڕێزگرتن لە کارەکانیان و هەوڵدان بۆ گشتاندنی دادپەروەری و جێبەجێکردنی یاساکان بەسەر هەمووان بنەمای سەرەکین بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە. ئەو کۆمەڵگەیەی نەزانێ، کە ئەم سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین، سەردەمی زانست و زانیارییە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێ دەوڵەتێکی تۆکمە دابمەزرێنێ. ئەگەر کۆمەڵگەیەك ئالوودەی پەڕگیریی ئایینی بوویێت و گرێدراو بێت بە تاڵی نەرمی جاڵجاڵۆکەیی ڕەوتە نانیشتمانییەکانی، کە بەردەوام کار بۆ کاڵکردنەوەی بەها نیشتمانییەکان دەکەن، ئەوا ئەستەمە بتوانێ ڕێگربێت لە دزەکردنی ئەو هەستانە بۆ ناو دامەزراوەکانی خوێندن.

پێویستە دامەزراوەکانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەیی بە شێوەیەك بچەسپێنن، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ڕابوونە مرۆییەوە و ئەو دیموکراسیەتەی کە جیهان بە خۆیەوە دەیبینێ. پێویستە هەنگاو بە هەنگاو کاری جددی بکرێت بۆ گۆڕینی مەنهەجی خوێندن لەسەر ئاستی هەموو قۆناغەکانی خوێندن، تا ناوەڕۆکی دیموکراسییەت و چەمکەکانی وەکو هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکسانی و ئازادی و مافی ژیانێکی پڕ سەروەری لەناو هزری نەوەی نوێ و کۆمەڵگەی مۆدێرن ڕەگ دابکوتێ و، کۆمەڵگەی کوردستانی لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی جیهانی پێشکەوتوو هاوهەنگاو بێت. پێویستە خوێندن لە «تلقین» ئیندۆکترینەیشن دوور بکەوێتەوە، چونکە تەلقین دەبێتە هۆی دروستبوونی مێشکێکی کەڕ، کە هاوشێوەی کۆگایەکی زانیاری کار دەکات، نە وەك وزەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆ بیرکردنەوە.

هێشتا سیستەمی قوتابخانە حکوومییەکان، سەرەڕای هەوڵی جددی کابینەی نۆیەم بۆ پەرەپێدانیان، گرفتیان زۆرە، بۆ نموونە باڵەخانەکان لە ئاستی پێویست نین و کاتی وانەوتنەوەکان کورتن و ئاستی مامۆستایانی وانەبێژ بە شێوەی گشتی نزمە و پڕکردنەوەی زیاد لە پێویست و بێ سوود لە کۆرسە پەروەردەییەکان هەیە، بێجگە لە نەبوونی پەیوەندی لە نێوان پەروەردە و پێداویستییەکانی کار و کارامەیی بەردەست و جیاکردنەوەی پەیوەندیی نێوان زانست و ڕەوشتی بەرز و لاوازیی هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.

نەوەکانی داهاتوو پێویستان بە بونیادێکی فەرهەنگیی دروست هەیە. بۆ ئەوەی بە پێچەوانە بیر نەکەینەوە و بەرەو دواوە هەنگاو نەنێین و دوانەکەوین لە تێکەڵبوون بە جیهانی نوێ، کە بەردەوامە لە شۆڕش و گۆڕانکاری لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیای زانیاری و فەرهەنگی، پێویستە کۆڕبەندی پەروەردەیی وۆرکشۆپی تایبەت بە ڕاهێنانی مامۆستایان ئەنجام بدرێن، چونکە مامۆستا پردی پەیوەندیی نێوان زانست و قوتابییە. دەبێت مامۆستایانی قوتابخانەکان دەوڵەمەند بکرێن بەو چەمکە نوێیانەی کە دەگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی دروستکردنی فەرهەنگی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی باوەڕهەبوو بە بنەماکانی دیموکراسییەت و مرۆڤایەتی. هەر ئەو چەمکانە دەتوانن ببنە مایەی بەهێزکردنی بیرۆکەی هاووڵاتیبوونی کوردستانی، کە باوەڕی بە ئایندەسازی و نیشتمانسازی بێت.

بەو شێوەیە دەتوانێت هزر لە هەرێمی کوردستان قۆناغ و ئاراستە جیاجیاکان تێپەڕێنێ، بۆ ئەوەی پشکدار بێت لە دروستکردنی پەرەپێدان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەش دەکرێ لە ڕێگەی کردنەوەی هێڵەکانی پێکەوەژیان و دروستکردنی بواری دەستاودەستکردن و ئاڵوگۆڕکردن بێت، چونکە ئەو کەسەی لە ئێستا تێ نەگات، ناتوانێ ڕابردووی خۆی بەکاربهێنێ بۆ ئامادەبوون بۆ داهاتوو. پێشینان وتوویانە: «گەلێکی مەزن دەتوانێ بیرۆکەی گەورە بەرهەم بهێنێ، بەڵام بیرۆکەی گەورە ناتوانێ گەلێکی مەزن بەرهەم بهێنێ».

**دەرچوویەکی زانکۆ کە ئەمڕۆ نەتوانێ هاوەڵی نوێکارییەکانی ئەو زانستە بکات، کە خوێندوویەتی، ئەوا پاش دابڕانی لە زانکۆ دەبێت بە کەسێکی بێکار و دەبێ بە بارگرانییەک بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە هێشتا لە نەشونومادایە**

**هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕابوونێکی زانستی هەیە، کە لەسەر دیدێکی ئایندەیی و دادپەروەرانە بونیاد نرابێت**

**هێشتا سیستەمی قوتابخانە حکوومییەکان، سەرەڕای هەوڵی جددی کابینەی نۆیەم بۆ پەرەپێدانیان، گرفتیان زۆرە**

**نەوەکانی داهاتوو پێویستان بە بونیادێکی فەرهەنگیی دروست هەیە. بۆ ئەوەی بە پێچەوانە بیر نەکەینەوە و بەرەو دواوە هەنگاو نەنێین و دوانەکەوین لە تێکەڵبوون بە جیهانی نوێ**

# هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و ئازادیدا

پرسیارێك كە زۆرجار و بەردەوامیش دەكرێت، بریتییە لەوەی كە تاچەند گرنگە هاوسەنگی بێتە ئاراوە لە نێوان ڕەفتار و هەڵسوكەوتی دەسەڵاتداری سیاسی لە ڕێی ئەو هەموو هۆكار و ئامراز و دەسەڵاتە یاساییانەی هەیەتی، لە (دەركردنی یاسا و ڕێنمایی و فەرمانەكان) و لە نێوان ئەو هەموو ڕێوشوێن و ئامرازانەی لەبەردەستیدایە بۆ پارێزگاریكردن لە ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی قەوارەی خۆی، ئەمەش بە بەكارهێنانی هێزی پۆلیس و سوپا و ئاسایش، لە نێو ئەمانە و ماف و ئازادییە گشتییەكاندا.

كۆمەڵگەكانی مرۆڤایەتی ململانێیەكی زۆریان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەم ململانێیەش بریتی بووە لەو توانا و دەسەڵاتەی كە خودی ئەو دەسەڵاتدارانە پیادەیان كردووە و لە نێوان مافی تاك لە ئازادی و مافەكانیدا، دیارە ئەو هەموو ململانێیە سەدان ساڵی خایاندووە و تائێستاش هەر بەردەوامە، بەتایبەتی لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوودا.

ئەم ململانێیە لەوەوە گەڵاڵە بوو كاتێك دوو ئاراستەی هزریی دژ بەیەك هاتنە ئاراوە، یەكێكیان تا ئێستا هەر بەردەوامە و ئایدیۆلۆجیەتی دیموكراسی پەیڕەو دەكات، بەو پێیەی كە هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و ئازادی دابین دەكات، هەروەها ئاراستەیەكی ئایدیۆلۆجیش هەیە كە سیستمی دیكتاتۆری پەیڕەو دەكات، بە مەبەستی گەورەكردنی دەسەڵاتی سیاسی و كۆت و بەندكردنی ماف و ئازادییەكانی تاك لە كۆمەڵگەدا.

لەوەتەی بیرۆكەی دەوڵەت پەیدا بووە، بەتایبەتی دەوڵەتی ستەمكار، لەپاڵ ئەمەش چەندین تیۆر هاتنە ئاراوە، كە بانگەشە دەكەن بۆ كۆت و بەندكردنی دەسەڵاتی حوكمڕانیی تاكڕەو، لەسەر ئەو بنەمایەی كە مرۆڤ خۆڕسكانە ماف و ئازادیی خۆی هەیە، ئەمەش بەخششێك نییە كە حوكمڕان بە خەڵكی ببەخشێت، بەڵكو داكۆكیكردن لەو مافانە ئەرك و مافێكی ڕەوایە، چونكە بەخششێكی سروشتییە و هەر كە مرۆڤ لەدایك دەبێت، خوای گەورە پێی دەبەخشێت.

جا لەپێناو ئەوەی كە ڕێكاری پێویست دابنرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت هەموو ماف و ئازادییەكانی خۆی پیادە بكات لە چوارچێوەیەكی یاسایی دروستدا، لایەنگرانی پاڵپشتی ماف و ئازادییەكان داوایان لە فەیلەسووف و بیرمەندان كردووە كە لە نێو دەستووری دەوڵەتاندا هاوسەنگییەك دروست بكەن لە نێوان دەسەڵات و ئازادیدا و، لەسەر بنەمای پرەنسیپەكانی یاسای سروشتیدا، واتا مرۆڤ هەر لە خۆڕسكەوە كە لەدایك دەبێت، ماف و ئازادییەكانی پێ دەدرێت، كەچی یاسا ئەم پیادەكردنە ڕێك دەخات و ڕێكارەكانی پاراستنیان بۆ دادەڕێژێت، بە تێپەڕبوونی كاتیش هۆشیاریی ڕۆشنبیری لای تاكەكانی كۆمەڵگە هەڵدەكشێت و گەشە دەكات.

دەستوور بەتایبەتی لە كۆمەڵگە شارستانی و پێشكەوتووەكاندا بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتدار و ئازادی، بە گوێرەی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتیی كە ئەو كۆمەڵگەیانە پەیڕەوی دەكەن، دەبێتە ئامرازێك، كە ئەمەیان بە وردی لە هەموو ئەو دەستوورانەدا تێبینی دەكرێت كە لە نیوەی سەدەی بیستەم و دوای ئەویش نووسراون، دیارە زۆربەی ئەو دەستوورانە ئەركی خۆیان بەجێ هێناوە لە چارەسەركردنی مەسەلەی ماف و ئازادییەكاندا، هاوكات میكانیزم و ڕێوشوێن و ڕێكاریان بۆ پارێزگاری لێكردنیان داناوە. ئەوەی پەیوەستیشە بە عێراقەوە، دوای ئەوەی كە تاكەكانی كۆمەڵگەی عێراقی ڕووبەڕووی هەموو جەور و ستەم و تیرۆری فیكری و مامەڵەی ڕەق و توندوتیژی

**لەوەتەی بیرۆکەی دەوڵەت پەیدا بووە، بەتایبەتی دەوڵەتی ستەمکار، لەپاڵ ئەمەش چەندین تیۆر هاتنە ئاراوە، کە بانگەشە دەکەن بۆ کۆت و بەندکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانیی تاکڕەو**

**مرۆڤ خۆڕسکانە ماف و ئازادیی خۆی هەیە، ئەمەش بەخششێک نییە کە حوکمڕان بە خەڵکی ببەخشێت، بەڵکو داکۆکیکردن لەو مافانە ئەرک و مافێکی ڕەوایە، چونکە بەخششێکی سرووشتییە و هەر کە مرۆڤ لەدایک دەبێت، خوای گەورە پێی دەبەخشێت**

**یاسادارێژی عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بە سوپاسەوە هەوڵی زۆری داوە هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە لە نێوان دەسەڵاتدار و ماف و ئازادییەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا**



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

بوونەوە، هاوکات بێبەش کران لە هەموو ماف و ئازادییەکانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیری و ئابووری، دەبینین یاسادارێژی عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بە سوپاسەوە هەوڵی زۆری داوە هاوسەنگییەك بدۆزێتەوە لە نێوان دەسەڵاتدار و ماف و ئازادییەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا، لە دیباجە و هەموو بەندەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا بە دەق باس لە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتداری حوکمڕان دەکات، هەروەها باسی پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان دەکات، بەو شێوەیەی کە دەستوور ددانی بەوەدا ناوە کە سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا دیموکراسی و پەرلەمانییە، دەسەڵاتیش بە شێوەی ئاشتییانە دەستاودەست دەکرێت، هەروەها دەستوور جەختی لەوە کردووەتەوە کە نابێت یاسایەك دەربچێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراسییەکاندا، یان لەگەڵ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا، بەمەش یاسادارێژی عێراقی توانیویەتی هاوسەنگییەك بێنێتە ئاراوە لە نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت لە یاسادانان و لە نێوان جێبەجێکردنی یاساکان و لە نێوان مافی پیادەکردنی ماف و ئازادییەکاندا، ماددەی (٤٦) لەم بارەوە بە دەق دەڵێت: «نابێت پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان هەروەك لە دەستووردا هاتووە، کۆت و بەند، یان سنووردار بکرێت، مەگەر بە یاسایەك، ئەویش کە زێدەڕۆیی نەکاتە سەر جەوهەری ماف و ئازادی».

لە واقیعدا پێویستە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان بەپێی چەند ڕێکارێکی یاسایی دادپەروەرانە ئەنجام بدرێت، بە شێوەیەك کە هاوسەنگیی داواکراو لە نێوان دەسەڵاتداری سیاسی و ماف و ئازدادییەکانی سەرجەم تاکەکاندا بێنێتە دی، تاکو نەبێتە هۆی هێنانەئارای پاشاگەردانی و بێسەروبەری لە پیادەکردندا، هاوکات لێکەوتەکانی شێواندنی باری ئاسایش و بێباکی و پیادەکردنی توندوتیژی نەبێت، چونکە ناکرێت دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتداری سیاسی کۆت و بەند بکرێت بە پاساوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی، هەروەها ناکرێت قوربانی بە ماف و ئازادییەکان بدرێت، بە بیانووی پاراستنی سیستمی گشتی.

پێویستە بگوترێت گرنگترین زەمانەت کە پێویستە دارێژەری دەستوور بڕیاری لێ بدات بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە هەمبەر زێدەڕۆیی دەسەڵاتەکانی حکومەت بەسەر ئەو ماف و ئازادییانەدا دوو خاڵن، یەکەمیان: زەمانەتی ئەوەی میدیاکان ڕۆڵی کارایان لە بەجێهێنانی ئەرکی پیشەیی خۆیاندا هەبێت، بە شێوەیەکی دروست و بە دەستپاکی و ڕوون لە ڕۆشنایی خستنە سەر پێشێلکارییەکانی هەموو دەزگاکانی دەسەڵاتدارانی سیاسی، لەگەڵ پابەندبوونی تەواو بە بێلایەنی، چونکە میدیا ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە لە ئاگادارکردنەوەی هەموو دەزگاکانی حکومەت و ڕای گشتی لە ڕووی دیاریکردنی کەموکوڕییەکان لە هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتدار و ئازادیدا.

دووەم: لە پاڵ ڕۆڵی میدیا و چینی بەئاگا و هوشیار لە بیرمەند و ڕۆشنبیران و سەرکردەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ڕۆڵی چاودێریی دادگا دێت، کە ئەمەش دەبێتە زەمانەتی گرنگیی پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە ستەمی دەسەڵاتدارانی حوکمڕان کاتێك دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات. دادگا ئەو شوورا قایمەیە کە داکۆکی لە ماف و ئازداییەکانی کۆمەڵگە دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر دادگا ڕۆڵی خۆی بە بێلایەنییەکی تەواو و دادپەروەرانە بگێڕێت، چونکە دادگای پتەو و هاوسەنگ و دەستپاك، یەکێکە لە بناغە قایمەکانی حوکمڕانییەکی هۆشمەند و دادپەروەر لە نێو کۆمەڵگەدا.

**لە دیباجە و هەموو بەندەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا بە دەق باس لە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتداری حوکمڕان دەکات، هەروەها باسی پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان دەکات**

**میدیا ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە لە ئاگادارکردنەوەی هەموو دەزگاکانی حکومەت و ڕای گشتی لە ڕووی دیاریکردنی کەموکووڕییەکان لە هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتدار و ئازادیدا**

**دادگا ئەو شوورا قایمەیە کە داکۆکی لە ماف و ئازداییەکانی کۆمەڵگە دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر دادگا ڕۆڵی خۆی بە بێلایەنییەکی تەواو و دادپەروەرانە بگێڕێت**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیا کاریگەریی ئابوورییان هەبووە، بەڵام هێشتا کاریگەری و ئاکامی سیاسییان لێ نەکەوتووەتەوە

**ستیڤن زونێس پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك (پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی)، دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاقار و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و چەند پەرەسەندن و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشکرایە ڕووسیا لە سەرەتادا ڕایگەیاند کە ئەوەی سوپای وڵاتەکەی لە ئۆکرانیا ئەنجامی دەدات، تەنیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەتە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی پتر لە ساڵێك ڕوونەوە، کە ئەوەی ڕووی داوە شەڕێکی گەورە و خەسارەتی گیانی و سەربازیی زۆریشی لەخۆ گرتووە و، ڕووسیا نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگرە لەسەر درێژەپێدانی ئەم شەڕە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ڕووسیا دەیکات لە پەیوەندی بە بەردەوامیدان بە شەڕەکەوە، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە و پێناچێت کارێکی عەقڵانی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئێمە لە ڕابردوو بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە هێزە گەورە و مەزنەکان پەنا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەبەن، سەرەڕای ئەوەی پێشتر چەندین جار تووشی شکست بوونەتەوە، ئەمەش گرێدراوە بە لووتبەرزیی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانەوە، ئەگەرچی هەندێ جار ئەمە لە وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا ڕوو دەدات، بە چەشنی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان ڤێتنام، ئەمەش لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە کە وڵاتەکە باوەڕی وایە کە لەبەر ئەوەی هێزێکی سەربازیی بەرچاوی هەیە، ئەوا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەندێ جار ئەم وڵاتانە لەگەڵ دوژمنێك شەڕ دەکەن کە ئەگەرچی هەمان هێزی سەربازییان نییە، بەڵام ئیرادە و ویستێکی بەهێزتری بەرهەڵستی و شەڕکردنیان هەیە.

*** بەڵام تا ئێستا ڕووسیا نەك هەر تەنیا نەیتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی بەدی بهێنێت، بەڵکو تووشی خەسارەتێکی گەورەش بووەتەوە، ئایا پێتان وایە هۆکار چییە کە ڕووسیا نایەوێت پێداچوونەوە و پاشەکشە لە بڕیاری شەڕەکە بکات؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بە دیاریکراوی ئەم هۆکارە بزانین و بتوانین دەستنیشانی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرۆك ڤلادمیر پوتینیش بە چەشنی زۆرێك لە دیکتاتۆرەکانی دیکە بەلایەوە زەحمەتە ددان بەوەدا بنێت کە کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە، چونکە ئێمە دەزانین کە سەرۆك پوتین سەرمایەیەکی زۆری سیاسی خستووەتەگەڕ لە نێو ئەم هەڵمەتەدا و ترس و نیگەرانیی لەوە هەیە کە ئەگەر ددان بەوەدا بنێت کە بڕیارێکی هەڵەی داوە، ئەوا ئەمە پەرچەکردار و کاردانەوەی سیاسیی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش مەترسی و هەڕەشە لەسەر مانەوەی لە دەسەڵاتدا دروست دەکات، بەدەر لەمە زۆر زەحمەتە بزانین هۆکارەکانی دیکە چین.

*** ئەوە ڕوونە کە بەشێکی توانای ئۆکرانیا بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرگرتن بە پێشڕەوی و سەرکەوتنی سوپای ڕووسیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکارییە سەربازی و داراییانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەدەستی دەهێنێت، وڵاتانی ڕۆژئاواش کۆمەڵێك سزای ئابووری و داراییشیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن و بۆچی تا ئێستا نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بە گۆڕیی بڕیارەکانی بکات؟**

- بە دڵنیاییەوە سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیا کاریگەریی ئابوورییان هەبووە، بەڵام هێشتا کاریگەری و ئاکامی سیاسییان لێ نەکەوتووەتەوە، مەبەستم ئەوەیە هێشتا نەبوونەتە هۆی گۆڕینی سیاسەتی ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕەکەوە، ئەو چینەشی کە کراوەتە ئامانجی سزاکان، مانەوە و بەردەوامبوونیان بەندە بە سەرۆك پوتینەوە

**ئەوەی ڕووسیا دەیکات لە پەیوەندی بە بەردەوامیدان بە شەڕەکەوە، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە و پێناچێت کارێکی عەقڵانی بێت**

**ڤلادمیر پوتینیش بە چەشنی زۆرێک لە دیکتاتۆرەکانی دیکە بەلایەوە زەحمەتە ددان بەوەدا بنێت کە کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە**

**سزاکان بوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا نەتوانێت چەندین کەرەستەی سەربازی بەدەست بهێنێت و هاوردەی بکات**

نەک بە پێچەوانەوە، مەبەستم ئەوەیە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەم چینە لە پوتینەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەینەوە ئەوا ڕاستە ئەم چینە بەهۆی سزا سەپێندراوەکانەوە چەندین بەرژەوەندیی ئابووریییان لەدەست داوە، بەڵام ئەگەر بەرهەڵستی سیاسەتەکانی سەرۆک ڤلادمیر پوتین بکەن، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی زیاتر لەدەست دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە سزاکانەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، ئەگەر ئەم سزایانە بەردەوام بن، ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی دروست بکەن لە نێو ڕووسیادا، بۆی هەیە ئەمەش سەربکێشێت بۆ دروستکردنی گوشاری زیاتر بۆ گۆڕینی ڤلادمیر پوتین، لەلایەکی دیکەوە سزاکان بوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا نەتوانێت چەندین کەرەستەی سەربازی بەدەست بهێنێت و هاوردەی بکات، لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە ڕەوا نەبێت بڵێین ئەم سزایانە تووشی شکستێکی تەواو هاتوون، بەڵام ئەوەش ڕوونە کە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بکەن کە شەڕەکە ڕابگرێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەو ڕاستییە ڕوونە کە ئەمە تەنیا شەڕی ئەم دوو وڵاتە نییە و وڵاتانی دیکە بە ناڕاستەوخۆ تێوەگلاون، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەم شەڕە لە چوارچێوەی گەمە و ڕکابەرێتیی نێوان هێزە سیاسییە مەزنەکانی جیهاندا لێک بدەینەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە هەڵوێست و تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانین لەم ڕووەوە، ئەوا ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە ئەم شەڕە پەیوەستە بە بەرگریکردن لە سیستەمی یاسای جیهانییەوە و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هیچ وڵاتێك ناتوانێت لە ڕێی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزەوە خاکی خۆی بەرفراوان بکات و، هیچ وڵاتێك ناتوانێت تاکلایەنە سنووری نێودەوڵەتییەکان بگۆڕێت، بەڵام ئێوە بڕوانن، ئەمریکا تاکە وڵاتێکە دادان بە سەروەریی ئیسرائیلدا دەنێت بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا کە ئیسرائیل لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧دا دەستی بەسەردا گرت، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە وڵاتە کە ئیعتیرافی کردووە بە لکاندنی سەحرای غەربی لەلایەن مەغریبەوە کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستی بەسەردا گرت، کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەمە شەڕێك بێت کە پەیوەست بێت بە پرەنسیپی دەستدرێژینەکردن و پرەنسیپی بەرفراوانەکردنی خاك لە ڕێی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزەوە، ئەوا بۆچی بۆ نموونە پشتیوانیی مەغریب دەکات. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە ڕووسیا دەستدرێژیکارە و بە دڵنیاییەوە پێم وایە ئەوەی ئەنجامی دەدات کارێکی ناڕەوا و نایاساییە و، پێم وایە ئەو پرەنسیپانەی کە ئەمریکا ئاماژەیان پێ دەکات، دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا پێیانەوە پابەند بین، بەڵام من پێم وا نییە ئەمریکا لەبەر ئەو هۆکارەی کە خۆی ڕایگەیاندووە پشتیوانیی ئۆکرانیا دەکات، هەرچۆنێك بێت هەندێ جار هەندێك وڵات کارێکی ڕاست و دروست بە پاڵنەری هۆکارێکی هەڵە ئەنجام دەدات، من لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە نارازای نیم لە بەرگریکردن لە ئۆکرانیا، بەڵام پێم وایە شرۆڤەکارییەکی وردتر دەکەین، ئەگەر لە چوارچێوەی ململانێ و ڕکابەریی نێوان هێزە مەزنەکاندا لەم پرسە بڕوانین، نەك ئەوەی بەرگریکردن لە ئۆکرانیاوە گرێ بدرێتەوە بە هەندێ لە پرەنسیپی مۆڕاڵی، یان مرۆییەوە.

*** بەڵام ئایا دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین کە سیستەمێکی دیکەی جیهانی بێتەئاراوە (کە جیاواز بێت لەوەی پێشوو) وەك دەرئەنجام و ئاکامی ئەم شەڕە و، ئایا پرەنسیپە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی چی دەبن ئەگەر سیستەمێکی نوێ جێی سیستەمەکەی پێشوو بگرێتەوە؟**

- بە داخەوە ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە ئەوەیە کە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە سەریان کێشاوە بۆ گرتنەبەری ئاراستە و ئاقارێکی سەربازییانە، ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا خەرجییەکی زیاتر تەرخان دەکەن بۆ بواری سەربازی، کە ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە داهاتێکی کەمتر تەرخان دەکرێت بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوشێوەکانی، ئەوە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆك جۆ بایدن بەڵێنەکەی خۆی شکاند کە ڕایگەیاندبوو هەڵکۆڵینی زیاتر ناکات بۆ دەرهێنانی نەوت، بەڵام ئێستا بە پاساوی کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ڕووسیاوە ئەم کارە دەکات، لە ئەورووپاش پەنایان بردووەتەوە بەر هەندێ شێواز لە پەیوەندی بە وزەوە کە زیانی بۆ ژینگە و کەشوهەوا هەیە. هەرچۆنێك بێت کاتێك قەیرانی جیهانیی لەم چەشنە سەرهەڵدات و دێتەئاراوە ئەوا پیشەسازیی سەربازی و هەندێ لە کۆمپانیا دیاریکراوەکان لە بارودۆخەکە سوودمەند دەبن.

**ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا خەرجییەکی زیاتر تەرخان دەکەن بۆ بواری سەربازی، کە ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە داهاتێکی کەمتر تەرخان دەکرێت بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و هاوشێوەکانی**

**سەرۆک جۆ بایدن بەڵێنەکەی خۆی شکاند کە ڕایگەیاندبوو هەڵکۆڵینی زیاتر ناکات بۆ دەرهێنانی نەوت، بەڵام ئێستا بە پاساوی کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ڕووسیاوە ئەم کارە دەکات**

**کاتێک قەیرانی جیهانیی لەم چەشنە سەرهەڵدات و دێتەئاراوە ئەوا پیشەسازیی سەربازی و هەندێ لە کۆمپانیا دیاریکراوەکان لە بارودۆخەکە سوودمەند دەبن**

دیمانەی تایبەت




### پڕۆفیسۆر نەدیم شەهەدی بۆ گوڵان:

# ئەمریکا دۆڕاوی سەرەکیی ڕێککەوتنی ئێران و سعودیەیە

**پرۆفیسۆر نەدیم شەهەدی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی ئەمریکی لوبنانییە لە نیویۆرك و توێژەری بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە لە دامەزراوەی چەتەم هاووس، پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەر فارێس بوو بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی توفتس، هەروەها بەڕێوەبەری دیراساتی لوبنانی بوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە ڕێککەوتنی ئەم دواییە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ڕکابەری هەرێمی (عەرەبستانی سعودیە و ئێران) و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە و پرسی بارودۆخی ناوخۆیی لوبنان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیی گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان سعودیە و ئێران دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی متمانە بە سەرکردایەتی و توانای ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت زامنی ئاسایشی وڵاتە هاوپەیمانەکانی بکات**

*** ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران بە پێشهات و پەرەسەندنێکی گرنگ دادەنرێت و هەندێ پێیان وایە ئەمە دەرئەنجامی ئەوەیە کە هەردوو وڵاتەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر ناتوانن لە ڕێی دژایەتیکردن و ڕکابەرایەتیکردنی یەکترییەوە بەرژەوەندییەکان بەدی بهێنن و پێویستە ڕێگەچارەی ئاشتییانە بگرنەبەر، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیی گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان سعودیە و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی متمانە بە سەرکردایەتی و توانای ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێت زامنی ئاسایشی وڵاتە هاوپەیمانەکانی بکات. ئێمە دەزانین پێشتر دۆخی ناوچەکە بە چەشنێك بوو کە لە لێواری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەدا بوو لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەوە بوو، وڵاتی چین بووە ئەو بەدیلەی ڕووی تێ بکرێت، کە ئێمە دەزانین وڵاتی چین چەندین پەیوەندیی بەتینی بازرگانی هەیە هەر دوو لایەنەکەدا.

*** بۆچوونێکی دیکە هەیە کە بە گومانەوە لە سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ئەم ئاشتەوایی و ڕێککەوتنە دەڕوانێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە مێژووی ناکۆکیی نێوان ئەم دوو وڵاتە بە چەشنێکە، کە زەحمەتە بتوانرێت ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت، خوێندنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- منیش پێم وایە کە متمانەی پێویست لە ئارادا نییە لە نێوان سعودیە و ئێراندا بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ بەردەوامبوونی ڕێککەوتنەکە. هەرچۆنێك بێت، هەردوو وڵاتەکە توانیویانە ئەم ڕێککەوتنە وەك سەرکەوتن وێنا بکەن و بیخەنە ڕوو، لەم ڕووەوە من دەتوانم ئەوە بڵێم کە ڕەنگە دۆڕاوی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، چونکە لە مەودای دووردا ئێران هەست دەکات کە ئەمریکای تووشی شکست کردووە، چونکە توانیویەتی درزێك بخاتە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی کەنداودا.

*** کەواتە لە ڕوانگەی وەڵامەکانتانەوە دەکرێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم ڕێککەوتنە بەڵگە و ئاماژەیە بە هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چین و، ئەمەش مایەی ناڕەحەتی و نیگەرانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەگەرچی ئەمریکا بە فەرمی باسی لەوە کرد کە پێشوازی لە هەر هەوڵێك دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکە؟**

- ئێمە دەبێت لەوە بڕوانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ورد ورده دەرك بەو ڕاستییە دەکات کە هەر بۆشاییەك جێ بهێڵێت بە هۆی پاشەکشەکردنی لە ناوچەکەوە، ئەوا چین ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، دەتوانم بڵێم هەمان پەرەسەندن لە ئەفریقا ڕوو دەدات، ئەوەتا چین سەرقاڵی کڕینی ئەو کیشوەرەیە و خستوویەتە داوی قەرزەکانیەوە، هەروەها ڕووسیاش گرووپی ڤاگنەری هەیە کە لە زۆربەی ناوچە پڕ لە ناکۆکییەکاندا شەڕ دەکات، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵی دەرکردنی بەیاننامەیە لەسەر مافەکانی گرووپی پەلکەزێڕینەوە و هاوسەنگیی جێندەری.

**ئەمریکا وردە وردە دەرک بەو ڕاستییە دەکات کە هەر بۆشاییەک جێ بهێڵێت بە هۆی پاشەکشەکردنی لە ناوچەکەوە، ئەوا چین ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە**

*** ئێوە لە میانەی وەڵامەکانتدا ئاماژەت بەوە کرد کە ڕەنگە ئێران هەست بکات شکستی بە ئەمریکا هێناوە لەبەر ئەوەی توانیویەتی درز بخاتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا، ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین ئەم ڕێککەوتنە گومانی خستووەتە سەر پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە و، ئایا چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە عەرەبستانی سعودیە لە سەروبەندی هێرشێکی گەورەی دیپلۆماسیدایە، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی هاوسەنگییەك بەدی بهێنێت لە نێوان پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم پەیوەندییانەش بە چەشنێکن کە ناتوانرێت جێیان بگیرێتەوە و، دەیەوێت زامنی ئاسایشی خۆی بکات لە ڕێی سەقامگیرکردنەوە و ئارامکردنەوەی ناوچە پڕ لە ناکۆکییەکانی وەك یەمەن، سووریا، عێراق و فەلەستین.

*** هەر وەك ئێوە باستان لە پرسی پەیوەست بە کشانەوەی یان خۆبەدوورگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، ئایا دەکرێت ئەم ڕێککەوتنەش لەم چوارچێوەیەدا لێك بدرێتەوە و پێت وایە ڕێگەچارەی بنیادنەر چییە کە پێویستە ئەمریکا بیگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- من پێم وایە هەنگاوی سەرەکی و بنەڕەتی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت لەم ڕووەوە بیگرێتەبەر، بریتییە لە گۆڕینی تێڕوانینەکانی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. من لەم ڕووەوە باوەڕم وایە کە ناکرێت تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕی ئۆکرانیا جیا بکرێتەوە لە کێشە و قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەمان کاتدا ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی داهاتووی پەیوەست بە پرسی تایوانەوە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە شێوازی خۆبەدوورگرتنی لە هەر دوو وولاتی عێراق و سووریاوە، پەیامێکی هەڵەی ئاراستەی هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران کرد. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکاش لەگەڵ وڵاتی چیندا گرێ دراوە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە شەڕی ئۆکرانیاوە. پوختەی قسەکە ئەوەیە، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت پەرە بە ستراتیژیەتێکی جیهانی بدات بۆ پاڵپشتیکردن لە هاوپەیمانەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرەکانی، ئەوا تێڕوانین و ڕێگاچارەیەکی لەم چەشنە سەردەکێشێت بۆ گرتنەبەر و پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی بنیادنەرتر.

*** ئێوە کەسێکن کە لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخی لوبنان دەکەن، شتێکی شاراوە نییە کە هەمیشە پریشکی ئاگری ڕکابەریی عەرەبستانی سعودیە و ئێران چەندین وڵاتی ناوچەکەی گرتووەتەوە، یەکێك لە وڵاتانەی کە تووشی بارودۆخێکی نالەبار و ناهەموار بووەتەوە وڵاتی لوبنانە کە کەوتووەتە بەر بەرداشی ئەم ڕکابەرییە، کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە ئەم ئاشتەواییە دەرگایەکی خێر بە ڕووی ئەم وڵاتەدا بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین ئەمە بڵێین، چونکە هێشتا ئەوەتا ڕکابەری لە ئارادایە لە نێوانیاندا و هێشتا ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری نەرێنیی هەیە لە وڵاتانی لوبنان و سووریا و فەلەستین و عێراق و ئەولەوییەتەکانی عەرەبستانی سعودیەش لە شوێنی دیکەن. هەرچۆنێك بێت ئایندەی تێکڕای ناوچەکە لە مەحەکدایە و پێویستە بە شێوازێکی گشتگیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، ڕووسیا و چین بڕوانین.

*** هەر لە پەیوەندی بە لوبنانەوە، ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە تووشی تەنگژە و قەیرانێکی قووڵ و ئاڵۆز بووەتەوە و، ئەمەش دۆخێکی پڕ لە هەژاری و بێبەشبوونی خوڵقاندووە و، بارێکی ناهەمواری بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دروست کردووە، ئێوە چۆن لە هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم قەیرانانە دەڕوانن کە بەرۆکی ئەم وڵاتەیان گرتووە؟**

- بۆچون و لێکدانەوەی من ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی لوبنان بریتییە لە تێکشکاندنی بەردەوامی وڵاتەکە لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە کاتێك ئەم وڵاتە هەوڵی دا خۆی لە دەستڕۆیشتوویی سووریا و چنگی حزبوڵا ڕزگار بکات. بۆیە وڵاتەکە تووشی داڕووخان بوو، لەژێر باری قورسی تیرۆرکردنەکان و هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل و داگیرکردنی شاری بەیرووت و هێرشکردنە سەر ئەم شارە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٩ لەلایەن حزبوڵاوە، ئەمەش سەری کێشا بۆ ئیفلیجبوونی دامەزراوەکان و وڵاتەکەش بۆ ماوەی ٢٩ مانگ بووە بارمتەی میلیشیاکان، لەو ماوەیەشدا بێ پەرلەمان بوو، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨دا نە حکومەت و نە سەرۆك نەبوون، تا ئەو کاتەی خۆیان سەرۆکێکیان هەڵبژارد، ئەمە لە پاڵ تەنگژەیەك لەگەڵ وڵاتە گەورەکانی کەنداو و ناکۆکی و کێشە لەگەڵ هاوبەشە ئابوورییە گەورەکەی لە کەنداو بۆ دروست بوو، بە هۆی حزبوڵا و هاوپەیمانەکانیەوە، ئەمە سەرباری ئاکامەکانی شەڕی سووریا و هاتنی شەپۆلی پەنابەران لە سووریاوە بۆ لوبنان. بە کورتی لوبنان بووە غەززەیەکی نوێ، گۆشەگیر و ئابڵوقە درا و لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی دابڕا.

**هەنگاوی سەرەکی و بنەڕەتی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت لەم ڕووەوە بیگرێتەبەر بریتییە لە گۆڕینی تێڕوانینەکانی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا**

**شێوازی خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لە هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریاوە، پەیامێکی هەڵەی ئاراستەی هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران کرد**

**هێشتا ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری نەرێنی هەیە لە وڵاتانی لوبنان و سووریا و فەلەستین و عێراقدا و ئەولەوییەتەکانی عەرەبستانی سعودیەش لە شوێنی دیکەن**

**هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی لوبنان بریتییە لە تێکشکاندنی بەردەوامی ئەو وڵاتە کە پێیدا تێدەپەڕێت لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە، ئەم وڵاتە هەوڵی نەهێشتنی دەستڕۆیشتوویی سووریا و حزبوڵا دەدات**



ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بۆ گوڵان:

# لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە گۆڕینی بەشی دووەمی بۆڕیی ئیفراز سێ دەکرێت

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی هاوین و هۆشداریی پارێزگاری هەولێر کە ئەم هاوینە پارێزگای هەولێر ڕووبەڕووی کێشەی کەمئاوی دەبێتەوە و، پرسی ئاو لە پەیوەندی بە دەستەبەرکردنی ئاوی خواردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی کەمئاوی و سەرکەوتنی پارێزگای هەولێر لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی لافاو لە زستانی ڕابردوو و چەند بابەتێکی دیکە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی هاوین پارێزگاری هەولێر هۆشداریی ئەوەی دا، کە ئەم هاوینە پارێزگای هەولێر ڕووبەڕووی کێشەی کەمئاویی مەترسیدار دەبێتەوە، هۆکاری دروستبوونی ئەم مەترسییە چییە؟ ئایا بۆچی وەك ساڵانی پێشوو لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم پرسە پێك نەهاتووە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ببنەوە؟**

- ئەو هۆشدارییەی جەنابی پارێزگاری هەولێر داویەتی لە جێگەی خۆیەتی، ئەویش لەسەر بنەمای وشکەساڵیی ساڵانی ڕابردوو و کەمیی ڕێژەی بارانبارینە کە چەندین ساڵە دووبارە دەبێتەوە، هاوکات ئەم هۆشدارییە پەیوەستە بە دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی، کە بەردەوام بیرەکانی ئاوی خواردنەوەی ناو شار و گەڕەکەکان ڕوو لە وشکبوون دەکەن، شاریش بە ڕادەیەکی زۆر لە بەرفراوانبووندایە، ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێریش ٤٥٪ تا ٥٠٪ی لە ئاوی ژێر زەوی و لە ڕێگەی بیرەکانەوە دابین دەکرێت، ئەگەرچی لەلایەن حکومەتەوە کار و پرۆژەی بەردەوام بۆ بەرهەمهێنان و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و چارەسەری گرفتەکان بەپێی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە بەردەوامە، کە پارێزگاریش زۆر پاڵپشت بووە و بودجەی تایبەتیشی بۆ ئەو مەبەستە دابین کردووە، لێرەدا تەئکید دەکەینەوە هەر کێشە و گرفتێك لە ئاوی خواردنەوە ڕوو بدات، ئەوە کار و پلان هەیە و بودجەش بۆ چارەسەرکردنیان تەرخان دەکرێت، تاوەکو نەهێڵدرێت کێشەی کەمئاوی زەق ببێتەوە و هاووڵاتیان تووشی زەحمەتی و ناخۆشی ببن، بێگومان ئەوانەی باسمان کرد هەر هەموویان پلانی کورتخایەن و هەنووکەیین بۆ ئەم وەرزی هاوینەی کە لە پێشمانە، ئەگەرچی بۆ چارەسەری کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر پرۆژەی ئیفراز چوار هەیە کە چەند ساڵێکە لەگەڵ کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی گرێبەست کراوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە و، ئێستاکەش هەوڵ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە هەیە کە دەست بە کارەکانی بکات، هەروەها بۆ شاری سلێمانی پرۆژەی ئاوی دووکان سێ هەیە و ئەو پرۆژەیەش لە پلانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ ڕیزبەندی بۆ کراوە و، هەر ئێستا چوار پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان لە ژێر جێبەجێکردنە، کە بریتین لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی (بارزان، ئاکرێ، دەربەندی ڕانیە و دەربەندیخان) و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا پرۆژەی ئاوی خواردنەوە (گۆپتەپە – چەمچەماڵ)یش ڕادەگەیەنین.

*** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی لافاو لە زستانی ئەمساڵدا، پارێزگای هەولێر سەرکەوتوو بوو و پارێزگای هەولێریش دەڵێت: «بۆیە سەرکەوتوو بووین، چونکە پلانمان هەبوو، بودجەیەکمان لەبەردەستدا بوو بە بڕی ١٢ ملیار دینار، ئایا هیچ بودجەیەکی تەرخانکراو لەبەردەستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمئاوی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیانی هەولێر؟**

- ئەو پلانەی بۆ ساڵێك و نیو تا دوو ساڵ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی لافاو دانرابوو، کاری لەسەر کرا و بودجە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو، بەشێکی پەیوەست بوو بە پارێزگا و بەشێکیشی

**هەر کێشە و گرفتێک لە ئاوی خواردنەوە ڕوو بدات، ئەوە کار و پلان هەیە و بودجەش بۆ چارەسەرکردنیان تەرخان دەکرێت، تاوەکو نەهێڵدرێت کێشەی کەمئاوی زەق ببێتەوە و هاووڵاتیان تووشی زەحمەتی و ناخۆشی ببن**

بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەشێکیش لە بودجەکە ڕاستەوخۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێریی هەولێر چووە، ئەو بودجەیەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لافاو دانرا بوو، پەیوەست بوو بە کردنەوەی ڕێڕەوی ئاوی کەندە سرووشتییەکان و لادانی زێدەڕۆییەکان لەو شوێنانەی لافاو تێیدا ڕووی دا و، فراوانکردنی ڕێڕەوی ئاوەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی بەشێك لەو ئاوبەر و قەنتەرانەی کە هەبوون، لەو شوێنانەی کە ببوونە هۆکاری گلدانەوەی ئاو و دروستبوونی لافاو، ئاوەڕۆی ئەندازەیی و پێویست لە ژێر شەقامەکان دروست کرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر، بە هەماهەنگیی یەکە خزمەتگوزارییەکان و سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر و کار و هەڵمەتێکی زۆر باش و گەورە کرا بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆیەکان، بەتایبەت بۆ چەمپەر و ئەو ئاوەڕۆیە لوولانەی کە ئاوی تێدا کۆبووبووەوە. هاوکات چەند پرۆژەیەکی ئاوەڕۆ لەناو شاری هەولێر جێبەجێ کران، وەك ئەوەی لە چوارڕیانی سەر ٦٠ مەتری بۆ کە دووسایدی گەڕەکی نەورۆز دەچێت، کە تەواو بووە و پرۆژەی ئاوەڕۆی سەر ٣٠ مەتری کە درێژ دەبێتەوە تا بەردەم باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە و چەندین قەنتەرە لە ئاوەڕۆی ژێر ڕێگەی (هەولێر – پیرمام) و ژێر شەقامی ١٥٠ مەتری بە شێوەیەکی زۆر سەردەمییانە بەرفراوان کراون، کە دەبینین لە بارنبارینەکانی کۆتاییدا کە ڕێژەی ئاوەکەش چەند زۆر بوو، بەڵام ئاوەکە زۆر بە ئاسایی دەڕۆیشت و لە هیچ شوێنێك ئاو کۆنەبووەوە، لەو شوێنانەی ئاوەڕۆیەکانی هەیە، بە شێوەی سندوقی جێبەجێ کراون، هەروەك ئەو بودجەیەی بۆ ئاوەڕۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی لافاو تەرخان کرابوو، بە هەمان شێوە ساڵانە بودجەیەك بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئاوی خواردنەوە لە شاری هەولێر و دەوروبەری تەرخان دەکرێت.

*** نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣ تەواو بوو، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ستراتیژیی گەورە بوو، تا ڕادەیەکی زۆر باش کێشەی کەمئاویی هەولێری چارەسەر کرد، لەگەڵ فراوانبوونی هەولێریش بڕیار بوو، ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی ئیفراز لە ٦ هەزار مەتر سێجا بەرز بکرێتەوە بۆ ١٠ هەزار مەتر سێجا، گرفتە سەرەکییەکانی ئاوی ئیفرازی ٣ چییە و ئایا پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣ فراوان کراوە و حەوزی زیاتری بۆ دروست کراوە؟**

- پرۆژەی ئیفراز سێ کە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێ کرد و لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆتایی هات و ٦٠٪ی تەواو بوو، لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٦ ڕێژەی ٤٠٪ی پرۆژەکە مابوو ئەویش کۆتایی هات، بەو هەنگاوە تەواوی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوەی پرۆژەی ئیفراز سێ ١٠٠٪ کەوتە خزمەتی خەڵکی شاری هەولێر، بەڵام گرفتی سەرەکیی ئەو پرۆژەیە شکانی بۆڕیی هێڵی گواستنەوەکەی بوو، بەتایبەتی لەو شوێنەی کە پێی دەگوترێت مەرعودا، کە دەکەوێتە نزیك گوندی گەزنە تا دەگاتە کۆگای سەرەکیی گلدانەوەی ئاوەکە کە دەکەوێتە پشت وەزارەتی پێشمەرگە، کە ئەو درێژییەش ١١ کیلۆمەترە کە لە مانگی ١١و١٢ ساڵی ڕابردوو بڕیاری بۆ دەرچوو، کە ئەو ماوەیە بۆڕییەکەی بگۆڕدرێت کە لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بڕی زیاتر لە ٢١ ملیار دیناری بۆ تەرخان کرا و، وەك قۆناغی یەکەم (٢٧٥٠) مەتری لێ گۆڕدرا کە ٧٠تا٨٠٪ی شکانەکان لەو ماوەیەدا بوو و قۆناغی دووەمی گۆڕینی بۆڕییەکە کە بەشێك لە شکان و گرفتەکانی تێدایە، کە درێژییەکەی نزیکەی (٢٠٠٠) مەتر دەبێت، لە ماوەیەکی نزیکدا دەست پێ دەکات و بە تەواوبوونی قۆناغی دووەمی گۆڕینی بۆڕییەکەش کێشەکان نزیکەی ٩٠تا٩٥٪ی نامێنێت، لە ساڵی ٢٠١٦ بەرهەمێنانی پرۆژەکە لە ٢٠ هەزار مەتر سێجا زیاد کرا بۆ ٧٠هەزار مەتر سێجا، لەو کاتەدا حەوزێکی دیکەی گلدانەوەی ئاو دروست کرا و دەبێت بپرسین بۆچی ئەو پرۆژەیە بەشی شاری هەولێر ناکات؟ بێگومان ئەو گەشەکردن و بەرفراوانییەی شاری هەولێر کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێ کرد، ئەوە هاوتەریب نەبوو لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە پێویست بوون بۆ شاری هەولێر، چونکە شەقامی ١٠٠ مەتری ئەو کات کۆتایی شاری هەولێر بوو، ئەگەرچی ئێستا شاری هەولێر چەند بەرانبەر زیادی کردووە و باڵەخانەی

**بۆ چارەسەری کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر پرۆژەی ئیفراز چوار هەیە کە چەند ساڵێکە لەگەڵ کۆمپانیای بای وەتری بەریتانی گرێبەست کراوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە**

**هەر ئێستا چوار پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان لە ژێر جێبەجێکردندە، کە بریتین لە پرۆژەی ئاوی خوادرنەوەی (بارزان، ئاکرێ، دەربەندی ڕانیە و دەربەندیخان) و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا پرۆژەی ئاوی خواردنەوە (گۆیتەپە – چەمچەماڵ)یش ڕادەگەیەنین**

**لەو شوێنانەی ئاوەڕۆیەکانی هەیە، بە شێوەی سندوقی جێبەجێ کراون، هەروەك ئەو بودجەیەی بۆ ئاوەڕۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی لافاو تەرخان کرابوو، بە هەمان شێوە ساڵانە بودجەیەك بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ئاوی خواردنەوە لە شاری هەولێر و دەوروبەری تەرخان دەکرێت**

نیشتەجێبوون و بازرگانیی زۆر گەورە و بەرزیشی تێدا دروست کراوە، هەر بۆیە پرۆژەکانی ئاو تەنیا بەشی ٥٠٪ی دانیشتووانی شاری هەولێر دەکات و ٥٠٪ی دیکەش بە نزیکەی ١٤٠٠ بیر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا شارێکی وەك هەولێر پێویستی بە پرۆژەیەکی وەك هەولێر چوار هەیە، کە تواناکەی (٢٥) هەزار مەتر سێجایە، کە ئەو برەش یەکسانە و دەتوانین بڵێین زیاتریشە لەو پرۆژەی ئاوانەی ئێستا لە هەولێر هەیە لەگەڵ ئەو ژمارە بیرانەی کە ئاو بۆ گەڕەکەکان دابین دەکەن.

*** باس لەوە دەکرێت لە ڕووی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە بە ستاندەری جیهانی، بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە بۆ هەولێر نزیکە لە ئاستی ئەو ستاندەرە، بەڵام کێشەی بەفیڕۆدانی ئاو هەیە، ئایا بەرنامەتان بۆ ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو چییە و، ئایا وڵاتانی دیکە چۆن کێشەی بەفیڕۆدانی ئاویان چارەسەر کردووە؟**

- وەك ئەو داتایانەی لەلامانە، ڕۆژانە بۆ شاری هەولێر و دەوروبەری (٦٩٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بەرهەم دێت و دەگوازرێتەوە وەك وڵاتانی دونیا، بەتایبەت وەك وڵاتانی دەوروبەر کە هەمان کەشوهەوایان هەیە، هەر تاکێکی دانیشووانی ئێمە ڕۆژانە پێویستی بە (٢٠٠ تا ٢٥٠) لیتر ئاو هەیە، بەڵام بەپێی ئەو بەرهەمهێنانی ئاوەی هەیە و ئەو ئاوەی دەگاتەماڵەکان ئەوە هەر تاکێکی خەڵکی هەولێر ڕۆژانە (٣٧٠) لیتر ئاوی بەردەکەوێت کە زۆر لە ستانداردی جیهانی زیاترە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو ئاوی خواردنەوەیە بە چەندین ڕێگەی زێدەڕۆیی لەلایەن خەڵکەوە بە فیڕۆ دەچێت، بەتایبەت بە نەبەستنی تەوافە لەسەر تانکییەکانیان و شووشتنی ئۆتۆمبێل و بەردەرگاکانیان و ئاودانی باخچەکان، بەتایبەتی ئەو باخچانەی بەرانبەر ماڵەکانیان بە زێدەڕۆیی دروست کراون، هەر چەندە ئێمە پێوەرمان بە چەندین قۆناغ بۆ دەستگرتن بەسەر ئاو و بەفیڕۆنەدانی بەستووە، بەڵام هێشتا زۆر هاوبەشی ماڵان هەیە پێوەریان نەبەستووە، کە بۆ ئەوانەش ڕێنمایی و کرێی ئاو بەجۆرێکی دیکە حیساب دەکرێت، وەك ئەوە نییە کە پێوەری بەستووە، بەڵام لە کار و هەوڵداین، کە هاوبەشان پێوەری ئاو ببەستن و ئاو بەفیڕۆ نەدەن، لە هەموو هەرێمی کوردستان تا ئێستاکە یەك ملیۆن و هەشتاوپێنج هاوبەشمان هەیە و لەو ژمارەی هاوبەشەش ٨٣٪یان پێوەری ئاویان بەستووە .

*** ئەمساڵ چەندین پرۆژەی ئاوەڕۆ لە هەولێر جێبەجێ کران، کە وەك باسی دەکەن ئەوانیش بە هۆی نەبوونی پارەوە کاریان تێدا وەستاوە، ئایا ئەوە دەستپێکی پرۆژەی ئاوەڕۆی هەولێرە کە لە ٢٠٠٥ ـەوە ماستەر پلانەکەی تەواو بووە، یان ئەمە دەستپێکی قۆناغی یەکەم بوو؟ ئەی کەی قۆناغەکانی دیکەی دەست پێ دەکات؟**

- لە ساڵی ڕابردوو تا ئێستا بە دەیان پرۆژەی بچووکی ئاوەڕۆ لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لە قەزا و ناحیەکان جێبەجێ کراون، هاوکات چەند پرۆژەی گەورەش وەك ئەوەی باسمان کردن لە سەر ٦٠ مەتری و پێش ئەنجومەنی وەزیران و تەیراوە و چەندین شوێنی دیکە، کە ئەو پرۆژانە بەشێکی زۆر لە کێشە و گرفتەکانی ئاوەڕۆ لەو شوێنانە چارەسەر دەکات، پرۆژەی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی جایکای یابانیەوە لەسەر قەرزی درێژخایەن جێبەجێ دەکرێت، ماوەی چەندین ساڵە دیزاینەکەی تەواو کراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو پرۆژە ستراتیژییە پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار هەیە، وەك قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە لەسەر قەرزی یابانی کە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، ئەو قۆناغە لە هەنگاوی تەندەریندایە و بۆ جێبەجێکردنی ئێستا لە گفتوگۆداین لەگەڵ کۆمپانیایەکی شارەزای یابانی، ئەگەرچی ئەو ڕێژەی پارەی ئەو کۆمپانیایە داوای کردووە زۆر بەرزە، بۆیە ئێمە لە گفتوگۆداین لەگەڵیان تاوەکو بگەینە ئەو ڕێژە و بڕە پارەییە کە پێویست و گونجاوە بۆ پرۆژەکە، بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە سیستمی ئاوی قورس لەگەڵ ئاوی باران لە یەکتر جیا دەبێتەوە و کارگەیەکی ڕیسایکلینیش لە خوارووی هەولێر هەر لەگەڵ ئەو قۆناغی پرۆژەیەدایە، کە شوێنی بۆ ئامادە کراوە لە نزیك گوندی عارەب کەند، کە ئەو ئاوەی لەوێ ڕیسایکلین دەکرێت، دەتوانرێت جارێکی دیکە بۆ ئاودانی باخچە و پارك و چەندین کاری دیکە جگە لە خواردنەوە بەکار بێت.

**پرۆژەکانی ئاو تەنیا بەشی ٥٠٪ی دانیشتووانی شاری هەولێر دەکات و ٥٠٪ی دیکەش بە نزیکەی ١٤٠٠ بیر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرێت**

**هەر تاکێکی خەڵکی هەولێر ڕۆژانە (٣٧٠) لیتر ئاوی بەردەکەوێت کە زۆر لە ستانداردی جیهانی زیاترە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو ئاوی خواردنەوەیە بە چەندین ڕێگەی زێدەڕۆیی لەلایەن خەڵکەوە بە فیڕۆ دەچێت**

**پرۆژەی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی جایکای یابانیەوە لەسەر قەرزی درێژخایەن جێبەجێ دەکرێت، ماوەی چەندین ساڵە دیزاینەکەی تەواو کراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو پرۆژە ستراتیژییە پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار هەیە**

# بەرەو زیاتر پاراستنی مافە ژینگەییەکانی منداڵان

لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: هەموو کەسێك مافی ژیانی هەیە لە ژینگەیەکی سەلامەتدا، هەروەها هاتووە: خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و دەوڵەتیش قەوارە و بەها ئایینی و ئاکاری و نیشتمانییەکانی دەپارێزێت. ئەوەش هاتووە: دەوڵەت مافەکانی دایکان و منداڵان و بەساڵاچووان زامن دەکات و چاودێریی تازەپێگەیشتووان و لاوان دەکات.


هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: دەوڵەت مافەکانی تاك و خێزان زامن دەکات، بەتایبەت منداڵ و ئافرەت لە بیمەی تەندروستی و پایە بنەڕەتییەکانی گوزەران لە ژیانێکی ئازاد و شکۆمەند و دابینکردنی دەرامەتی گونجاو و نیشتەجێبوونی شیاو.

بۆیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دوو مافی دەستووریدا کە یەکێکیان پاراستنی مافەکانی منداڵە و ئەوی دیکەشیان مافی هەموو کەسێکە بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا، هەروەها پاڵپشت بە ماددەی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، پێویستە لە سەرەتاوە بایەخ بدەین بە جیهانی پڕ لە بەرائەت و جوانیی منداڵان کە جیهانێکی هێند فراوانە مەگەر تەنیا پسپۆڕان و شارەزایان پەی بە بەشێکی بچووکی ئەو جیهانە ببەن.

بۆیە وڵاتانی خاوەن ئەزموون و پێشکەوتووی دونیا ساڵانێکی زۆرە کار بەو بنەمایە دەکەن بۆ گۆڕان و پێشکەوتن کە دەڵێت: زانست لە منداڵیدا وەك نەقشی سەر بەردە، بەو مانایەی کە هەموو گۆڕانکارییەك لە سەرەتاکانەوە و لە منداڵانەوە بەرهەم دەهێنێت.

بۆیە پێویستە ئێمەش هەرچی هەوڵی جوان و نایاب هەن بۆ منداڵانی کوردستانی بدەین، چونکە منداڵان خاوەنی ویژدانێکی ئاسوودە و دونیایەکی پڕ لە جوانی و ناخێکی پاك و خاوێن و دڵێکی میهرەبانن، ڕێك هەر وەکو ژینگەی کوردستانمان کاتێك لە حاڵەتی خاوێنی و پاکی و جوانیدایە.

بۆیە لێرەوە جێگەی خۆیەتی مرۆڤە گەورە و بەتەمەنەکانی بوارەکانی ژیان، بە بواری ژینگەشەوە، ئومێدی گەورە و هیوای زۆر لەسەر منداڵان هەڵبچنن، چونکە بۆ ئەوەی ژینگە و پێکهێنەرەکانی بە پاکی و خاوێنی بمێننەوە، هەر دەبێت لە منداڵانی دۆستی ژینگە و



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

ژینگەدۆستەوە دەست پێ بکەن.

جا بۆ ئەوەی لە ئێستاوە خەم لە دوارۆژی منداڵانی ئازیز و خۆشەویستمان بخۆین، پێویست بەوە دەکات لە تەمەنی ئێستای ئەوانەوە پاراستنی ژینگە، کەس و ڕێکخراوی خەمخۆری بۆ پەیدا ببێت، ئێمەش لە هەرێمی کوردستاندا پێکەوە ڕەچاوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین لە بواری پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان ژینگە و مافەکانی منداڵ:

١- ڕەچاوکردنی مافە ژینگەییەکانی منداڵ لە کاتی دارشتنی یاساکاندا.

٢- دیارکردنی ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی جێبەجێکار.

٣- دەستنیشانکردنی کاریگەریی نەرێنیی زیانە ژینگەییەکان لەسەر مافەکانی منداڵ.

٤- بەشدارییپێکردنی منداڵان لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتە ژینگەییەکانیان.

٥- دیارکردنی ڕۆڵی کەرتی کار لە دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت بۆ منداڵان.

٦- ڕەچاوکردنی بارودۆخی منداڵان لە ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی.

٧- زیادکردنی هوشیاریی ژینگەیی بە ڕەچاوکردنی مافەکانی منداڵان لە ڕێگەی ژینگەی خاوێنەوە.

٨- دابینکردنی ڕووبەری سەوزایی بۆ شاری منداڵان لە نێو شارە گەورەکاندا.

٩- دوورخستنەوەی خوێندنگای منداڵان لەو شوێنانەی هۆکاری گواستنەوە و کارگە و ژاوەژاوی تێدا بڵندە.

١٠- جێکردنەوەی مافەکانی منداڵان لە ڕاپۆرتە وەرزییەکانی وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان.

١١- ڕەچاوکردنی مافە ژینگەییەکانی منداڵان لەو ڕاپۆرتانەی لە بارەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە ئامادە دەکرێن.

١٢- دانانی بابەتەکانی پەیوەست بە ژینگە و مافە ژینگەییەکانی منداڵان لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندندا.

١٣- چەمکەکانی پاراستنی ژینگە لە یاری و گەمە و چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکانی منداڵاندا.

١٤- بایەخدانی زیاتر بە ئامادەکردنی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندیی نێوان ژینگە و منداڵان بەهێزتر دەکەن.

بێخاڵ عەبدوڵڵا:

# دوای ماوەیەکی کەم لە ژیانی هاوسەریم، ئاڵتوونەکانم فرۆشت و مەکینەیەکی دروومانم پێی کڕی و دەستم بە کار کرد



مایەی پێزانینە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕێژەیەکی بەرچاوی خانمان لە ماڵەکانی خۆیانەوە دەستیان داوەتە کارکردن و تێکەڵ بە بازاڕی کار و سەرمایەداری بوون. بێخاڵ عەبدوڵڵا خانمێکی دەسترەنگینی پارێزگای هەڵەبجەیە و نزیکەی چل ساڵە کاری دروومان دەکات، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، دیوە شاراوەکەی ژیانی خۆی و ئاریشە و سەرکەوتنەکانی بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بێخاڵ عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٧١ لە تەوێڵە لە ناوچەی هەورامان لە دایك بووە، بەهۆی بارودۆخی ئەوکات، بە حوکمی ئەوەی لە تەوێڵە کەمتر کچ خراوەتە بەر خوێندن، تەنیا تاوەکو پۆلی سێی سەرەتایی خوێندووە. بەڵام وەك خۆی باسی کرد، لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای کاری دروومانی هەبووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەر لە منداڵییەوە لە ساڵی ١٩٨٢ دەستم بە خەیاتی کردووە و تا ئێستا بەردەوامم، ساڵی ١٩٨٩ ژیانی هاوبەشیم پێکهێنا، دوای ماوەیەکی کەم لە ژیانی هاوسەریم، ئاڵتوونەکانم فرۆشت و مەکینەیەکی دروومانم پێی کڕی و دەستم بە کار کرد، ئێستاش ئەو مەکینەیەم وەکو یادگارییەك پاراستووە، تەنانەت لە کاتی ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگاکانی ئێران وازم لە خەیاتی نەهێنا، بە خۆشحاڵییەوە کچەکەشم لەسەر دەستی خۆم فێری کارەکە بووە و لە ئێستادا وێڕای کاری خەیاتی بەردەوام خولی فێربوونی بڕین و دروومان بۆ فێرخوازان دەکاتەوە».

بێخاڵ عەبدوڵڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ئێستادا ئاستی کارکردنی ئافرەت لە ناوچەکەیان لە ئاستێکی «زۆر باشدایە و بگرە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە پێشترە». هاوکات دەڵێت: «هەر لە کۆنەوە لە هەڵەبجە عادیلە خانم دەسەڵاتی گرتوەتە دەست و وەکو قایمقامی هەڵەبجە دەستبەکار بووە، هەرچەندە بۆ ئەو کات کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ قورس بووە، بەڵام ئەو نموونەی ژنێکی شۆڕشگێڕ بوو، دەتوانم بڵێم لە هەڵەبجە ئافرەت پێشەنگ بووە، ئەمڕۆش سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی زانکۆمان ئافرەتە. لەم ڕووەوە ئاستی تێگەیشتنی پیاو زۆر باشە و بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی سەیری ئافرەتی خاوەنکار دەکەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چ کەسانێك پاڵپشتیت دەکەن و چۆن هاوسەنگیی کاری دروومان و کاری ناوماڵ ڕادەگریت؟ گوتی: « بە حوکمی ئەوەی خاڵۆم و پوورەکانم کاری خەیاتییان کردووە، دەسپێکی کارەکەم زۆر ئاسان بوو، بە خۆشحاڵییەوە هاوسەر و کچەکانم هاوکارم بوون و توانیم تا ئاستێکی باش هاوسەنگی لە نێوان کارەکەم و ئەرکی دایکایەتی و ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی ناوماڵ ڕابگرم».

بێخاڵ کۆسپەکانی بەردەمیشی ناشارێتەوە و

هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای گەڕانەوەمان لە ئاوارەیی بە هۆی سەختیی باری ئابووریی ئەو کات کارەکەم زۆر لاواز بوو، خەڵك توانای کڕینی قوماشی زۆر کەم بوو، لەو کاتەدا ئێمە وەك زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە باری داراییمان خراپ بوو، کرێچی بووین، بۆیە ناچار بووم کار بکەم و دەستم بە چنینی کڵاش کرد، لە پاڵ کارەکەم ئەرکی دایکایەتیشم لەسەر شان بووە و دایکی پێنج منداڵم، بەم جۆرە کارم کرد و بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆر تا ئێرەم هێنا، تا ئێستاش نە خۆم و نە کچەکەشم هاوکاریمان لە هیچ کەس و لایەن و ڕێکخراوێك وەرنەگرتووە، تەنیا پشتمان بە خۆمان و تواناکانمان بەستووە و بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆمان بەردەوامین و بەردەوام دەبین».

هەر سەبارەت بە کارەکەی زیاتر گوتی: «لە ڕابردوودا بەراورد بە ئێستا کاری دروومان زۆر زەحمەت بوو، کەوا نۆ پارچە بوو، سەڵتە هەشت پارچە بوو، سەڵتە و هێلەگەکان دەبوو بەتانەی پێوە بێت، زۆربەی خەڵکیش ئەو کات نەدار بوون، قوماشی کۆنەیان بۆ بەتانەی هێلەك و سەڵتە دەهێنا، بە شەو و ڕۆژێك دەمانتوانی سەڵتەیەك بدوورین، بە بڕە پارەیەکی کەم، بەڵام ئێستا لە خوا بەزیاد بێ، ئاسانکاریی زۆر کراوە، دروومانی جل لە جاران سادەتر بووە، بەڵام پوولەکە و کریستاڵی پێوە دەکەین. لە ئێستادا هێشتا شێوازی دروومانی مۆدێلە کۆنەکانی جلوبەرگی ئافرەتان لای زۆربەی خانمان پەسەندە و ڕۆژانە داوای شێوازی مۆدێلە کۆنەکان دەکەن».

تەنانەت لە کاتی ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگاکانی ئێران وازم لە خەیاتی نەهێنا

لە هەڵەبجە ئافرەت پێشەنگ بووە، ئەمڕۆش سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی زانکۆمان ئافرەتە

ئاستی تێگەیشتنی پیاو زۆر باشە و بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی سەیری ئافرەتی خاوەنکار دەکەن



# داوا دەکرێت منداڵانی کوردستانیش وەک منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتوو مافەکانیان پارێزراو بێت



**بەشێکی دایك و باوکان، وادەزانن بەخێوکردنی منداڵ، تەنیا دابینکردنی خۆراك و جلوبەرگیانە، بەڵام منداڵان پێویستیان بە خۆراکی ڕۆح و پەروەردەیەکی زانستییش هەیە، هەتا بتوانن خاوەن کەسایەتی و توانای داهێنان بن. بۆیە پێگەیاندنیان و پاراستنیان لە هەموو پێشێلکاری و توندوتیژییەك ئەرکی سەرشانی خێزان و کۆمەڵگە و حکومەتە و، لەو بوارەدا دەبێت پلان و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دابنرێت، هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ خوێنەران دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «سەبارەت بە پاراستنی منداڵ و دەستبەرکردنی مافەکانیان بە شێوەیەکی گشتی، لە چەندین پەیماننامە و یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆی دەوڵەتان و.. هتد داوا کراوە، مافەکانی منداڵان پارێزراو بێت و، زۆر بە وردی تیشك خراوەتە سەر پاراستنیان (چ لەناو خێزان و کۆمەڵگە و چ لە کاتی جەنگ و هەموو لایەنەکانی دی)، کە کەس بۆی نییە کاری قورسیان پێ بکات، یا توندوتیژی جەستەیی و دەروونییان بەرانبەر بکات، بە توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسیشەوە بۆ هەر دوو ڕەگەز».
هاوکات دەڵێت: «ئەگەر چاوێك بخشێنین بە ڕەوشی منداڵاندا دەبینین، لە دوو ڕووەوە منداڵان لە مافەکانیان دابڕاون، یان مافەکانیان پێشێل کراوە، لە لایەکەوە ڕۆژانە منداڵگەلێکی زۆر دەبینین کە کاری دەستگێڕی دەکەن و کاری قورسیان پێ دەکرێت، کە بەپێی یاسای کار بە هیچ جۆرێك نابێت منداڵان لە تەمەنی پانزە ساڵ کەمتر هیچ کارێك بکەن، بەتایبەتی کاری قورس و گران کە کار بکاتە سەر نەشونمای جەستەیی و خوێندنی، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە هەڵە نەبین کە بڵێین پرۆسە و شێوازی خوێندن و کەمیی باڵەخانەی قوتابخانەکان و مامۆستای کەم ئەزموون و پشتگوێخستنی لایەنی پەروەردەیی بە شێوە دروستەکەی هۆکارن بۆ پێشێلکردنی مافەکان و پاراستنی منداڵ.
لە لایەکی دیکەوەش بەربڵاویی تەکنەلۆژیا بەتایبەتی سۆشیاڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی زۆر خراپ و نەرێنی لەسەر دواکەوتنی گەشەی هزری منداڵان کردووە، کە دەبینین زۆربەی زۆری منداڵان بەردەوام بەرانبەر مۆبایل و ئایپادی دانیشتووە و لە ژیانی منداڵیی خۆی دەرچووە و بە هیچ شێوەیەك مومارەسەی ژیانی منداڵیی خۆی ناکات، کە ئەمەش جۆرە دابڕانێکی منداڵە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی و لە دوای مایەوەیەکی کەم بەردەوام هەستێکی نامۆ هزر و بیر و دەروونیان دادەگرێت و بەشێکی زۆریان تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن و، زۆربەی کات تووڕەن و ڕۆحی تێگەیشتن و لێبوردنیان نابێت، ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە هەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان لە منداڵی دابڕێن و مافەکانیان پێشێل بکرێت، یان نەتوانن بەپێی پێویست مومارەسەی مافەکانیان بکەن».

**لە چەندین پەیماننامە و یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆی دەوڵەتان داوا کراوە، مافەکانی منداڵان پارێزراو بێت**

**بە هیچ جۆرێک نابێت منداڵان لە تەمەنی پانزە ساڵ کەمتر هیچ کارێک بکەن، بەتایبەتی کاری قورس و گران کە کار بکاتە سەر نەشونمای جەستەیی و خوێندنی**

**بەربڵاویی تەکنەلۆژیا بەتایبەتی سۆشیاڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی زۆر خراپ و نەرێنی لەسەر دواکەوتنی گەشەی هزری منداڵان کردووە**



تانیا جەمال:

**شێوازی خوێندن و کەمیی باڵەخانەی قوتابخانەکان و مامۆستای کەم ئەزموون و پشتگوێخستنی لایەنی پەروەردەیی بە شێوە دروستەکەی هۆکارن بۆ پێشێلکردنی مافەکان و پاراستنی منداڵ**



عوبێد خدر گۆمەشینی:

**دیاردەی سواڵکردن نایاساییە و دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤە، بەڵام زۆر منداڵ لە ژێر پەردەی فرۆشتنی کلێنس، یان پاککردنەوەی جامی ئۆتۆمبێل کاری سواڵکاری دەکەن**

عوبێد خدر گۆمەشینی توێژەر و ڕۆژنامەنووسە و سەربارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتە جۆربەجۆرەکانی حکومەتی هەرێم، وەك وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد، هەر یەك لەو وەزارەتانە لە بوارێك لە بوارەکان پەیرەو و ڕەچاوی مافەکانی منداڵیان کردووە، بەڵام دەتوانرێ بگوترێت هەندێ جار یاساکان بە شێوەی سەداسەد جێبەجێ نەکراون، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵگە و پابەندبوونی تاکەکان لە دامەزراوە هەمەچەشنەکان، بەتایبەتی خێزان، یاساکان هەموو جوان و گرنگن و لەپێناو خۆشبەختی و ژیانێکی ئارامتر بۆ مرۆڤەکان دانراون، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردن و پابەندبوون پێیەوە گرنگترن، هیچ دەقێکی نووسراو ئەگەر نەچێتە بواری کرداری، هیچ بەها و نرخێکی نییە، بۆ نموونە یاسای کارنەکردن بە منداڵ یاسایەکی گرنگە، بەڵام زۆرجار بە بیانووی جۆراوجۆرەوە پێشێل دەکرێت، جا هەژاری و کەمدەرامەتی خێزان بێت، یان نەبوونی کەسی ئیشکەر و نەبوونی سەرچاوەیەکی داهات بۆ بژێوی ژیان، منداڵ واز لە خوێندن دەهێنێت، یان باوك منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بۆ دووکان و کارگە و کۆمپانیاکەی دەبات، هەروەها دیاردەی سواڵکردن نایاساییە و دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤە، بەڵام زۆر منداڵ لەژێر پەردەی فرۆشتنی کلێنس، یان پاککردنەوەی جامی ئۆتۆمبێل کاری سواڵکاری دەکەن. هەروەها بەشوودانی منداڵ نایاساییە، بەڵام دابونەریتەکانی عەشیرەت، یان کۆمەڵگە، تاکەکان دوور لە یاسا پەیڕەوی دەکەن، هەرچەند لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بە یاسا و بەڕێکاری سزادان ڕێگری لە زۆر لە پێشێلکردنی مافەکان دەکرێت، بەڵام گرنگترین خاڵ ئەوەیە تاك هوشیاریی یاسایی هەبێت و ڕێگە بە کەسانی دیکە نەدات، مافەکانی پێشێل بکات. هەندێجار پێشێلکردنەکە لە نزیکترین دامەزراوەی کۆمەڵگە دەکرێت، بۆ نموونە خێزان و ئەندامەکانی».

ئەوەشی خستەڕوو کە «بەپێی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافەکانی منداڵ دیاری کراون، وڵات و حکومەتەکانیان ناچار کردووە، کار بە ناوەڕۆکی ئەم بەندانە بکەن، وەك مافی ژیان و خوێندن و یاریکردن و پاراستنی لە توندو تیژی و کارپێکردن و، پێویستە دایك و باوك و بەخێوکارانی منداڵ ڕێز لە مافەکانیان بگرن و پێشێلی نەکەن»، گوتیشی: «هەرچەندە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە کتێبێك دانراوە بە ناوی (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) و (من ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکاری بووم)، تەوەرێکی تایبەت کردووە بۆ بەندەکانی مافی منداڵ و مافەکانی مرۆڤ، بەرچاوڕوونی دەداتە مافەکانی منداڵ، ئەم کتێبە لە پۆلی یەکەم تا نۆیەمی بنەڕەتی دەخوێندرێ، پێویستە کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایانی بابەت گرنگی پێ بدەن و بە کرداری جێبەجێی بکەن..

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئەنجومەنی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە و ڕای وایە «ڕێزگرتنی مافی هەموو بوونەوەرێك گرنگ و پێویستە و منداڵیش یەك لە بوونەوەرە گرنگەکانە کە دوارۆژی کۆمەڵگەی پێ بەستراوەتەوە، بۆیە دەبێت پەیڕەوی ڕێزگرتنی مافی منداڵ بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتان تا ئێستاش ڕێز لە مافی منداڵ بە شێوە دروستەکەی ناگیرێت، ئەگەرچی لە زۆر وڵات داڕشتنی یاساکان بە شێوەیەکی باشە، بەڵام جێبەجێکردنی پێشێلکردنەوەیەکی زەقی تێدا دەبینرێت، ئەمەش وای کردووە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە پێشکەوتووەکان بە بەردوامی گفتوگۆ و وروژانەوەی پرسی مافی منداڵ بکرێت، بۆ ئەوەی بزانن چۆن گوشار بخەنە سەر وڵاتان، تا بە یاساکان و ڕێککەوتنەکانی مافی منداڵان پابەند بن، بۆ ئەوەی منداڵ بە باشترین شێوە پارێزراو بێت».

بەرپرسی ئەنجومەنی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی



کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر لە ناو خێزان ڕێزگرتن لە منداڵ و مافەکانی هەبێت، ئەوە بێگومان لە کۆمەڵگەش مافی پارێزراو دەبێت، منداڵیش هەست بە ئارامی لە ناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە دەکات».
هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە ئەوەی دەبینرێت، ئەوەیە کە زۆربەی منداڵەکانی خێزانی هەژار بە هەر هۆکارێك بێت، بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان کار دەکەن، لە زۆر حاڵەتیش کارەکە قورسە و بە گوێرەی تەمەنی منداڵەکە نییە.
لە وڵاتانی ئەوروپا مافی منداڵ زۆر پارێزراوە، هەر دایك و باوکێك هەڵسوکەوتی بەرانبەر منداڵ خەراپ بوو، یان ژینگەی ماڵەکە ئارام نەبێت،، یان کاری پێ بکەن، بەتایبەتی کاری قورس، ڕووبەڕوویان دەبنەوە و دراوسێ و خزم و قوتابخانە و پۆلیس مافیان هەیە ڕێکخراوەی تایبەت بە مافی منداڵ ئاگادار بکەنەوە، ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ خێزان قسە دەکات و، ئەگەر زانی ژینگەکە بۆ منداڵ نەگونجاوە، منداڵەکە لە خێزانەکە وەردەگرن، بێگومان دایك و باوکەکەش سەر لە نوێ پەروەردە دەکرێن، بە مانا فێر دەکرێن، چۆن مافی منداڵ بپارێزن، لە حاڵەتێك توندوتیژییەکەیان(کارکردنی منداڵیش توندوتیژییە) و نائارامیی خێزان دووبارە ببێتەوە، ئەوە منداڵەکە بۆ هەتا هەتایی لە دایك و باوکەکە وردەگیرێ. بۆیە پێویستە لە کوردستانیش یاساکان توندتر بن بۆ پاراستنی مافی منداڵ و جێبەجێکردنی یاساکانی پاراستنی منداڵ بە دادپەروەرانە بێت و، بایەخ بە هۆشیاریی مافی منداڵ بدرێت، تا لە داوڕۆژ منداڵ ڕووبەڕووی یاسا و کاری نارێك و نەشیاو لە کۆمەڵگە نەبێت».
پشتیوان ساڵح بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات، بەمجۆرە پرسی منداڵ و مافەکانی شرۆڤە دەکات:» لەهەر نەتەوە و وڵاتێکی ئەم دونیایە منداڵان داهاتوون و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کۆمەڵگایەکەیان دەبێت، بۆیە جگە لە خێزان و ڕێکخراوەکان حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە لە پەروەردەیەکی تەندروست بۆ منداڵان، بەپێی جاڕنامەی مافەکانی منداڵانیش بەو کەسانە دەگوترێت منداڵ کە لەخوار تەمەنی هەژدەساڵن، بەپێی یاسا کارکردن پێیان تاوانە، چونکە لە خوێندن دادەبڕێن و تووشی مەترسی جۆراو جۆر دەبنەوە . کارکردن بە منداڵان دیاردەیەکی مەترسیدارە، منداڵانی هەرێمی کوردستانیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تر لەلایەن خێزان و حکومەت و قوتابخانە و کۆمەڵگا مافیان پێشێل دەکرێت تەنانەت هەندێکجار کاریشیان پێ دەکرێت، ئەمەش چەندین مەترسی بۆ سەر خودی منداڵ و کۆمەڵگا دروست دەکات، چونکە ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاون و لەسەر شەقامەکان کاردەکەن زۆر ئاسانتر بەکار دەهێندرێن یان مەترسی زۆرتر لەسەر ژیانیانە بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، یان گیانیان دەکەوێتە مەترسی و بەرەو مەرگ دەچن . لەکوردستان دیاردەی منداڵی کارکەر ڕوو لەزیاد بوونە بەتایبەت دوای ڕێژەی زۆری ئاوارەکان و هانتیان بۆ هەرێمی کوردستان . هۆکارێکی تر دروست بوونی قەیرانی دارایی وایکرد خێزان نەتوانێ چەند منداڵێك بنێرێتە بەر خوێندن ناچار دابڕان و کاریان پێدەکرێت.
کەمتەرخەمی حکومەت و دیار نەبوونی ڕێکخراوی منداڵانیش هۆکاری زیاترن بۆ زیادبوونی دیاردەی کارپێکردنی منداڵان . منداڵانیش هەست بەمافی خۆیان و جەژن ناکەن ئەو ڕۆژە لای منداڵان جەژنە کە لەکارکردن بڕە پارەیەك پەیدا بکەن، بێ گوێدانە مەترسییەکانی سەر ژیانیان، کاریگەری خراپی ئەم دیاردەیەش لە ئاییندەدا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کۆمەڵگا دەردەکەوێت» .



فەزیلە شۆڕش:

**لە وڵاتانی ئەوروپا مافی منداڵ زۆر پارێزراوە، هەر دایک و باوکێک هەڵسوکەوتی بەرانبەر منداڵ خراپ بوو، یان ژینگەی ماڵەکە ئارام نەبێت، یان کاری پێ بکەن، بەتایبەتی کاری قورس، ڕووبەڕوویان دەبنەوە**



پشتیوان ساڵح:

**منداڵانی هەرێمی کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر لەلایەن خێزان و حکومەت و قوتابخانە و کۆمەڵگە مافیان پێشێل دەکرێت**



# هونەر و ژینگە



فەرهەنگ غەفوور

ژینگە و سرووشت، کە تابلۆیەکی هەرە جوانی ئافرێندراوی دەستی پەروەردگارن، پڕن لە وردەکاری و زەرافەت. سروشت و ژینگە بەهەمەجۆریی ڕووەك و باڵندە و گیانەوەر و هەوا و ئاو و تاڤگە و سەوزاییی، پڕە لە هونەری باڵا، پڕە لە هاژە و سروە و هاشە و چریکە و جریوە و شنە، پڕە لە فڕین و گەشە و وەرین و هەڵبەز و دابەز، ئەمانە ئەو تابلۆیەن، کە خوای پەروەردگار وەستاکارانە دروستی کردووە و مرۆڤی تیادا کردووە بە ئاوێنەنما و جێنشین لەو تابلۆ هەمەڕەنگە باڵایەدا، کە هیچ کەموکووڕییەکی نییە و ئەگەر وەك خۆی بپارێزرێت، ئەوا ئەو جێنیشینەی خودا لەسەریدا بە ئاسوودەیی و ئارامی ژیان دەگوزەرێنێ.

ژیان، کە دیوێکی دیکەی ئەو تابلۆ باڵایەی دەستی یەزدانە، چەندین هۆکار و ڕێچکە و ڕێبازی تێدا هەن، بۆ ئەوەی ببن بە وەڵامدەرەوەی ئەو ژینگە و سرووشتە جوانە، ئەگەر مرۆڤ پەیڕەویان بکا و بیانگرێتەبەر، کە هەمووی بۆ گەشە و ئاسوودەیی خۆیەتی، بەڵام بەداخەوە، چاوچنۆکیی مرۆڤ و ڕك و کینە و منۆکیی مرۆڤ، وایان کردووە کە پاوانخوازی و یەکترسڕینەوە بگرێتە بەر و سەرەنجام سەری خۆی خواردووە و ئاسوودەیی و ئارامیی لە خۆی بڕیوە. جەنگەکان و داگیرکارییەکان و کوشتار و کارەساتەکان و دروستکردنی چەکە کۆکوژ و لەناوبەرەکان، باشترین نموونەن بۆ ئەو کینە و منۆکییەی مرۆڤ و سڕینەوەی بەرامبەرەکانی، بۆ دەستەمۆکردن و پاوانخوازییەکان بۆ خۆی.

بەڵام وەك لە سەرەوە گوتمان، هێشتا ڕێچکە و ئامرازی دیکە هەن کە ئەگەر مرۆڤ پەنایان بۆ

ببات، ئەوا دەتوانێت سوود لە جوانی و خۆشی و ئارامییەکانی ژینگە وەربگرێت و بە قازانجی خۆی و تەندروستی و ئاوەز و مانەوەی خۆی بێت. لەو ڕێ و هۆکارانە کە مایەی ئاسوودەیی مرۆڤن، گەڕانەوەیە بۆ سرووشتی مرۆڤ خۆی و سرووشتی ژینگەی دەورووبەری، هەروەها پەنابردن بۆ ئەو هۆکارە سەردەمییانەی مایەی ئاسوودەیی ڕۆحی مرۆڤن، لەوانە هونەرە جوانەکان بە تەواوی بەشەکانییەوە.

پەنابردنی مرۆڤ بۆ لەبەرگرتنەوەی وێنەکانی سرووشت و ژینگەی پاك، بەر لە هەر شتێك مایەی پاککردنەوەی دەروونی خۆیەتی. دەستبردن بۆ کاری هونەری لەناو ڕەنگ و دەنگەکانی سرووشتدا مایەی ئاسوودەیی مێشك و ڕۆحی مرۆڤ خۆیەتی، ژەنین و گوێگرتن بۆ موزیك و چریکە هاوشانی چریکەی مەل و باڵندەکان، مایەی ئاسوودەیی گیان و دەروونی مرۆڤ خۆیەتی.

تەنانەت لە ساتی تەنگانە و خەمۆکیدا مرۆڤ ئەگەر بچێتە سەیری دیمەنی گوڵێك کە پەپوولە بەدەوریدا دێت و دەچێت، ئەگەر سەیری باڵندەیەکی خۆشئاواز بکات لەسەر چڵەپۆپەی درەختێك و گوێ لە دەنگ و ئاواز و چریکە و سەدای بگرێت، ئەگەر گوێ بۆ نای بگرێت، ئەگەر وەك قالەمەڕە شمشاڵ بژەنێت، ئەگەر دەفێك بگرێتە دەست و وەك دەروێش عەبدوڵا دونیای دەورووبەری خۆی پڕ بکات لە سەدا، ئەگەر نەشتوانێ کەمان بژەنێ، بەڵکوو گوێ لە شاکارژەنینی ناوداران بگرێت، ئەگەر خۆیشی دەنگ و سەدایەکی وای نەبێت بۆ گوتن و چریکاندن، گوێ لە زیرەك و ماملێ و ئەسغەری و عەلی مەردان و محەمەد عارف و خاڵەسێوە بگرێت، ئەگەر تاوێ بەدەم تەماشاکردن لە تابلۆیەکی ڕەنگاڵە بوەستێ و بگەڕێتەوە بۆ ناو ناخی خۆی و یادەوەرییەکانی، ئەوا ئۆخژن و ئاسوودەییەك بە گیانیدا دەگەڕێن و ئارامییەك ئەڕژێتە دڵ و دەروونی، کە بارتەقای هەرچی خەم و خەفەتە.

هەموو ئەوەی باسم کرد، هونەرە جوانەکانن، کە دەڵێم جوانەکان، واتا مایەی ئاسوودەیی، کە تەواو دووربن لە شێواندن و توندوتیژی.

هونەرەکانی کورد هێندە گەورە و مەزنن، هێندە زۆر و دەوڵەمەندن، هیچ پێویستیان بە شێواندن و لاسایی بێگانەکان و پەنابردنە بەر هونەری دەرەکی و خۆبەکەمزانیی نییە، بەڵکو هونەرەجوانەکانی کورد، کە زادەی سرووشت و ژینگەی پاکی کوردستان و تێڕوانینی مرۆدۆستی و ژینگەدۆستی و ژیاندۆستی و هونەردۆستیی مرۆڤی کوردن، هێندە بەرز و جوانن، ئەگەر خۆمان دەستبەرداریان نەبین، هەرگیز خەم و ئازار ڕوومان تێ ناکا، بەپێچەوانەوە، بەو هونەرانە و لەناو ئەو ژینگە سرووشتییە ڕەنگاوڕەنگ و جوانەدا، تەواو ئاسوودە و بەختەوەر دەبین.





## دلبەر جزیری بۆ گوڵان:

# ئەرکی من لە هونەردا سەخت بوو کەس پاڵپشتم نەبووە

**لە ماوەی ڕابردوو خانمە گۆرانیبێژ دلبەر جزیری بەشداری لە فیستیڤاڵی مۆناکۆی سینەمایدا کرد، سەبارەت بەم بەشدارییەی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** باسی بەشداریی خۆتمان بۆ بکە لە فیستیڤاڵی مۆناکۆی سینەمایی؟**

- بەشداریم لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی مۆناکۆ کرد، کە تیایدا ژمارەیەك ئەکتەری ناوداری جیهانی بەشدار بوون، توانیم خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە فێستیڤاڵەکەدا بەدەست بهێنم، بەهۆی ڕۆڵم لە فیلمێکدا کە باس لە خەباتی ئافرەتان دەکات.

*** ئەو فیلمە چی بوو کە تێیدا بەشدار بوویت؟**

- فیلمەکە بە ناوی (گوردەشلی مەقبولە) یە لە دەرهێنانی ئیسماعیل گولنار، لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ناوچەی مانیسیا وەرگیراوە و باس لە کچێك دەکات، کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کورانە هەڵسوکەوتی کردووە و لەگەڵ کوران بووە زیاتر لە کچان، کاتێك گەورە دەبێت، دڵی بۆ کوڕێك لێدەدات و پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا درووست دەبێت، لە ڕۆژی مارەبڕینیدا دەستگیرانەکەی ناچار دەبێت بچێت بۆ شەڕ، دواتر ئەویش جلوبەرگی پیاوان دەپۆشێت و بەدوای دەستگیرانەکەیدا دەڕوات و هەردووکیان شەهید دەبن.

فیلمەکە باس لە خەباتی ئافرەتانی کورد دەکات کە بەدەست نادادپەروەری و گۆشەگیرییەوە دەناڵێنن، بەڵام لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بەردەوام بوون لە تێکۆشان بۆ ئازادی. ئافرەتی کورد دووجار ئازاری چەشتووە، جارێکیان وەکو کورد و جارێکیش وەك ئافرەتێك، لێرەوە ئەم خەڵاتە پێشکەش بە هەموو ئافرەتانی کورد دەکەم لە سەرانسەری جیهان

ئەمرۆ م لە ژیانی هونەریم.

*** هەستت چی بوو کە خەڵاتەکەت وەرگرت؟**

- لە ڕاستیدا هەست بە شانازی دەکەم کە یەکەم ئافرەتی کورد بووم کە لە فێستیڤاڵێکی گەورەی نێودەوڵەتی وەك فێستیڤاڵی مۆناکۆدا بەشداربووم و توانیم نازناوی باشترین ئەکتەر بەدەست بهێنم.

شۆك بووم، نەمتوانی فرمێسکەکانم ڕابگرم، لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا لە خۆشیان گریام، چونکە ڕێگاکەم زۆر سەختتر بوو و لە زۆربەی هونەرمەندانی تر و توانیم سەربکەوم، بە درێژایی ژیانی هونەریمدا هیچ کەسێك پاڵپشتیی نەکردم ۆ ناچاربووم پشت بە خۆم ببەستم، سەرڕای هەموو ئەم ئاستەنگانە بەردەوام بووم و وازم نەهێنا بۆ ئەوەی خەونەکانم بهێنمە دی.




*** فیلمەکە لە کوێ وێنە گیراوە؟**

- لە شاری ئیزمیری تورکیا وێنە گیراوە، پەیامی سەرەکیی فیلمەکە باس لە ئافرەتێکی شەهید دەکات کە هاوسەری پیاوێکی تێکۆشەرە، شەهید بووە و شانبەشانی پیاوان شەڕی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەتە تەنانەت وەکو شەهیدیش باس نەکراوە و مافی خۆی لەم بوارەدا پێ نەدراوە.

*** ئەکتەری و گۆرانی گوتن بۆ تۆ گرفت نەبوو؟**

- بە دڵنیاییەوە چونکە ئەوە یەکەم ئەزموون بوو لە بواری نواندندا، بۆ منیش ئەزموونێکی زۆر قورس بوو، چونکە وەك هەندێك دەبینن تێکەڵکردنی گۆرانی و نواندن ئاسان نییە، بەڵام بە ئارامی و بەرگەگرتن و ماندووبوون، مرۆڤ دەتوانێت هەموو خەونەکانی بەدەست بهێنێت، و من لە دوای سەرەتای چوونە نێو بواری هونەرییەوە خۆم ماندوو کردووە و ڕووبەڕووی ناخۆشی بوومەتەوە.

*** بەرهەمی نوێت چییە؟**

- بەرهەمی نوێم هەیە و بە نیازم لە ماوەی داهاتوودا بە ئەنجامیان بگەیەنم و پێشکەشی جەماوەیان دەکەم، چ لە بواری نواندن یان لە بواری گۆرانی گوتن، بەڵام سەبارەت بە بواری گۆرانی وتن، دەمەوێت بیکەم بە سوپرایز بۆ هەوادارانم، لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی یەکە بە یەکەیان بکەم کە لە ساتەوەختی یەکەمەوە تا ئێستا و هێشتا پشتگیریم دەکات، و پێی دەڵێم کە من هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ڕازیکردنیان و پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری نوێ کە شایستەی ئەوان بێت، چونکە ئەگەرئەوان نەبوونایە پشتگیری و پشتیوانی بەردەوامیان لە کارەکانم، نەدەگەیشتم بەو ئاستەی



غادە
عەبدولڕازق:

# پارەکەم لە شتە بێ بایەخەکاندا خەرج کرد بۆیە قستم لەسەرە

خانمە ئەکتەری ناسراوی میسری غادە عەبدولڕازق لە دیمانەیەکدا پەردەی لەسەر چەند لایەنێکی نادیار و شاراوەی ژیانی تایبەتی هونەرمەندان هەڵدا، کە بۆ بەشێکی زۆر لە بینەر و هەوادارانیان ڕوون نییە و هەڵە لێی تێیگەیشتوون.

باسی لەوەشکرد، کە جۆرێك لە ناڕوونی و ڕەفتاری کۆنەپەرستانە هەیە بەرامبەر بە هونەرمەندان، بەتایبەتی لەلایەنی داراییەوە و پێیان وایە کە هونەرمەندان لە ژیانێکی زۆر خۆشدا دەژین و تووشی هیچ کێشەیەکی دارایی و سەختیی ژیان نابن، ئەمەش ڕاست نییە. غادە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ «قاهیرە ٢٤» ئاشکرای کردووە، پارەکەی لە «قسەی بێمانا»دا خەرج کردووە بێئەوەی هیچ سوودێکی هەبێت، هەر بۆیەش بۆ ئەوەی پارەی هەبێت کار دەکات، هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە، وەك زۆربەی هونەرمەندان پابەندبوونی دارایی و قیستەکانی لەسەرە.

ڕوونیشی کردەوە، بوونی «قیست» لەسەر هونەرمەندێك عەیب نییە، زۆربەی ئەستێرە پلە یەکەکان کاتیان هەیە و بەدەست کەمی کارەوە دەناڵێنن، هەر بۆیەش کێشەی داراییان هەیە. هەروەها غادە سەبارەت بە ڕەخنەگرتن دووپاتیکردەوە کە لەگەڵ ڕەخنەی بنیاتنەردایە، هەروەها چاوپۆشی لە ڕۆڵی ڕەخنەگران ناکات لە ژیانی هونەریدا، بەڵام سەری سوڕماوە لە حاڵەتی هێرشکردن و حوکمدان لەسەر هەر کارێك کە تەنیا ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەکە پیشان دەدرێت، بەبێ ئەوەی تاکۆتایی سەیری بکات.



# پێپەر هێرد هۆڵیوود بەجێ دەهێڵێت

خامە ئەکتەری ئەمریکی ئەمبر هیرد، بڕیاریدا شاری هۆڵیوود کە هەموو شتێك لە دەورووبەری بێزار دەکات، جێی بهێڵێت و بچێت لە ئیسپانیا بە هێمنی ژیان بەسەبر بەرێت.

ئەمبر هێرد هەوڵ دەدات ژیانی ئاسایی خۆی بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەسەر لەدەستدانی دۆسیەی لەگەڵ هاوسەری پێشووی جۆنی دیپ زاڵ بێت، و ڕایگەیاند کە لە پاڵەوانێتی بەشی دووەمی فیلمی (ئاکوا مان) دوور خراوەتەوە، کە تێیدا ڕۆڵی پاڵەوانی گێڕا لە بەشی یەکەمی بەرامبەر جەیسۆن مۆمۆا.

ئەمبر هێرد لەم دواییانەدا ماڵەکەی لە کالیفۆرنیا فرۆشت، بە دوو ئەوەندەی ئەو بڕە پارەیەی کە کڕیبووی، بڕیاریدا بڕوات بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر پەروەردەکردنی کچەکەی بێت بە شێوەیەکی دروست، دوور لە ڕوناکی و ناوبانگ، کە یارمەتیدەر بوو بۆ فێربوونی زمانی ئیسپانی، وەك ئینگلیزی بە شێوەیەکی ڕوان، بۆیە ئەو لەوێ دڵخۆشە.

سەبارەت بە ئەگەری گەڕانەوەی بۆ هۆڵیوود، هەندێك لە ڕاپۆرتە بیانییەکان پشتڕاستیان کردەوە، کە ئەگەری گەڕانەوەی دووبارە بۆ نواندن بەندە بەوەوە کە ئایا پڕۆژەیەکی هونەری هەیە کە لەگەڵیدا بگونجێت یان نا. جێگای سەرنجە دەرکەوتنی ئەمبر هێرد لە ڕیکلامی بەشی نوێی فیلمی فانتازیا «Aquaman ۲» مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە، و هەندێك لە ڕۆژنامە ناسراوەکان پشتڕاستیان کردەوە کە دەرکەوتنی هورد لە ترەیلەری فیلمە نوێیەکەی «Aquaman ۲» کە تا ئێستا بە فەرمی نمایش نەکراوە، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بینەران بایکۆتی فیلمەکە بکەن.



رۆندک عەلی
یاریزانی فوتساڵی پارێزگای دهۆک:

# جیاوازی لە ناو یانەکان زۆرە و گرنگی بە یاریزانی کچ نادەن

پارێزگای دهۆکی دەلال یەکێك لەو پارێزگایانەی کوردستانە کە زۆر گرنگی بە سەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکان دەدات، لەم شارەش چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا کە هەوڵ دەدەن زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن لە ڕێگەی یارییە جۆراوجۆرەکانەوە و، ئامانجیان پێشخستنی وەرزشە لە شارەکە، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە کە ئێستە بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستی باش و ئەزموونی زۆرن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان (ڕۆندك عەلی)یە، کە وەکو یاریزان یاریی بۆ یانەکانی دهۆك و زاخۆ و گارە و زێرەڤانی و تەناهی و شێخان و تیجارەی بەغداد و حدود کردووە، ڕۆندك لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧ ی پارێزگای دهۆکە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە وەرزشدا و قوتابیی ماستەرە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینیت بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان؟**
- بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان ئاستی فوتساڵ لاواز دەبینم، لە بەر نەبوونی خولی بەردەوام.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**
-ئەگەر پاڵەوانێتیی بەردەوام هەبێت ئەم یارییە پێش دەکەوێت و یاریزانی باش بەدیار دەکەون، بەڵام ئەگەر کەم بن ئەو یارییە زیاتر لاواز دەبێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی فوتساڵ بەرەوپێش بچێت؟**
-دەبێت ئەم پاڵەوانێتییانە ساڵانە بەردەوام بن و ساڵێك دووجار ئەم پاڵەوانیتی هەبێت تا ئاستی فوتساڵ باشتر بێت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**
-گرفتی ئەم یارییە لە ناو ئیدارەی یانەکان و لە یەکێتی تۆپی پێدا دەبیم، جیاوازی لە ناو یانەکان زۆرە و گرنگی بە یاریزانی کچ نادەن و بەجدی کاری بۆ ناکەن.

*** چ هەستێکت هەیە وەکو کچێك وەرزشێکی قورس ئەنجام دەدەیت؟**
- زۆر دڵخۆشم، چونکە ئاستی خۆم لە یاریی قورسدا دەبینم و جیاوازییەکی زۆر دەبینم هەم لە ئاست و هەم لای جەماوەریش هەم لایەنی دەروونییش.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**
-پڕۆژەم هەیە بۆ داهاتوو، بەڵام ئێستا ئاشکرای ناکەم تا ئەنجام ببینم پاش ئەوەش دەبینن.




*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**

-ئەگەر هەر پیاو ببنە ڕاهێنەری کچان من پێم خۆشە ڕاهێنەری بیانی بێت، چونکە ئەوان واستە نازانن و شارەزایی زیاتریان هەیە، بەڵام هیواخوازم لە داهاتوو دا کچانیش ببن بە ڕاهێنەری فوتساڵ.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هیچ داواکارییەکم نییە، چونکە لەساڵی ٢٠٠٦ـە وە داواکاری دەکەین هیچ سوودێکی نەبووە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- هیوادارم بتوانم زیاتر خزمەت بکەم و چەند پرۆژەیەك پێشکەش بە بواری وەرزش بکەم.

*** بۆچی لەم یاریزانانەی چوونە فەرەنسا تۆ نەبینرای لەگەڵ یاریزانەکان؟**

- من خۆم هەندێك پرۆژەم هەبووە، ئەگەر بانگێشت کرابوام نەم دەتوانی بچم، بەڵام دەبینم زوڵم هەبووە زۆر یاریزان بانگهێشت نەکرا بوو، هەندێك یاریزانم بینی یەك ساڵە وەرزش دەکەن و سەفەریان کردبوو، دە ساڵە وەرزش دەکەین ناومان تێدا نەبووە، دەبینم واستەکاری هەبووە ئەو یاریزانانە چوو بوون کە لەگەڵ ڕاهێنەرەکانن، واتە دەستنیشانکردن نەبووە هەریەکە هاوڕێ خۆی بانگەشت کردووە و ناوی نوسیووە.

*** پاڵەوان بوون لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

-پاڵەوان بوون لای من هەموو شتێکە سەر بڵندی و خۆشی و خۆت وەك کەسێکی قارەمانی دەبینی.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- باتیستۆتای ئەرجنتینی و کریستانۆ ڕۆنالدۆ.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە بۆ یاریکردن؟**

- بەڵێ زۆر یانەی بەغداد داوایان کردووە یارییان بۆ بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونی گۆڤاری گوڵان بۆ ناساندنی وەرزشکارانی کوردستان.



# یانەی شەترەنجی خانزاد پاڵەوانێتییەکی ڕێک خست

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی شەترەنج و بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە شاری هەولێر و پێشخستنی ئاستی ئەم یارییە بۆ یاریزانانی تەمەنە جیاوازەکانی شاری هەولێر، یانەی وەرزشیی خانزاد تایبەت بە یارییەکانی شەترەنج هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی شەترەنجی خێرای داخراو، کە زیاتر لە ٥٤ یاریزانی جیاواز لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان کردبوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا یاریزانانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، یارییەکەش لە هۆڵی داخراوی ئەربیل زوو بەڕێوە چوو بە سیستمی سویسری حەوت ڕاوند و ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی کوڕان**

١- د.پوریان جاڤماردی
٢- پۆلا ئازاد
٣- عەلی فەرهاد
٤- سەمیر تەها
٥- نزار جەمیل

**ئاستی کچان**

١- بەهرە سەمیر
٢- سارا مەسعود
٣- ژنین نەسرەو
٤- ڕۆژ سەمیر
٥- پەروا پشتیوان
٦- نڤار سەردار

# هەڵەبجە چاوی لە خولی پلە یەکە



یانەی وەرزشیی هەڵەبجە ئەم وەرزە دەیەوێت لە ڕێگەی یارییەکانی پلە دووی کوردستانەوە خۆی بگەیێنێتە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش تیپەکە ئەمساڵ بە پێکهاتەیەکی جیاوازەوە هاتووەتە نێو کێبڕکێی خولی پلە دووی کوردستان، یانەکەش چاوی لەوەیە بەم گەنجانە ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە ئەردەلان ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵەبجە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بارودۆخی تیپەکەمان لە ئێستادا زۆر باشە و ئێمە دەمانەوێت درێژە بەم بارە باشەی تیپەکە بدەین، تیپەکان بە شێوەیەکی گشتی دوو ئاستن بەشێکیان کێبڕکێ دەکەن و بەشێکیان ئاستیان لاوازە، بۆیە ئێمە وەکو یانەی هەڵەبجە دەمانەوێت ئەم تیپە ببەینە قۆناغێکی باشتر و لانیکەم بتوانین تیپەکە بگەیەنینە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان».



# عەباس فەرەج کچە یاریزانەکانی بردە بەغدا

هەر چەندە کۆمەڵێك کچە یاریزانی تۆپی فوتساڵ لە شاری سلێمانی بەردەوام لە مەشق و ئامادەکاریدان بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراق، کەچی هیچ یانەیەك خۆیان لێ ناکاتە خاوەن بۆ ئەوەی بە ناوی ئەوانەوە لە پاڵەوانێتییەکان یاری بکەن، ئەم کچە یاریزانانە خاوەنی ئاستێکی بەرزن لە یاریی فوتساڵ، بەڵام ئەم وەرزە ڕوویان لە شاری بەغدا کرد و لەگەڵ یانەی بیلادی یاری دەکەن لە خولی عێراقی، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج ڕاهێنەری ئەو کچە یاریزانانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی بیلادی دەمێکە لە سەر هێڵە و چەند یانەیەکی تریش داوایان کردبووین، بەڵام ئێمە بیلادیمان هەڵبژارد، چونکە پێشتر کارم لەگەڵ کردوون، بەداخەوە هەمیشە یانەکانی ئێرە خۆیان بە دوور دەگرن لە خولەکانی عێراق و کوردستان بە بیانووی نەبوونی پارە، لە کاتێکدا ئامادەیە پارەی زەبەلاح سەرف بکات بۆ تیپی کوڕان کە بێئەنجام دێنە دەرەوە، وەکو خۆشم بناغەی باشم داناوە بۆ کۆمەڵێك کچی لاوی ئاست بەرز لە کە داهاتوودا ڕکابەریی بەهێز دەکەن، بەڵام بە داخەوە ئێمە نەبین ئەو کۆمەڵە کچەش بێبەش دەبن لە خولەکانی عێراق، چونکە لە سلێمانی بێ ئومێد بووین لە خولەکانی کوردستان، دوو ساڵە هیچ یانەیەك نییە ئامادە بێت تیمی کچان دابنێت، لە کاتێکدا بەم کچە یاریزانانە دەتوانین کێبڕکێی بەهێز بکەین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، سوپاسی ئەو کچە یاریزانانەش دەکەین کە خۆڕاگر بوون ئەو ماوە زۆرە و، ئێستاش دەتوانین لەگەڵ یانەی بیلادی ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین».

# ڤینیسیۆس جونیۆر بووە قوربانی ڕەگەزپەرەستی




هاندەرانی یانەی ڤالنسیا بەر لە یارییەکەیان بەرامبەر ریال مەدرید دژایەتیکردنی ڤینیسیۆس جونیۆریان دەستپێکرد و لە کاتی هاتنە خوارەوەی لە پاسی یانەکەدا، هەمووان بەیەکەوە هاواریان دەکرد تۆ کەسێکی نامۆی تۆ کەسێکی نامۆی.

دژایەتیکردن لە دەرەوەی یاریگەوە گواسترایەوە بۆ نێو پەیژەکانی یاریگەی مێستایا و هاندەرانی ڤالنسیا لەسەر دژایەتیکردنی ئەو یاریزانە بەردەوامبوون و بەیەکەوە هاواریان دەکرد تۆ مەیمۆنی ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی گرژییەکی زۆر لە یاریگەدا دروستببێت و بەو هۆیەوە یارییەکە ١٠ خولەک راگیرا، کە دواجار ڤینیسیۆس ناچاربوو بچێتە بەردەم هاندەران و رووبکاتە ناوبژیوان، پێیبڵێت ئەم هاندەرە قسەم پێدەڵێت.

چیرۆکی دژایەتیکردنی ڤینیسیۆس لە خولی تۆپی پێی ئیسپانیا نوێ نییە، میدیای ئیسپانیا دەڵێت: ئەمە جاری دەیەمە یاریزانە بەرازیلییەکە رووبەڕووی رەگەزپەرستی دەبێتەوە.

لەنێو یاریگەدا چیرۆکەکە بە گریان و کارتێکی سووری ڤینیسیۆس تەواوبوو، بەڵام لە دەرەوەی یاریگە لەسەر ئاستی ئیسپانیا و دەرەوەی ئیسپانیاش دەیان یاریزان و وەرزشوان پاڵپشتیی خۆیان بۆ یاریزانە بەرازیلییەکە دووپاتکردەوە.

دوای ئەو رووداوانە و تەواوبوونی یارییەکە ڤینیسیۆس لە پەیامێکدا گوتی: بەداخەوە ئەو خولەی رۆناڵدینهۆ، رۆناڵدۆ، کریستیانۆ و مێسی یارییان بۆ دەکرد، ئێستا بووەتە خولی رەگەزپەرستان و وڵاتێک جوان پێشوازیی لێکردم و خۆشم ویست، بەڵام قبوڵی کرد، کە وێنەی رەگەزپەرستییەکەی بگاتە هەموو جیهان بەداخەوە، کە ئەو ئیسپانیایەی ئەمڕۆ لەگەڵم نین بوونە هۆکاری ئەوەی لە بەرازیل بەم وڵاتە جوان بگوترێت وڵاتی رەگەزپەرستان، بەڵام من بەهێزم و بەردەوام دەبم لە رووبەڕووبوونەوەی رەگەزپەرستی تەنانەت ئەگەر رێگەکە درێژیش بێت.

فلۆرێنتینۆ پێرێز، سەرۆکی یانەی ریال مەدرید بەتەنیا لەگەڵ ڤینیسیۆس کۆبووەوە و پاڵپشتیی خۆی و یانەکەی بۆ یاریزانە بەرازیلییەکە دووپاتکردەوە و ئامادەیی خۆیشی بۆ هاوکاریکردنی یاریزانەکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە سەختە دەربڕیووە.

یانەی ریال مەدرید راگەیێنراوێکی فەرمیی لەبارەی رووداوەکانی یارییەکەیان بەرامبەر یانەی ڤالنسیا و بەکارهێنانی رەگەزپەرستی لە دژی ڤینیسیۆس جونیۆر بڵاوکردەوە و نیگەرانی خۆی بەرامبەر ئەو رەگەزپەرستییە




رادەگەیێنێت، کە بەرامبەر ڤینیسیۆس جونیۆر کراوە و لە داواکاریی گشتی دەوڵەت سکاڵا تۆماردەکەین، بەرامبەر ئەو تاوانکارییە جیاکارییە و رق و کینەی کە بەرامبەر ڤینیسیۆس کرا.

کارلۆ ئەنچێلۆتی راهێنەری ریال مەدرید لەبارەی ئەو رووداوەوە گوتی: لە کاتی یارییەکەدا قسەم لەگەڵ کرد، چونکە کەشی یاریگە زۆر گەرم بوو زۆر خراپ بوو پرسیارم لێکرد، کە ئایا دەتەوێت بەردەوام بی لە یاریکردن ئەو پێیوایە بەهۆی ژینگەی رەگەزپەرستییەوە پێویستە بیبەمە دەرەوە، پێموانییە ئەوە شتێکی باش بێت دەکرێت یاریزانێک دانیشێنم ئەگەر ئاستی باش نەبێت، بەڵام لەبەر رەگەزپەرستی یاریزان دەرناهێنم ئەوە پێشتر بەسەرمدا نەهاتووە ئەوەی روویدا چەندین جار روویداوە، بەڵام هەرگیز زیاتر لەمە قبوڵ ناکرێت، لالیگا خاوەنی کێشەیە نەک ڤینیسیۆس، ڤینیسیۆس قوربانییەکەیە کێشەکە زۆر جدییە، کاتێک کارتی سووری وەرگرت هەموو یاریگاکە هاواریان دەکرد مەیموون، مەیموون، مەیموون. ئەوەندە دڵتەنگم، کە پێشتر ئەمە بەسەرمدا نەهاتووە وەک ئەوەی ئەمە روونەدا بێت ڤینیسیوس گەنجێکە حەزی لە تۆپی پێیە و دەیویست بەردەوام بێت.

یانەی ڤالنسیا دژایەتی خۆی بەرامبەر هەڵسوکەوتی هاندەرانی پێشاندا و دەڵێت: سووکایەتیکردن بە هەر یاریزانێک هیچ جێگەیەکی لە تۆپی پێدا نییە و بەهەموو شێوەیەک لە دژی ئەوەین و داوای ئەوپەڕی رێزگرتن لە هاندەرانمان دەکەین، هەرکەسێک لە رەگەزپەرستی تێوەبگلێت، بۆ هەتا هەتایە سڕدەکرێت.

رۆناڵدۆ دێلیما، ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل پاڵپشتیی ڤینیسیۆس دەکات و نووسیوویەتی:ئەڵقەیەکی دیکەی رەگەزپەرستی لە لالیگادا، تاوەکو کەی؟ تاوەکو بێ سزایی هەبێت، رەگەزپەرستی بەردەوام دەبێت.

جگە لە رۆناڵدۆ یەکێتی تۆپی پێی بەرازیل، بەشێکی زۆری یانەکانی بەرازیل، یاریزانانی ریال مەدرید، کیلیان ئێمباپێ، رافائێل لیاو و چەندین ئەستێرەی دیکە پاڵپشتیی خۆیان بۆ ڤینیسیۆس و دژایەتیکردنی رەگەزپەرستی دووپاتکردەوە.

جیانی ئینفانتینۆی سەرۆکی فیفا رایگەیاند، ئێمە هاوسۆزی تەواومان لەگەڵ ڤینیسیۆس رادەگەینین هیچ شوێنێک بۆ رەگەزپەرستی لە تۆپی پێ یان لە کۆمەڵگادا نییە، فیفا پاڵپشتی هەموو ئەو یاریزانانە دەکات، کە رووبەڕووی ئەم بارودۆخانە دەبنەوە.

سەرۆکی فیفا باسی ئەو ٣ هەنگاوەی کرد، کە لە کاتی روودانی کاری رەگەزپەرستی لەو پاڵەوانێتیانەدا دەگرنەبەر، کە سەر بە فیفان، سەرەتا دەبێت یارییەکە بوەستێنرێت، هەنگاوی دووەم یاریزانەکان یاریگاکە بەجێدەهێڵن و بێژەری یاریگەکە رایدەگەیەنێت، کە ئەگەر دروشمە رەگەزپەرستییەکان بەردەوام بن یارییەکە رادەگیرێت یارییەکە دەست پێدەکاتەوە، پاشان لە هەنگاوی سێیەمدا ئەگەر هێرشە رەگەزپەرستییەکان بەردەوام بن یارییەکە هەڵدەوەشێتەوە و تیپی بەرامبەر ٣ خاڵ بەدەست دەهێنێت.

یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا راگەیێنراوێکی لەبارەی ئەو رەگەزپەرستییەی بەرامبەر ڤینیسیۆس کرا بڵاوکردەوە و پاڵپشتیی یاریزانەکە دەکات.

یەکێتیەکە لە راگەیێنراوەکەیدا دەڵێت: ئێمە لەگەڵ ڤینیسیۆس هاوسۆزین و دژی رەگەزپەرستی دەوەستین، وەک چۆن هاوسۆزین لەگەڵ هەر یاریزانێک کە بەهۆی ئەو رەگەزپەرستییەوە دەناڵێنێت.

لویس روبیالێس، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا گوتی: ڤینیسیۆس حەق لەلای ئەوە زیاتر لەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە، تا یەک کەس هەبێت بە هۆکاری رەگەزپەرستی سووکایەتی بە هەر کەسێکی دیکە بکات واتا ئێمە بەدەست کێشەیەکی راستەقینەوە دەناڵێنین ئامانجمان ئێستا ئەوەیە، کە هەموو یاریزانانی تۆپی پێ بتوانن یاری بکەن بەبێ دەرکەوتن و دووبارەبوونەوەی کێشەیەکی هاوشێوەی ئەم رووداوانە.

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا دەڵێت: بابەتی لەم جۆرە ناتوانرێت لە تویتەر قسەی لەسەر بکرێت، ئیسپانیا پێشوازی لە هەر یاریزانێک دەکات، ئێمەش لەگەڵ ڤینیسیۆس دژی هەر سووکایەتییەک بەهەر شێوەیەک بێت، ئێمە پشتگیری لێدەکەین و بەشێوەیەکی کەسیی پشتگیری لێدەکەین، کەسانێکیش هەن کە لە یاریگەدا باسی ئەم رەفتارە دەکەن.



# خواردنەوەی شلەمەنییەکان
# بە قامیش و لۆچبوونی دەوری دەم

ئایا خواردنەوەی شلەمەینییەکان بە قامیش (قصب) هاندەرە بۆ دروستبوون و بەرجەستەبوونی لۆچەکانی دەوری دەم؟.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە زیاد بەکارهێنانی قامیش بۆ خواردنەوەی شلەمەنییەکان، هاندەرە بۆ لۆچبوونی لێو و پێستی دەوری دەم کە بە لۆچیی قامیش Straw wrinkles ناسراوە، باس لەمەش کراوە کە لەکاتی هەڵمژینی شلە بە قامیش، لێوەکان بە توندی وێك دەهێنرێنەوە، ئەم جووڵەیە کە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە هۆکارە بۆ تێکشکانی پرۆتینی کۆلاجین Collagen لە پێستی دەوری دەمدا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هێڵ و قووڵایی، کە بناغەن بۆ لۆچبوونی پێست و لێوەکان. لە تەمەنی گەنجێتیدا، لێوەکان پتەو و بەهێزن و پڕن لە پرۆتینی کۆلاجین کە توانای لاستیکیی زۆر بە لێوەکان دەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ بەتەمەنداچوون پتەویی لێوەکان کەم دەبێتەوە و شل و تەنك دەبنەوە، لێرەدا زیاد وێکهێنانەوەیان بە بەکارهێنانی قامیش بۆ خواردنەوەی شلەمەنییەکان زیاتر هاندەرە بۆ دروستبوونی لۆچیی لێو و پێستی دەوری دەم، ئەمەش ڕوونکراوەتەوە کە ئافرەت زیاتر لە پیاو ڕووبەڕووی لۆچبوونی لێو و پێستی دەوری دەم دەبێتەوە، هەروەها زیاتر تووشی ئافرەتانی سپی پێست دەبێتەوە، ئەگەرچی بۆماوە ڕۆڵی لە مەسەلەکەدا هەیە، بەڵام جگە لە بەکارهێنانی قامیش بۆ خواردنەوەی شلەمەنییەکان، جگەرەکێشان، بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، خۆراکی نارێك و ناهاوسەنگ، ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی هۆکاری هاندەری دیکەن بۆ لۆچبوونی لێو و پێستی دەوری دەم.



## بەم هەن...

شێرپەنجە Cancer بریتییە لە گەشەکردنی کۆنترۆڵنەکراوی خانەکانی لەش و بڵاوبوونەوەیان بۆ بەشەکانی دیکەی لەش، شێرپەنجە لەوانەیە کە لە هەر بەشێکی لەشدا ڕوو بدات لەوکاتەی کە لەش لە تریلیۆنان خانە پێك هاتووە. دەتوانرێت کە تەنیا بە گۆڕینی ستایلی ژیان و چەند هەنگاوێك خۆمان لە زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنحە بپارێزین وەکو: دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان لەوکاتەی کە کێشانی تووتن



## چۆنیەتی دابەزاندنی تا؟

دابەزاندنی تا یان پلەی گەرمیی بەرزی لەش Fever لەوانەیە کە ئاسان نەبێت و نەتوانرێت ئاوا بە خێرایی ئەنجام بدرێت. کە لەش بەرەنگاری هەوکردن دەبێتەوە، ئەوا ماوەیەکی کاتی پێویستە تاوەکو ئاسایی ببێنەوە، هەنگاوە دروستەکانی دابەزاندنی پلەی گەرمیی بەرزی لەش ئەمانەن:

- خواردنەوەی بڕی باشی ئاو یان هەر شلەمەنییەکی تەندروستییانەی دیکە بە مەبەستی ڕێگرتن لە کەمبوونەوە شلەی لەش Dehydration کە نیشانەکانی بریتین لە: تێنووبوون، هەستکردن بە ماندووبوون، وشکبوونی دەم، لەگەڵ هەستکردن بە سووکبوونی سەر.
- فشارلەخۆنەکردن بۆ خواردن بەتایبەتی لەکاتی هەستکردن بەوەی کە خواردن دەبێتە ئەگەری ناڕەحەتیی گەدە و هێڵنج هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، بەهەرحاڵ دەتوانرێت کە شیرەی سرووشتی میوە یان کەمێك شۆربا بخورێت.
- خۆفێنککردنەوە بەتایبەتی لەکاتی بوونی لەرزوتا Chills، بۆنموونە بە وەرگرتنی دوشێکی شلەتێن، بەکارهێنانی پانکە، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوە Humidifier بۆ زیادکردنی ڕێژەی شێداریی ناوماڵ، بەکارهێنانی کەمادەی نیمچە سارد بۆ مل، نێوچەوان، بن کەوشەکان، لەگەڵ دەست و پێیەکان، دوورکەوتنەوە لە خۆداپۆشین بە بەتانی گەرم، هەروەها دوورکەوتنەوە لە دوشی زۆر سارد و کەمادەی ئەلکهولی.
- تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ حەسانەوە و خەو کە هاندەرن بۆ بەهێزبوونی سیستمی بەرگریی لەش.
- بەکارهێنانی دەرمانی دابەزاندنی پلەی گەرمیی لەش بە ڕێنمایی دکتۆر وەکو پاراسیتۆڵ، بروفین، یان ئەسپرین کە پێویستە تەنیا بۆ پیگەیشتووان بەکاربێت، بە مانایەکی دی نابێت ئەسپرین بۆ منداڵ و نەوجەوانان بۆ هیچ مەبەستێك بەکار بهێنرێت.

## ــــــــگاوانە خۆت لە شێرپەنجە بپارێزە

بە هەموو شێوەکان هۆکارە بۆ نزیکەی ٢٠-٣٠٪ی هەموو حاڵەتەکانی شێرپەنجە و ٨٠٪ی شێرپەنجەی سییەکان، بەکارهێنانی دژەهەتاو Sunscreen بۆ پاراستنی پێست لە شێرپەنجە، کە فاکتەری پاراستن لە خۆر SPF تیایدا ١٥ و بەسەرەوە نەبێت، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کەمکردنەوەی خواردنی گۆشتی سوور و خۆراکی پرۆسێسکراو Processed foods، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی ڕۆژانە بەلای کەم بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ خولەك، جۆراوجۆرکردنی خۆراك و زیادکردنی بڕی سەوزە و میوەی ڕەنگاوڕەنگ، بەکارهێنانی ڤاکسینی دژە بالوکە HPV vaccine، ئەگەرچی ئەم بالوکانە زۆر جار لەخۆیانەوە چاك دەبنەوە، بەڵام هەندێك جار پەرەدەسەنن بۆ شێرپەنجە، بۆیە وەرگرتنی ڤاکسین پێویست دەکات.



# ئازاری گشتیی ماسوولکە

ئازاری گشتیی ماسوولکە Fibromyalgia بریتییە لە ئازاری درێژخایەن کە نزیکەی هەموو پەیکەرەماسوولکەکانی لەش دەگرێتەوە و لەوانەیە کە هاوکات بێت لەگەڵ: سەرئێشە، سەرسووڕان، زوو بیرچوونەوە، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، نارەحەتیی دەروونی کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری پەستی یان خەمۆکی، خەوزڕان، گرژبوونی ماسوولکەکان، سخبوونی جومگەکان و هەستکردن بە ماندووبوون یان هیلاکیی فیزیکی بەتایبەتی پاش لەخەوهەڵسان لەگەڵ گرفت لە نووستندا. ئازارەکە لەوانەیە کە سووك یان توند بێت، هەروەها لەخۆیەوە کەم و زیاد دەکات یان دێت و دەڕوات، لەوانەشە هاوکات بێت لەگەڵ تەزین یان سڕبوونی قۆڵ و قاچەکان. ئەگەرچی هۆکاری ئازاری گشتیی ماسوولکە بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام پسپۆرانی ڕۆماتیزم چەند هۆکارێکی هاندەریان دەستنیشان کردووە وەکو: گۆڕانی هۆرمۆنی، گۆڕانی کەشوهەوا، سترێس Stress، بەسەرهاتی گەورەی فیزکی یان دەروونی وەکو کارەساتی هاتووچۆ، گرفتەکانی کۆئەندامی دەمار، هەوکردنی بەستەرەکان یان جومگەی بڕبڕەکانی پشت، کەمیی کانزای مەگنسیۆم لە لەشدا، هەروەها هۆکاری بۆماوەیی. هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: مەشقی وەرزشی، مەساج، چارەسەری سرووشتی Physiotherapy، دەرمانی دژەئازار و خاوکەرەوەی ماسوولکە، هەندێك جاریش دەرمانی ئارامبەخش.



# بەهای خۆراکیی گەنمەشامی

گەنمەشامی Corn تازە و فرێش دەوڵەمەندە بە ریشاڵ، ڤیتامین C، کۆمەڵە ڤیتامینەکانی B، کانزاکانی زینك، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کۆپەر، ئاسن، مەنگەنیز، هەروەها دژەئۆکسانەکانی لیوتین Lutein و زیازانتین Zeaxanthin لە جۆری کارۆتینۆیدەکان Carotenoids کە ڕەنگە زەردەکەی گەنمەشامی پێك دەهێنن و زۆر گرنگن بۆ تەندروستیی چاو. سوودە تەندروستییەکانی گەنمەشامی: هاندانی گەشە، هاندانی زیادبوونی کێشی لەش بۆ ئەو کەسانی کێشیان کەمە، پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی خۆپاراستن لە قەبزی، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، پاراستنی تەندروستیی دڵ، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر، باشترکردنی تەندروستیی پێست، هەروەها پاراستنی تەندروستیی چاو و باشترکردنی کرداری بینین، بەتایبەتی لە تاریکیدا. پێویستە ئەمەش لە یاد نەکرێت کە زیاد خواردنی گەنمەشامی بۆ کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە گونجاو نییە لەبەر ڕێژە بەرزەکەی کاربۆهیدرات بە شێوەی نیشاستە، کە ڕێژەکەی لە گەنمەشامیی وشکدا دەگاتە ٧٥٪.



# زەیتی ماسی بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ

زەیتی ماسی Fish oil کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣ پێك هاتووە، بە شێوەی کەپسوول لەبەردەستدایە. زەیتی ماسی سوودی تەندروستیی زۆری هەیە وەکو: کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، دابەزاندنی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، پاراستنی تەندروستیی دڵ، خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی وشکبوونی چاوەکان، پاراستنی تەندروستیی سییەکان، هەروەها پاراستنی تەندروستیی مێشك. لەش لەتوانایدا نییە کە ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣ دروست بکات، بۆیە پێویستە کە لە خۆراك یان بە شێوەی کەپسوول دابین بکرێن، بۆنموونە خواردنی ماسیی سالمۆن، تونە، هێرینگ Herring، ماکارێل Mackerel یان ساردین هەفتانە ٢-٣ جار، یان وەرگرتنی کەپسولی زەیتی ماسی ٧٠٠- ١،٠٠٠ ملگم ڕۆژانە کە ٣٠٠ ملگم ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣ لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە ١٨٠ ملگم ترشە چەوری EPA و ١٢٠ ملگم لە ترشە چەوری DHA. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە بەکارهێنانی کەپسوولی زەیتی ماسی بە ڕێنمایی دکتۆر ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان بە ڕێژەی ١٦٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك بە ڕێژەی ٧٪ کەم دەکاتەوە.



# پایەی فیلم هەڵگرتنەوەی داری سیحری



به داهێنانی مۆبایله زیرەکەکان و بەرزبوونی ئاستی کامێراکانیان، چەند شتی لاوەکی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە بەرهەمهێنران، یەکێك لەوانە، داری تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوەیە. کە وەك گۆچانێکی ئاسن دەچێت و سەرەکەی مۆبایلی لەسەر دادەنرێت و بە هەندێك دوگمە کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەم ستاندانە gimbalیان پێدەگوترێت. یەکێك لە gimbal زیرەکەکان جۆری Flow Insta360 کە خۆی پایەیەکی ستاندارد و زیرەکە. پایەکە لە پاڵ یەك دەخرێتەوەو بەقەد مۆبایلێکی لێدێت و دەکرێت لە گیرفانیش بخرێت. هەر لە خودی گیمباڵەکەدا سێ پایە هەیە و وەك ستاندێك مۆبایلی لەسەر دادەندرێ. گێمباڵی ناوبراو زیاتر لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن دەگونجێت و بە هۆی موگناتیسەوە مۆبایلەکەی لەگەڵ پەیوەند دەدرێت، شەحن دەبێتەوە و هەتا ٢٠ کاتژمێر فیلم هەڵگرتنەوە شەحنی دانابەزێت. خاڵی جێگای سەرنجی لەو گێمباڵەدا ئەوەیە کە دیمەنە جوڵەدارەکە دەناسێت و خۆکار بە دوای ئەودا دەگەڕێت. بۆ نموونە کاتێك ڕادەکەی یا بۆ شوێنێك دەڕۆی یا دیمەنەکە جوڵەی هەیە ئەوە خۆکار گێمباڵەکە مۆبایلەکە دەسووڕێنێت. تەنیا سێ دوگمەشی هەیە و بە ئاسانی سوودی لێوەردەگیرێت.



## کامێرایەکی تایبەت بە یوتیوبەرەکان

ئەوانەی کاری یوتیوبەری دەکەن و بابەتەکانیان ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا یا لە کەناڵی یوتیوب بڵاودەکەنەوە، پێویستیان بە کامێرایەکە کە سلفی فیلم هەڵبگرێتەوە و هەروەها بچووکیش بێت بۆ ئەوە بێت لە هەموو شوێنێك بەکارهێنەرکەی لەگەڵ خۆی ببات.

کۆمپانیای canon کە یەکێکە لە ناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کامێرا، کامێرایەکی بەرهەمهێناوە کە بە جۆری PowerShot V10 ناسراوەو تایبەتە بە یوتیوبەرەکان. ئەم کامێرا بچووکە کە ستایلەکەی جیاوازە بە کوالیتی K4 وێنە فیلم هەڵدەگرێتەوە. کامێراکە شاشەیەکی بچووکی ٢ ئینجی هەیە و دەسووڕێت بە چوار دەوری خۆیدا. کوالیتی وێنەکانی ٢٠ میگاپیکسلە، بەڵام فیلم هەڵگرتنەوەی زۆر بەرزە K4ە. کێشی کامێراکە زۆر کەمە تەنیا ٢١١ گرامە. کامێراکە دژە لەرزینە و دەکرێت وەك کامێرای وێبیش بۆ پەیوەندییەکان سوودی لێوەربگیردرێت.

# وەرزش کردن بە واقیعی بەڵام لە جیهانی مەجازیدا



لەداهاتوویەکی نە زۆر دووردا میتاڤیرس metaverse گشتگیر دەبێ و جیهان دەتەنێتەوە. ئەوکات ئەوەی نیازتە بە واقیعی هەتبێت لە جیهانی مەجازیدا پێیدەگەی. بۆ نموونە ئامێری Virtuix Omni One کە پێکهاتووە لە ئامێرێکی رازکردنی وەرزشی و هێدستێکی واقیعی- مەجازی.

کاتێك هێدسێتەکە لەسەر دەکەی، هەر یارییەك یان هەر وەرزشێك حەزی لێدەکەی دەتوانی هەڵیبژێری و دەتوانی وا بنوێنی کە لە مەیدانێکی گەورەدا خەریکی راکردنی، تەنانەت پێشبەرکێ دەکەی کە یەکەم بێیەوە. دەتوانی یاری پازدان، راکردن و تۆپی باسکە. تێنس.. و دەیان یاری دیکەش بە شێوەی واقیعی- مەجازی ئەنجام بدەی. کە چوویە سەر ئامێرەکە بە قایشێك خۆت دەبەستیەوە تا نەکەوی.

کێشی ئامێرەکە پەنجا کیلۆیە و بۆیە دەبێت شوێنی تایبەتی بۆ دابندرێ، رووبەرەکەی مەترێك زیاترە. کاتی وەرزشکردن بەو ئامێرە هەست بە ماندووبوون ناکەی، تەنانەت رێژەی ئەو وزەیە سووتاندووتە واتە کالۆری نیشان دەدات.




# ڕیکۆردەرێک دەنگ دەکاتەوە دەق

ڕیکۆردەر (مسجل) یا دەنگ هەڵگرەوە، ساڵیانی ساڵ وەك ئامێرێکی گرنگ بۆ گوێگرتن و تۆمارکردنی گۆرانی سوودی لێوەردەگیرا. کاتێك جیهانی دیجیتالی پەرەی سەند، ئیدی ڕیکۆردەرەکان بوون بە ئەرشیف.

لەو سەردەمەدا جارێکی دیکە ڕیکۆرد بە ستایل و کاراییەکی دیکەوە بەرهەم هاتنەوە. یەکێك لەو ڕیکۆردە نوێیانە کە ستایلەکەی جیاوازە و ڕیکۆدەری جۆری TP-7ە کە لەلایەن گەنجێکی سوئیدیەوە بەرهەم هێنراوە. ئەم ڕیکۆردەرە شێوازەکەی زۆر وەك ئامێری گرامافۆن دەچێت. چوار مایکی تێدایە دەنگ بە کوالیتی بەرز تۆمار دەکات، ڕیکۆردەرەکە بەهۆی سیستەمی وای-فای و بلوتوس لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، هەر لەوکاتەدا کە دەنگ تۆمار دەکات و دەنگەکە بۆ مۆبایل بەرێ دەکات و خاڵی جێگای سەرنج لەو ڕیکۆردەرەدا ئەوەیە دەنگەکە دەکاتەوە دەقی نووسین، ئەوەش کارئاسانییەکی زۆر دەکات بۆ ئەوانەی کاری پەیامنێری و ڕۆژنامەنووسی دەکەن. توانای تۆمارکردنی یەکجار زۆرە چونکە میمۆرییەکی ١٢٨ گیگابایتی لەسەرە.



## سپلیت بە ملتەوە

ئەو ئامێرەی  کە وێنەکەی دەبینن هیدفۆن نییە بۆ گوێگرتن لە گۆرانی، بەڵکو سپلیتێکە هەوای سارد بۆ مل و گەردنی بەکارهێنەرەکەی دێنێت و فێنکی دەکاتەوە. ئامێری Coolify2 لە یەك چرکەدا گەرمای جەستەی بەکارهێنەرەکەی دەگەیەنێتە ٢٧ پلە و دەستبەجێ هەست بە فینکایی دەکا. چوار شوێنی هەیە بۆ هاتنی هەوای فێنك و دوو پانکەی هەیە. کاتێك بەتەواوی شەحن دەبێتەوە هەتا ٢٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت، ئەگەر تەنیا پانکەی بەکار بێنی، بەڵام ئەگەر نیازت هەبێ سپلیت و فێنك کەرەوەش پێبکەی وزەکەی تەنیا ٢ کاتژمێر دەخایەنێ. لە شاشەیەکی lEDدا تەمەنی باترییەکەی نیشان دەدات. ئەو ئامێرە لە وەرزی زستانیشدا هەوای گەرم بۆ بەکارهێنەرەکەی دێنێت و گەرمی دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات چۆن بتوانم سوود لە زیرەکی دەستکرد وەربگرم؟ بەتایبەت بتوانم وێنەی پێبکێشمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز زیرەکی دەستکرد جارێ زۆر سەرەتایە و هەتا ئێستا ڤێرژنی ٤ی بڵاوبۆتەوە، ئەم ڤێرژنە بەشێکی لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە کراوە و ئەویش جارێ بێ بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی خستۆتە بەردەستی بەکارهێنەرانی. بۆ ئەوەی سوود لە زیرەکی دەستکرد وەربگری، سەرەتا دەبێت هەژمارێکی مایکرۆسۆفتت هەبێ جا لە Hotmail بێت یا لە Outlook، بکەیەوە و بۆ سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد حەتمەن دەبێت لە وێبگەڕی Microsoft Edge سوود وەربگری، ئەگینا بە گوگل کرۆم و فایرفۆکس تەنیا بەشی چاتکردنەکەت بۆ ئەکتیڤ دەبێت.

# زیرەکیی دەستکرد گەیشتە پێڵاویش

زیرەکی دەستکرد دەچێتە ناو قوڵایی هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانمانەوە، تەنانەت پێڵاویش!

پێڵاوی Moonwalker پێڵاوێکە لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە خێرایی بەکارهێنەرەکەی ٢٥٠٪ زیاتر دەکات. کۆمپانیایەکی ئەمەریکی کە چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت دایە ئەم پێڵاوەی بەرهەمهێناوە. گۆڤاری تایم ئەم پێڵاوەی وەك خێراترین پێڵاوی دونیا ناساندووە.ئەم خێراییە لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوەیە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە پێڵاوی ناوبراو چ پەیوەندی بە زیرەکی دەستکردەوەیە؟! زیرەکی دەستکرد وا دەکات کەسەکە خێراییەکەی زیاتر بێت و هەروەها شارەزای جۆری ڕۆیشتنی بەکارهێنەرەکەی دەبێت و لە شوێنی ناخۆش و لێژ و هەورازدا ئاگاداری دەکاتەوە.

سیستەمی کۆنترۆڵکردنی زۆر سروشتییە، بەکارهێنەر کە خێرا بڕوا، پێڵاوەکەش هەنگاوەکانی خێرا دەکات و کاتێك خێرایی دادەبەزێنێ ئەویش خێراییەکەی کەم دەکاتەوە. ژێرەوەی پێڵاوەکە لە هەشت تایە پێکهاتووە، ئەوەش وا دەکات لە شوێنی بەردەڵێن و زیخیشدا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات.

پێڵاوی ناوبراو دەتوانێت هەتا سەد کیلۆ کێش هەڵبگرێت. خێراییەکەی دەکاتە ١١ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. بە کاتژمیر و نیوێك شەحن بەتەواوی شەحن دەبێتەوە و هەتا هەشت کیلۆمەتریش شەحنی دانابەزێت.







# سینەما دێتە ناو چاویلەکانمان

دونیای ئەم سەردەمە بۆتە دونیای خەیاڵە زانستییەکان، ئەوانەی بە فیلم دەماندیتن ئێستا بە ڕاستەقینە لەبەردەمانن. کێ بیری دەکردەوە ڕۆژێک سینەمایەکی مەزن ئەوەندە بچووک بێتەوە لە جامی چاویلکەدا جێگای بێتەوە.

چاویلکەی جۆری AR Rokid لە چاویلکە سمارتەکانە، بەرهەمی کۆمپانیایەکە کە نیازی هەیە پەیوەندی نێوان مرۆ و کۆمپیوتەر لێک نزیکتر بکاتەوە. ئەم چاویلکەیە کاتێک لە چاوی دەکەی وەک ئەوە وایە لە سینەمایەکی گەورە دانیشتبی و سەیری شاشەیەکی ٢١٥ ئینجی لە مەودای ٦ مەترییەوە بکەی. لەسەر ئەم شاشەیە دەکرێ ماڵپەڕەکان بکەیەوە و هەروەها گەیم بکەی. کێشی چاویلکەی ناوبراو تەنیا ٧٥ گرامە و دەنوشتێتەوە.



## ماڵپەڕێکی تایبەت بە وێنەکێشانەوە بە زیرەکی دەستکرد

زیرەکی دەستکرد هەموو شتێك دەتەنێتەوە، گۆڕانکارییەکی وا دێنێتە گۆڕێ کە ڕەنگە سبەی مرۆڤایەتی لەبری ئەوەی سوودی پێبگا، تووشی زیان بێت. هەرچەندە ئێستا سەرەتاکەیەتی کەچی نیشانەکانی بەباشی هەست پێدەکرێن. بۆ نموونە ماڵپەڕی www.midjourney.com کە تایبەتە بە وێنە و کاریکاتێر کێشانەوە بە یارمەتی زەینی دەستکرد. هەر ئەوەندە بەسە کە چەند دێڕێکی بۆ بنووسی و مەبەستەکەی خۆتی بۆ دەرببڕی، ئیدی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا دەست دەکات بە کێشانەوەی وێنەیەك لەو مەبەستی بۆت دەربڕیوە. بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەو ماڵپەڕە دەبێت لە Discord هەژمارێکی تایبەتیت کردبێتەوە. ماڵپەڕی ئاماژە پێکراو لە ساڵی ٢٠٢٣دا لە یزی باشترین بژاردەکان دێت.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستن و ریزبەندی فایلی موزیک

ئەمڕۆ کەم کەس هەیە لەسەر هاردی کۆمپیوتەرەکەیدا سەدان فایلی گۆرانی و مۆسیقای لەسەر نەبێ، مەگەر ئەو کەسە زەوقی بە مۆسیقا و گۆرانی نەیەت. هەندێك کەس هەیە ئەوەندەی فایلی گۆرانی لەسەر کۆمپیوتەر داناوە کە ڕێکخستن و ریزبەندی کردنیان زۆر دژوارە، چونکە هەر کامەی لە شوێنێك داناوە و هەر گۆرانییەی لە مەلەفێك دایە.

پرۆگرامی Helium Music Manager یەکێك لەو پرۆگرامە گرنگانەیە بۆ ڕێکخستن و ریزبەندیکردنی فایلەکانی تایبەت بە گۆرانی و موزیك. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و بەکارهێنەر دەتوانێت لە نێوان هەزاران فایلی گۆرانیدا، گۆرانی مەبەستی خۆی بە چرکەیەك بدۆزێتەوە. پرۆگرامەکە توانای کۆپیکردنی فایلەکانی بۆ سەر DVD هەیە. پرۆگرامەکە لیستی گۆرانییەکان لەخۆیدا رادەگرێ و ئەگەر کۆمپیوتەرەکە تێك بچێت دیسان بە ئاسانی بتوانی فایلەکان بدۆزیەوە، پشتیوانی لە هەموو جۆرە فۆرماتێك دەکا.





# ڕێنماییەکانی پاراستن و بەهێزبوونی قژ

چەند نەریتێکی ئاسایی و ڕۆژانە زیان بە قژت دەگەیەنن، لە ڕێگەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی پسپۆرانی ماکیاژ و قژ، ئاگاداری خانمان دەکرێنەوە کە ئەو کارانە نەکەن، سەرەتا: هەرگیز نابێت قژت بە تەڕی ببەستیت، هەروەها بە توندی ڕایمەکێشە کاتێك قژت تەڕە، چونکە لەو کاتە قژ لەوپەڕی توند و تۆڵیدایە، کاتێك پرچیشت دەبەستی، ئیدی پاڵەپستۆ لەسەر ڕەگی مووەکان زیاتر دەبێت و پرچت هەڵدەوەرێنێت، ئەگەر هەر پێویستت بوو پرچت ببەستی کە تەڕە، دەتوانی تاڵەکان لە یەکتر جیا بکەیتەوە، پاشان وەك لەفێك بە دەوری تاڵە مووەکانی دیکەدا بیپێچە و ببەستە، واچاکە دوای هەر بەستنێك، تاڵە پرچێك بهێڵیتەوە و لە دەوروبەری ئەو پارچە بەستراوەی کۆ بکەیتەوە، واتە داو داوی جیا هەبێت و هەمووی بەیەکەوە مەبەستە، چاکترە بەشی دواوەی پرچت بەرەو پێشەوە بهێنیتەوە و پاشان لەگەڵ پرچی پێشەوەی سەر تێکەڵیان بکەیت و ببەستیت، تا بەشی دواوە ئەزیەتی پێ نەگات، ئەگەر ویستت ناسك و جوان و سەرنجڕاکێش بیت، پرچت بەلایەکی سەرتدا لابدە و ئینجا بیبەستە، با ڕاستەوخۆ لە دواوەی پرچت نەبێت، باوترین مۆدەی پرچ بەستن بریتییە لە شێوازی فەڕەنسی، سەرەتا پرچت لوول بکە و پاشان بیبەستە، ئەو شێوازە پێی دەگوترێت (بەنانی).

# ئەو كەرەستانەی ناوماڵ كە پێویستە بگۆڕدرێن





كەرەستەكانی ناوماڵ دوای بەكارهێنانی زۆر دەبنە مایەی تێكچوون و كۆبوونەوەی بڕێكی زۆر لە پیسی و ڤایرۆس و چڵك، بەم چەشنەش خانمان پێویستە ئاگاداری ماوەی بەكارهێنان و ئاستی تێكچوونیان و بێسوودیی كەرەستەكانیان بزانن، نەوەك بۆ ماوەیەكی زۆر بەكاری بهێنن و لە جێگەی سوود زیانی زیاتر بێت. ڕەنگە ئاگاداریش نەبیت كە كەرەستە و كەلوپەلەكانت بێسوود دەبن و تۆی خانمیش بەردەوام بەكاری دەهێنیت، بۆ ئەو مەبەستە پسپۆرانی دیكۆر و كەرەستەكان چەند وانەیەكی ئامۆژگاری بۆ زانیاری لەسەر كەرەستەكان دەخەنەڕوو، بەم شێوەیە: ئیسفنجی ژووری چێشت گرنگە مانگانە بگۆڕیت، چونكە دەبێتە هۆی مانەوەی ڤایرۆس و پاشماوەی خواردن و چڵكی دوای پاككردنەوە، ئەگەر لە ژووری گەرماوت پەردە هەبوو، پێویستە سێ بۆ چوار مانگ جارێك بگۆڕدرێت، واچاكە فڵچەكانی پاككردنەوەی ژووری گەرماو و توالێت هەر شەش مانگ جارێ بگۆڕدرێت، هەروەها پارچەكانی دیكە وەك قەنەفەی دانیشتن بۆ ماوەی سێ تا حەوت ساڵ بەپێی كواڵێتی كەرەستەكان بگۆڕدرێت، هەروەها ئامێری خەلات و سووركردنەوە بۆ ماوەیەكی زۆر دەمێننەوە، چەقوەكانیش بۆ ماوەی ساڵێك باشترە بگۆڕدرێت.



# دەستە جلی فەرمی بۆ كاتی دەوام و زانكۆ



دەستە جلی یەكەم بریتییە لە جلی سادە، هەوڵ بدە بۆ كاتی سەركار و دەوام سادەترین جل بپۆشیت، وەك: تەنوورە و پانتۆڵ لە ڕەنگەكانی ڕەساسی، ڕەش، قاوەیی، چونكە ئەو ڕەنگانە نابنە هۆی ڕەنگدانەوە و بەمەش هێندە سەرنجڕاكێش نابیت، ئەگەر حەز بە دەرخستنی جلەكانت دەكەیت، هەوڵ بدە ڕەنگە زەقەكان هەڵبژێرە كە بۆ كچان گونجاوە.

دەستە جلی دووەم: جۆری جلەكەت، بەشێكی دیكە لە مۆدی جلی دەوام و سەر كار، پێویست ناكات جلێكت لەبەر بێت كە خشل و پارچە و لقی زیادی هەبێت، بەڵكو هەوڵ بدە جلێكی شێوازی ڕێك و فەرمی بێت، بۆ نموونە: ئەگەر قەمیست لەبەر كرد، وا چاكە یەخەی هەبێت و لە جلی ڕوونیش دوور بكەوە. شێوازی سێیەمی دەستە جلی كار، جلی نەخشدار، هەوڵ بدە جلەكانت لە ڕووی نەخشەوە هێندە قەرەباڵغ نەبن، بەڵكو سادەیی و ساكاری پێوە دیار بێت، تا بە كەسێكی بچووك دانەنرێ و نەبێتە مایەی شێواندنی كەسایەتیت، بەڵام كچان ئاساییە ئەو جۆرە جلە بپۆشن. دوا مۆدی جلی دەوام بریتییە لە: جلی پیاوان، هەوڵ بدە دوور بكەویتەوە لەو جلانەی كە لە جلی پیاوان دەچن، ئەوەش تا شێوازی ئافرەتانەی خۆت پێوە دیار بێت نەوەك بە پیاو بناسرێت، دوور بكەوە لە جلی فەرمیی پیاوان و چاكێتی درێژ و یەخە بچووك.

## خانمە ئەکتیڤیستی سۆشیال میدیا نیشا خان:

# ئافرەت دەبێ خۆی هەوڵ بۆ ئازادی بدات

**نیشان خان خاوەن پێگە و جەماوەرێکی زۆرە لە سۆشیاڵ میدیادا، تەنیا لە تۆڕی ئینستگرامدا خاوەنی ٣١٩ هەزار فۆلۆیە، کە زیاتر بە وێنەی قەشەنگ و ڤیدیۆی جوان لەسەر ڕۆژانەی ژیان هەوادارانی بە کۆمێنیت و لایکەکان وەڵامی کارە جوانەکانی دەدەنەوە، نیشا وەك کچە کوردێك توانیویەتی بوێرانە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا کاری جوان و ئامۆژگاری بە جەماوەرەکەی بدات، لە گفتوگۆیەکی گوڵاندا وەڵامی چەند پرسێکی دایەوە:**

*** وەك کچە ئەکتیڤیست لە سۆشیال میدیا سەرەتای ناوبانگت چۆن دەرکەوت؟**

- سەرەتای دەرکەوتنم تەنیا بە وێنە و ڤیدیۆکانم لە سناپ بوو، کە توانیم ببمە خاوەنی زۆرترین بینەر و فۆلۆوەر، لە دوای ئەوەی کە کلیپێکم کرد، پاش ئەوەش کلیپێکم دروست کرد لەسەر ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستان، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

*** ئەگەر ئافرەتانان خاوەن کار و بیزنسی خۆیان بن تا چەند سەرکەوتوو دەبن؟**

- سەرکەوتن لە کاردا بەپێی قەناعەتە، نەوەك ئیشکردن و ماندوبوونی زۆر بەڵام بەرهەمت نەبێت، یان قەناعەتت نەبێت سوودی نابێت.

*** چیت تەواو کردووە و بڕوانامەت لە چیدا هەیە؟**

- بڕوانامەم لە بواری نەوتدا هەیە، دەرچووی پەیمانگەی نەفتی هەولێرم، بەڵام کاری دیکەم هەیە و لە بواری کۆمپانیای ماکیاژەوە خەریکی ژیانی ڕۆژانەم.

*** چۆن بوو لە ئەوروپاوە بە یەکجاری گەڕایتەوە بۆ کوردستان؟**

-هەولێر ئارامگەیە و زۆر هۆگرم پێیەوە، شارێکی دڵگیر و خۆشەویستە، چوونە ئەوروپاشم بەهۆی کار بووە نەك بۆ حەزی خۆم.

***بیرۆکەی گۆرانیی شانازیی هەموان لەگەڵ جەلال پەرێشان چۆن هات؟**

- چیرۆکی گۆرانیی شانازیی هەموان، وەك ڕێز و وەفایەك بۆ سەرکردەی خۆشەویست بوو، کە لەکاتی هەڵبژاردن ویستمان پرۆژەیەکی جوان بەرهەم بهێنین، تا بە گۆرانی پەنجە مۆری سەرۆك وەزیران بکەین و وەك ئایندەی گەشی وڵات پیشان بدەین.

*** لە چ بوارێکدا کاری بیزنس دەکەیت و ئایا توانیوتە سەرکەوتوو بیت؟**

- کۆمپانیایەکی خشڵ و کەرەستەکانی میکیاجم هەیە، پێش ئەوەی بێمە ناو سۆشیال میدیا، ئیشم لەسەر دەکرد و توانیم پەرە بە کارەکەم بدەم، لەبەر ئەوە حەز ناکەم ئیشەکەم پیشانی ڕاگەیاندن و سۆشیال بدەم.

*** لە ئەدای کاری کچانی مۆدە و چالاکوانانی ناو سۆشیاڵ میدیا ڕازیت؟**

- بەڵێ هیوادارم کاری ژن ڕوو لە زیاتر بکات و چاوەکانیان زیاتر بکرێنەوە و، بتوانن لە نێو کۆمەڵگەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە کار و پیشەدا بەرچاو بن و خاوەن بیرۆکەی خۆیان بن.

*** چۆن بتوانین ئازادیی زیاتر بە ئافرەتان بدەین تا بتوانن داهێنان بکەن؟**

- ئافرەتان دەبێ خۆیان هەوڵ بۆ ئازادی بدەن، بە دەستهێنانی ئازادی ئاسان نییە، ئافرەتان پێویستە خاوەن کار و ئازادیی خۆیان بن، چونکە دەتوانن کاری جوان و داهێنان لە ژیان بکەن.

*** ئایا ئافرەتان لە کوردستان لە چ ئاستێکی کۆمەڵگەدا دەبینیتەوە؟**

- زۆر لێهاتوون، نازدار و تێگەیشتوون، پەرە بە خۆیان دەدەن و توانیویانە چەندین ئاستی پلەدار و بەرز بەدەستبهێنن، داهاتووی گەش بۆ خانمانی کوردستان دەبینم.

*** جیاوازیی نێوان ژیانی کوردستان و ئەوروپا چییە؟**

جیاوازییەکە بەس لە خۆشەویستیدا دەبینم، خۆشەویستی بۆ کوردستان زۆر زیاترە لە وڵاتانی دیکە، چونکە وڵاتی خۆمم خۆشتر دەوێ، لێرە هەست بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکەم.



# کەشتیە بێ خاوەنەکەی ماڵی دێوەکان



ماوەی (١٠٧) ساڵە کەشتییەکی بەریتانی بەناوی (گوندیلا) لە یەکێك لە دەریاچە گەورەکانی ئەمریکای باکوور ژێر ئاو کەوتووە و هەر لەوێشدا ماوەتەوە، ئەو کەشتییە بە تەیتانیکی بچووك دەناسرێت، حکومەتی بەریتانیا ئاشکرای کردبوو کە شتێکی هێندە گرنگ لە نێو ئەو کەشتییەدا نییە تا دەریبهێنن، ئەو کەشتییە بە نزمی (٢٧٠) پێی واتە (٨٢) مەتر ژێر ئاو کەوتووە، بۆ گرنگیی ئەو بابەتە کچە وێنەگرێکی ئەمریکی بە ناوی (کاگان شۆت)ـە توانی بگاتە ئەو کەشتییە و چەندین وێنەی سەیر و سەرنجڕاکێشی بگرێت، درێژی ئەو کەشتییە دەگاتە (٧٠) مەتر، وێنەکانی ئەو وێنەگرە هێندە سەیرە کە وەك ئەوەیە ئەو کەشتییە بووەتە ماڵی شەبەحەکان، تەواوی کەرەستەکان ماوەتەوە و تەنیا تەنێکی ژەنگاوییە و ئاوی لەسەر نیشتووە، ئەو کەشتییە لە ئوسکەتلەندا دروست کراوە و لە ئەمریکای باشوور ژێر ئاو کەوتووە.

# تۆپەشوشە-«Rawlemon»ی وزەی خۆر



تۆپی شووشەی «ڕاولێمۆن»، بریتییە لە پرۆژەیەکی زانستیی سەیر، کە کار لە بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر دەکات، بە جۆرێك لەو کاتانەی کە وزی خۆر لەبەر هەور و خۆڵبارین و باران لاواز دەبێت یان ناگات بە خانەکان، چارەسەر ئەو تۆپە شووشەیە کە ٣٥٪ کاراتر لە پانێڵە خۆرەکان، کە تیایدا تەلارسازێکی ئەڵمانی بەناوی «ئەندری بروسێل» ئامێرێکی بەدواداچوونی کەشوهەوای دروستکرد، کە دەتوانێت چڕبوونەوە و هێزی تیشکی خۆر بۆ ١٠ هەزار جار بەرز بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت تەنانەت ئەگەر کەشوهەوا هەوریش بێت، ئەوەندە کاریگەرە کە دەتوانێت وزە لە مانگەوە کۆبکاتەوە.



## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە گەشبین و دڵیان پڕ هەستی ئەرێنییە، وادەکەن کار لە کەسانی دیکە بکەن کە خەمۆکن و بەرەو لایەنی گەشبینی و پۆزەتیڤیان ببات.

## گەورەترین ئێسکە پەیکەری ڕاستەقینە




ئێسکە پەیکەری زەبەلاحێك
کە بەرزییەکەی نزیکەی ٢٤ مەتر بوو
لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری ناپۆلی دۆزرایەوە،
ئێسکی پیاوێکە کە لە سەردەمی پێش مێژوودا ژیاوە و باڵای نزیکەی ٢٤ مەتر بووە، لە هۆڵی سالا دێلا مێریدیانا لە مۆزەخانەی شوێنەواری ناپۆلی لە ساڵی ١٩٣٨ نمایش کرابوو، کاتێك ستافی شوێنەوارناس (ئەمێدیۆ مایوری) دۆزییانەوە لە نزیك پەرستگای موشتەری لەسەر ئەکرۆپۆلیسی کومای، کە یۆنانییەکان ناوچەی پیرۆزی شارەکەیان لێ داناوە، پاشماوە کە ئێسکی سەرنجڕاکێشی پەیوەست بە کەللەسەر و قۆڵ و ڕانێکەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

بەپێی زانستی زنجیرە و لە دوای یەکی (فیبۆناتچی)، کە لیکۆڵینەوە لە دۆزینەوەی جوانترین ڕووخسارەکان دەکات، دواجار ڕووخساری کچە ئەکتەری ئەمریکی (ئەمبەر هێرد)ی بە جوانترین شاکاری ڕووخساری ئافرەتان ناساندووە.

## یاسا



### دیاری لە ماوەی خوازبێنی

ئایا ئەو دیارییەی لە ماوەی خوازبێنیدا پێشکەش کراوە دەتوانرێت لە دوای هەڵوەشاندنەوەی خوازبێنییەکە وەربگیرێتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە سەیری مادەی ٦١٢ ی یاسای شارستانی ژمارە ٤٠ ی ساڵی ١٩٥١ بکەین، کە دەڵێت:ئەو دیارییانەی لە کاتی خوازبێنیدا لە لایەن یەکێك لە لایەنەکان پێشکەش بەوەی تریان دەکرێت، یان لەلایەن کەسێکی بێگانە پێشکەش بە یەکێکیان یان هەردووکیان بەیەکەوە دەکرێت، ئەگەر خوازبێنییەکە هەڵوەشایەوە و کەسی دیاری بەخش داوای گەڕاندنەوەی کرد، پێویستە بگەڕێندرێتەوە، ئەگەر دیارییەکە مابێت و بکرێت خودی خۆی بگەڕێندرێتەوە.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

دوای ماوەیەکی زۆر ئەو چانسەت دەبێت کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەربەریت، لایەنی داراییت بەرەو باشی دەڕوات و دەتوانیت کار لەسەر ئەو پرۆژانە بکەیت کە ماوەیەکی زۆرە بیری لێ دەکەیتەوە،هەوڵ بدە بەوردی هەنگاو هەڵبگریت.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ژیانی سۆزدارییتدا کاتێکی خۆش و تایبەت بەڕێ دەکەیت، لە لایەنی جەستەییەوە زۆر چالاکیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی کارەکانت بە باشی بڕوات بەڕێوە.، خۆت لە بیرکردنەوەی نەرێنی بپارێزە.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرقاڵی کارەکانی ڕۆژانەیت، پێویستە هەندێك کاتیش بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکەیت، مەترسە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسانی دیکە بکەیت بۆئەوەی پاڵپشتی پرۆژەکانت بکرێت، تەنها با هۆشت لای ئامانجەکەت بێت.



**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت بەهۆی ئەوەی کاتەکانت لەپاڵ کەسە خۆشەویستەکانت بەسەر دەبەیت، بۆ ئەوەی هەست بە پەشیمانی نەکەیت لەلایەنی داراییەوە، هەوڵبدە پارەکانت بە قەرز بە کەسانێك نەدەیت کە متمانەی تەواویان پێ ناکەیت.



**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کاتی ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕاشکاو بیت، پەلە مەکە لەئەوەی بگەیت بە ئامانجەکانت، باشترە هەنگاوی بچووك لەسەر خۆ بنێیت، دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی فشارێکی زۆری دەروونیت لەسەر دروست دەکەن.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەگەر نەتوانیت بە باشی کار بۆ خێزانەکەت بکەیت و یارمەتیدەریان بیت، تووشی گرفت دەبنەوە، کە دواتر توانای کۆنترۆڵکردنی کێشەکانت نامێنێت، ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە هەوڵبدە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانت بەهێز بکەیت، بۆئەوەی لە تەنیایی دوور بکەویتەوە.



## بۆ زانیاریت

### گەردوون ٢٥

چی دەبێت ئەگەر کۆمەڵێك مشکمان هێنا و ژینگەیەکمان بۆ دروست کردن کە لە خۆراك و ئاو شوێنی حەوانەوەی نەبڕاوە پێك هاتبێت، لە تاقیکردنەوەی (گەردوون ٢٥) زانای ئەمریکی (جۆن کالهۆن) وەڵامی دایەوە: جۆن لە ساڵی ١٩٧٠ ئەو بیرۆکەی بۆهات و شوێنێکی بەرفراوانی گەورەی دروست کرد لەگەڵ دابینکردنی ئاو خۆراکی بێسنوور، لەگەڵ چوار جووتی نێرو مێ، بە تێپەڕبوونی کات مشکەکان زاوزێیان کرد تا ئەوەی گەیشتنە ٣١٥ دانە، زاوزێکردنەکە ئەوەندە خێرا بوو تا ئەوەی دوای ماوەیەکی تر گەیشتنە زیاد لە ٦٠٠ مشك بەڵام دوای ئەو زیادبوونە خێرایە شتێك ڕوویدا کە کەس بیری لێ نەئەکردەوە، مشکەکان دەستیان کرد بە کوشتنی یەکتر، دایکە مشکەکان بێچووەکانی خۆیان ئەکوشت سەرەڕاری ئەوەی خواردنی زۆر و بێشومار هەبوو لەگەڵ ئاوی بەردەوام بۆ خواردنەوە، بەڵام مشکەکان یەکتریان دەخوارد و دەکوشت، مشکەکان بووبوون بە چەند کۆمەڵەیەك (کۆمەڵەی لەناوبەر) کە هێرشیان ئەکرد، کۆمەڵەیەکی دی بەبێ هیچ بەرگرییەك ئامادەی مردن بوون واتە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو بۆ هێرشەکان، کۆمەڵەیەکی دیکەش کە بێلایەن بوون و شەڕیان نەدەکرد، تەنیا دوورەپەرێز بوون و هیچی تر (جۆن) ناوی لە مانە نا (کۆمەڵەی جوان) پرۆسەکە بەردەوام بوو، زاوزێکردن وەستا و منداڵەکان لە ناو دەبران تا ئەوەی ڕێژەی لەدایکبوونی مشکی نوێ بۆ ١٠٠٪ دابەزی، واتە هیچ مشکێکی دیکە لەدایك نەبوو، کارەکە بەردەوامیی هەبوو تا ئەوەی مشکەکان کۆتاییان بەیەکتر هێناو هیچ مشکێك ڕزگاری نەبوو. جۆن ئەم کارەی ٢٤ جاری تریش دووبارە کردەوە، بەڵام هەموو جارەکان ئەنجام یەك شت بوو، تەنانەت یەك مشکیش ڕزگاری نەدەبوو، بۆیە تاقیکردنەوەکا ناونرا (گەردوون ٢٥).



## پەند و وتە

ئیریك سیلیگمان فرۆم، سایکۆلۆجستی کۆمەڵایەتی و فەیلەسووفی بواری مرۆڤایەتی، لە ساڵی ١٩٠٠ لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەشداریکردنی بە کۆمەڵ و تەنیا نێرجسی دەڵێت: ئینتیما بۆ کۆمەڵ تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی شانازیی نێرجسیی هەژارانە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا بەردێکی گەورە لە دوورەوە دیارە وەك ئەوەی کە لە هەوادا بێت و بەبێ هیچ شتێك وەستابێت، کەچی فێڵکاریی وێنەکە بەم چەشنە نییە، لە ماوەی ٣٠ چرکەدا فێلکارییەکە بدۆزەوە.



## فیلم

### فیلمێکی دراما و خەڵکینە - You People

فیلمێکی دراما و کۆمەڵایەتییە، باس لە دوو کەسی کەپلی تازە بەیەکگەیشتوو دەکات، کە لەگەڵ خێزانییەکانیان تێکەڵاوییان دەبێت و دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی تازە لە ژیانیاندا، دواتر بەهۆی جیاوازیی بیرکردنەوە و کەلتووریانەوە تووشی چەندین کێشە دەبنەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٨ خولەکە و لە ساڵی ٢٠٢٣ بەرهەم هاتووە، لە دەرهێنانی کینیا باریس، لە نووسینی مارك دورێنك پاوڵ، لە نواندنی: جۆنا هیل، لارین لەندەن، ئیدی مۆرفی، جولیا لویس دریفیۆس، کینیا باریس، دەیڤید دوچۆڤنی.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کار لەسەر ئەو بیرۆکە کۆنانە مەکە کە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا هەتبووە، بەڵکو هەوڵبدە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەردەوامبوونت لەسەر ڕۆتین تووشی بێزاریت دەکات، تەندروستیت جێگیرە و هەوڵ بدە پیادەڕۆیی ئەنجام بدەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هێندە گلەیی لە کەسانی چواردەورت مەکە و ڕەخنە مەگرە، ئەم ماوەیە باشترە خۆت بەدووربگریت لەو کەسانەی هەست دەکەیت کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونت دروست دەکەن، لەلایەنی پیشەییەوە چارەسەر دەدۆزیتەوە بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی سۆزدارییەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی خۆشەویستەکەت مەدە و ئازادیی پێ بدە، لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت لە ژێر چاودێریدایە، باشترە وریا بیت و بەئاگا بیت، تەندروستییەکی باش یارمەتیدەری چالاکیی جەستەیە، خۆت لە خواردنی قورس بەدوور بگرە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


کۆمەڵێك زانیاری نوێت پێدەگات و ئاستی زانیارییەکانت بەرەو باشتر دەڕوات، ئەم ماوەیە خۆت سەرقاڵی کێشەی کەسانی دیکە مەکە و چاوت لەسەر چالاکییەکانی خۆت بێت، چونکە دەرفەتی زێڕین دێتە بەردەمت و پێویستە لەدەستی نەدەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتی ئەوەیە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێیت کە ماوەیەکی زۆرە مێشکی سەرقاڵ کردوویت، لەلایەنی سۆزدارییەوە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانت هەڵبدەرەوە، کێشە خێزانییەکانت نیگەرانیان کردوویت، بەڵام بە زوویی چارەسەریان دەکەیت.


### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ناتوانیت بە ڕاشکاوی ڕا و بۆچوونەکانت بخەیتەڕوو، ئەمەش زیانت پێ دەگەیەنێت ئەگەر گۆڕانکاری ئەنجام نەدەیت، لە شکستەکان مەترسە، دەنا ڕێگر دەبێت لەوەی بە ئامانجەکانی ژیانت بگەیت، کەمێك کاتەکانت لە سرووشتدا بەسەر بەرە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
May 29, 2023 Issue,No.1366


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626